کۆمەڵە چیرۆک

# لە خۆ بێگانە بوون

حمەکەریم عارف



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناوی کتێب: له خۆ بێگانه بوون
بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: حەمە کەریم عارف
تایپ: سروشت رزگار حەساری
چاپی یەکەم: ١٩٩٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانه



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ویێڵستان

بۆنی مێیاتی دێ. ئەم دەڤەرە چۆڵ و هۆڵ، کپ و خامۆش.. ئەم هەموو بۆنە چییە؟! دارو بەرد بۆنی مێیاتی لێ دێ.. دەڵێی لەگەڵ کلو بەفرەکاناو لە ئاسمانێرا بەسەر زەویدا دادەباریێ. بەفرە، دونیا غەرقی بەفرە، نقوم نقوم بووە. تۆ تەماشا تەماشا کلو بەفرەکان لە رەقسینێکی شکۆدارو بەسامدان.

*　　　*　　　*

زۆر بە بەفر قەڵس دەبووم، مەگەر هیچ چارێکم نەبوایە، دەنا لە وەرزی بەفراندا سەری خۆم هەڵدەگرت و دەڕۆیشتم. دەرەڤیم، بۆ کوێ؟! نازانم، هەر چەندە بەفر دەباریێ، ئادەمی بەلەنگازو قەلەندەرو وێڵ و سەرگەردان لەبەر چاوم بەرجەستە دەبێ. دەڵێی تازە لە بەهەشت تڕۆ کراوەو ئاگری جگەر وەدویی حەوای خستووە. توخوا ناهەقمە نەزانم، نا هەقمە بەکەس نەڵێم کیڤە دەچم؟ جا وەرە لەو غوربەتستانەدا تووشی ئادەمی بێ زمان بەو زراوت نەتۆقێ و یەکسەر نەمرێ!.. گەر تا ئێستا هەستت بەم حاڵەتە نەکردووە، ئەوا بۆ ئەمجارەیان گەر تەمەن مەودای دایت و مایت، جوان دیقەت بدەو بزانە کە دنیا چەند کپ و خامۆش و بێدەنگ دەبێ! لە تۆ وایە هەموو کەون پێکەوە و لە یەك ساتدا دەمرێت، کپی و خامۆشی گۆڕستانت بیر دەکەوێتەوە.. بۆ سارد، بۆسارد، کەپوت تەزی دەکات، بۆن ساردی، جەنازە گەمارۆت دەدات.. لە تۆ وایە هەر ئێستا مێردەزمەی ئەجەل دەگاتە سەرت و هەناسەت لەبەر دەبڕێ.. لاڵانەوەو پاڕانەوەتی بە گوێدا ناچێ! نەژنەوە نەژنەو! هیچ دەرفەتێك نادات

بە قوڵایی بیرکردنەوەدا ڕۆچوو بووم، هێدی هێدی، بەڵانەیەکی دڵ پڕو روح سەرگەردان لە سەنگەری سەر چیاکەی دەستی ڕۆژهەڵاتەوە دادەگەڕام، گەییمە حاست تاقەماڵەکەی ئەو سنووره بێ خێوە، ژیان و گوزەران لەوێندەری قوت کردبوونەوە... حاجۆ لە نێو کوخە کەڵەکەچنە دووکەڵاوییەکەیاندا ڕۆنیشتبوو، خۆی دابووە بەر ئاگری سۆپا دارەکەو لە داباریینی لە پەستاو بێ پسانەوەی بەفرەکەی دەڕوانی.. کە چاوی پێم کەوت وەك بڵێی گەشایەوەو تارمایی من بێدەنگییە سامناکەکەی لێی ڕەواندەوە. گازی کردم:

– ئەهای مامۆستا هێروە بێ هێروە... چای حازرە.

لە خوام دەویست دەنگێکی ئادەمیانە ئیدی هی هەر کەسێك بێ، دڕ بەم خامۆشییە قورسە بدات کە نیشتبووە سەر ڕۆحم.

هێدی هێدی، بەڵانەکی دڵپڕو روح سەرگەردان وەرچەرخام، لەبەر زارکی کوخە کە خۆم داتەکاندو، وەژوور کەوتم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حاجۆ، پاش خێرهاتن، چایەکی تری بۆ تێکردم، کلۆ قەندێکم لەدەوم نا. فرێك چای بۆ دوکەڵم بەسەردا کرد. بەدەم هەڵگێڕو داگێڕی قەندەکەی نێو دەممەوە، نیگام ئاوارەی دەرێ کرد. بەفرەکە زۆر سەیر دەهاتە خوارێ.. لەپڕ چاوم بەژنەکەی حاجۆ کەوت. لەدورەوەو بەنێو بەفرەکەداو بەباوەشێ دارەوە روەو کوختەکە دەهات.. دەموچاوی مزر لەتۆ وایە نۆبەرەی ناسکە رێواسی هەوەڵی بەهارێیە: پیاوی ژەمبردەو بێ تووتن هەستی بەتامەکەی دەکرد، چاڵی چەناگەی ئۆخژنی بەدڵو دەرون دەبەخشی. مێیاتیەکی بەگلەو پڕ گانزاندە لەچاوو نیگایدا شەپۆلی دەدا، سمتو کەفەلی لەشەڕواڵێکی پیاوانەدا بەجۆرێ جەڕی بوو، حەزی مردووشی دەئالۆشاند.. بۆنی مێیاتی کەپوو مێشکی پڕ پڕ کردم، مەستی مەست، لەپڕ لەبەر چاوی خەیاڵم بوو بەماینێکی رەشی قەترانی، نەمدەزانی چ بکەم، چۆن بەرگەی ئەو هەموو نێسکەو لەنجەی پڕ مێیاتییە بگرم!

وەرە، بۆ کوێ وادەڕۆی بەوێڵی، ئەدی نازانی نە جوانی، نە مێیاتی تۆ بێ سوار ناکاتە هیچ، چما نازانی سوار مەحەکی مێیاتیو جوانی تۆیە!

کارەساتی هەرە گەورەی مێ ئەوەیە نێر فەرامۆشی بکات، ئاوڕی لێنەداتەوە.. بەهیچی نەزانێ.. وەرە، من دەزانم وێلاو وێڵ کەوتوین، بێ یەککگرتنمان ئەم وێڵستانە ئاوەدانی بەخۆیەوە نادێنێ، نا،.. نا.. ن.. وەرە هەی ماڵ کاول ئەوا منیشت کرد بەئەسپ، دە تەمەشا، تەمە شا، ئەها ئەوەتا، دەتۆ جوان دیقەت بدە، بڕوانە چوار پەلم، تەوێلم، یالو گەردەنم، بڕوانە، تۆ زەین بدە زەین، چ سمکۆلانێکم بەرپا کردوە. بزانە چۆن بەو چاوانەی خۆت ئەسپێکی چەموشی حاویجی هەوسار پچریوی خێو مردو دەبینی کەبێهودە بۆ خێو دەگەڕێ. دە کیژێ لەگەڵ تۆمە، وەرە خۆت بکە بەخێوم، بێ خێوی دەردێکی گەلەك گرانە.. ئادەمی ژارو بەلەنگاز بەرگەی نەگرت!..

کارەساتی هەرە گەورە ئەو دەمانە دەست پێدەکات کەهەست بەبێ خێوی بکەی. خۆ کە ئەرخایەن بویت لەبێ خێوی خۆت، ئەو حەلە ئاسودەتر دەبی، چونکە لەخودی خۆتدا بۆ خێوی خۆت دەگەڕێی. وەرە، بێ مروەتیم لەگەڵ مەکەو خێواداریم بکە!.

*           *           *

دنیا لەبەر سامی بەفرەکە دەلەرزی.. بەخەیاڵ ئافرەتی تاینم ژێر خۆم نا، مەرگی ئەبەدی، لەزەتی ئەبەدی... خواوەندی مێیاتی دەچێتە پێستییەوەو بەهیچ خواوەندێکی نێراتی دانامرکێتەوە.. لەبن لێوانەوەو بەدەم لەرزی لەزەتەوە، کارەساتی مرۆڤ لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کەخواوەندی زندە بەچاڵ کرد، کوشتی.. ئارەزوومەندانە بوو بەیەخسیری خواوەندە گەوجەکان..

دەنگی گوڕ هەڵکەن نەبێ، چ دەنگێکی دی ناژنەوم. وەرە، وەرە، کەزی شۆڕێ، وەرە ئۆباڵی خۆتم مەخە گەردنێ، دنیایەکی پوچو بێ بارە، وەرە با بێ دڵی خۆمان نەکەین، تەمەن پێنج‌ودوو رۆژێکە، وەرە با ئەم لەزەتە مردار نەکەینەوە، وەرە با بەهەڵواسراویو مۆلەقی لەم دەڤەرەدا رەهایی بکەین، رۆژێ دێ راست دەبینەوە، لەم لەزەتە متو مۆلەقەوە رادەبینو ئەم چیرۆکە دەگێڕینەوە.. وەرە با ئەم تۆوە داچێنین، خوا دەزانێ چی لێدێتە بەر، تۆ بڵێی ئەبەدیەت بەلەزەت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبەخشیێ؟! ڕەنگە هەزار، چل هەزار ساڵی دی هەر لەم شوێنەدا، لەپێستی جوتێ کۆترە کێویلکەدا، بەدەم لەزەتەوە ڕاچڵەکێین و ڕابببینەوە.. دە وەرە دەی. دەبا لێکدیدا بتوێینەوەو بەخوڕ داکەینە ناو پزدانی ئەم کەونەوە، لەبنی بنیا خۆ حەشار بدەین، ڕۆژێ دێ هەڵمان دێنێتەوە، چونکە لەزگو زا کۆڵ نادا، لەبێچو هەڵهێنان وەڕز نابێو نابێ، ئێمەش هەنگینێ هەڵدێینەوە، هیچ مەعلوم نییە لەپێستی چیدا هەڵدێینەوە..،..،... کۆترە کێویلکەم، گەر بێ بەنسیب، گەلەك پێ چاكە، وەرە وێلاو وێل کەوتوین، بێ یەکگرتنمان ئەم وێڵستانە ئاوەدانی بەخۆوە نادینێ، نا..

*　　　*　　　*

هێندە بەنەوسنیو تامەزرۆیی لێم دەڕەوانی، ئاگام لەخۆ بڕا بوو، ئافرەتی تاین وەکو تاپۆی بەر زومی کامیرا، لێم نزیك دەبووەوە. لەپڕ دەنگی حاجۆ وەئاگای هێنامەوە:

– مامۆستا یوسف، ئەو خەجێیەت دیتوە؟

تەزویەکم پێدا هات:

– چۆن؟!

– دەڵێم ئەو خەجێیەت دیتوە؟!

– ها! بەڵێ...

– ئەوە تا ئێستا حەوت جاران ڕەدوو کەوتووە.

– چی؟!

لە دڵی خۆدا گوتم (ئەمەیە بووکی هەزار زاوا)

– لەگەڵ حەوت پیاواندا ڕۆییوە.

– ئێ ئاخری؟

– ئاخری وا بەخۆت دەیبینی کە لەکن منە.

– باشە، ئەمە مەعنای چییە؟١

– مەعنای ئەوەیە کەمن لەهەموو ئەوانی دی پیاوترم.

*　　　*　　　*

کەگوێم لەو قسەیە بوو، لەناخدا تەریق بومەوە، هێندە بە خۆدا شکامەوە، هێندە بەخۆدا شکامەوە، نەمزانی چۆن هەستامو چۆن خواحافیزم کرد.

خەجێ، دیسان بوو بەماینێکی ڕەشی بێ نیشان، نەمدەزانی چ بکەم، چۆن بەرگەی ئەو هەموو نێسکەو لەنجەی پڕ مێیاتیە بگرم!

باشە سورەی سەر زل، ئێستا دڵت داکەوت، خۆ دیتت ئەو جوامێرە، چەند بوێرانە لەگەڵ واقیع دا دەژی، چەند ئازایانە گوی دەرخوارد دایت، بۆ بابەل باب خەساندتی. هەی سەخیف، نامەرد،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێ خێر، خوێری، هەر لەقسەی زل زیادت کردووە. تۆ دایمە مایەی شەرمەزاری من بوی، دەفەرمو ئەوە باینە رەشەو لەبەردەستتدایە، دە ئەگەر تیاتا نەشکاوە پڕی بدەیێ! بەلاّم نەخێر تۆ هەر خوێڕیو درۆزن بوی، هەر بۆ بڕین باشی، ئەمن گریو دەکەم تۆ هێندە بێ فەڕی گەربت بڕمو فڕێت بدەمە بەر کسۆکان، بێزیان نایەت بێن بەلاتەوە، نەك هەر ناتخۆن، بگرە بۆنیشت پێوە ناکەن..

ژاوە ژاو مێشکی پڕ کردم:

– مەعنای وایە کەمن لەهەموو ئەوانی دی پیاوترم..

نەمزانی چۆن هەستامو چۆن خواحافیزیم کرد.

بۆن دێ، بۆنی مێیاتی دێ، ئەم دەڤەرە چۆڵو هۆڵ، کپو خامۆش.. ئەم هەموو بۆنە چییە؟! دارو بەرد بۆنی مێیاتی لێ دێ. دەڵێی لەگەڵ کلو بەفرەکاندا، لە ئاسمانێڕا بەسەر زەوی دا دادەبارێ... تۆ تەماشا تەماشا ئەم رەقسینە لە پەستاو بێ پسانەوەیە چ شکۆو سامێکی لەم دەڤەر بێ فەڕەدا بەرپا کردوە!...

١٩٩٥



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# گەڕانەوە

بۆ رازی نازت داوە بەکۆڵی ئەو کورسییە بێ هەست و خوستەدا؟ ئەدی بۆ چاوێك نابریتە منی تەنیاو تۆزقاڵێك تەنیاییم بڕەوێنێتەوە، یان ئەگەر دەتوانی کەوی بکەی!..

وات هەست کرد کە لەپڕ چەخماخەی بزەیەك ئاسمانی چاوە گەشەکانی هاڕوژاند، لێوە ئەستوورە ئارەزوو بزوێنەکەی داچڵەکاند. کەچی تۆی تامەزرۆو تەنیا چاوت داخست!..

لە چ شەرم دەکەی؟ دەسەرێك هەڵبڕە، بڕونێ، ئەها ئەوا هەستا...

تەنیایی مرۆڤ شەرمنیش دەکات... هەر چۆنێك بوو سەرت هەڵبڕی، ئافرەتێکی دەستە باڵا، کەمێك گۆشتن، قژکاڵ، چاوگەش، بەڵام نیگا نەوسنو لەهەمان کاتدا کێوی. دەستە خرپنەکانی لەملی زەلامێك ئاڵاند، قورسایی خۆی خستە سەرشانی ئەو، ناو بەناویش قاچەکانی تێك دەئاڵاند. کە ئەو وای دەکرد، تۆ لەناخدا هاوارت لێ هەڵدەستا: نەکەی کچەتیو، با دەقی نەشکێ! لەگەڵ گوێزانەوەی قاچەکانی دا، نەرمایی سمتی شەپۆلێکی پڕ ئاڵۆشی بەچاو دەبەخشی، لەتۆ وایە شەپۆلێکەو ئاشقێنی لەگەڵ کەناردا دەکات. باسکە نەرمەکانیشی هەمان دیمەنیان دوبارە دەکردەوە. دەیویست یان تۆ وات هەست دەکرد، ماچێکی تامەزرۆی کێوی ئازاد بکات، کەچی زاتی نەدەکرد: زۆر سلۆك بوو. نەهەقی نییە، سلۆکیو کێوێتی هاوتای یەکترن. لەدڵی خۆتدا گوتت: شەرم مەکە، کێوێتی ناخت کەوی بکە، دەمەی گێرەوە، تەماشا بکە.. ئەوەتا هەموو دەورو بەرت بەپۆل پەپولەی ماچ رەها دەکەن. مەیگێڕەوە، غیرەت بەخۆت بدە. نە، نا مەیگێڕەوە.

هێندە بەئاوو تاو ئەو قسانەت دەکرد، لەتۆ وایە ئەو پەپولە ماچانە شوێنی نیشتنەوەیان نییە، تەنیا لێوانی تۆ نەبێ!

چاوەکانیت بەم چەشنە دەخوێندەوە:

شاڵڵا دەساڵ لەمەوبەر دەهاتینە ئێرە، ئێستا ئێمەش...

- دایکە.. کچێ دایکە...

هەی، هەی خۆ ئەوە کوردن! بۆ ناچیت بۆ لایان. دەی هەستە. بەڵکو هەواڵێکی ئەو کوردەواریەت دەست دەکەوێ. بچمە لای چی؟ ئەو هاواری فرزەندەکەی نازنەوێ چ جای منم! نە، کۆڵ مەدە، لەوە پتر باری خۆت قورس مەکە. بەلای کەمەوە بەهەواڵ ولاتەکەت بەسەر بکەوە. بەچی؟! ترحێو!.. دەی وەکو فزوڵییەك بچۆ بەلایانەوە. خۆ تۆ خۆت وون کردوە ون کردووە، بەڵکو بەزمانی لوس تەفرەیان بدەی، لەنیوە شەویشا گڕی ئارەزووەکەت بەژنەکەی بسپێری. جا ئەویش خۆیو شیری. هە.. کورە شەرمە! داناوەشێی، هاوولاتی خۆتن. هاوولاتی؟! وولاتو هاوولاتێتی لێرەدا دەتوێنەوە.. کێ دەڵێ چاوەڕوانی فرۆکە نین تا بگەڕێنەوە. هەر واشە، دەنا بەسێ منداڵەوە چی دەکەن لەم جەنگەڵستانەی ئەوروپا.

ئەو ماچە کلۆڵە هەر رەها نەبوو. وەکو زۆر جاری دی بویت بەدوو کەسو کۆرت گەرم کرد:

- ژیان زندانێکی سەختە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئەدی بۆ خۆت ناکوژیت؟
- پۆلیس نایەڵێت.
- کام پۆلیس؟
- ئەوەی خەڵکی نێویان ناوە هیوا..
- نەخێر هیوا پۆلیس نییە.
- ئەدی چییە؟
- کلیلی کردنەوەی قەلاً سەختەکانی ژیانە.
- بەهر حاڵ..

هەرچەندە لەزەلامەکەت دەروانی نەدەچووە دڵتەوە، جا چی بچێتە دڵتەوە؟! ئاورێکت دایەوە.

بەکامەرانی هاورێت گوت:

- کامۆ ئەو ئافرەتو پیاوەت دیون؟!
- کامە؟
- ئا، ئەو جووتە.
- بەڵێ.. بۆ؟
- لەوە دەچێت کورد بن..
- چوزانی؟
- یەکێك لەو دوو منداڵە، بەکوردی ژنەکەی بانگ دەکرد.
- کێ دەڵێ، منداڵی ئەوانن؟
- ئاخر روی لەمان بوو.
- ئێ چییە؟
- هیچ.. بابە هیچ، ئەدی تۆ گوێت لەبانگ کردنەکەی نەبوو؟
- نەخێر..

پێکەنیت. پێکەنی. هەردوکتان بێدەنگ بوون. لەیەکدی تێگەیشتن.. ویستت بێدەنگییەکە بشڵەقێنی:

- کامۆ؟

راپەڕی.

- ها.
- ئەو زەلامە ناچێتە دڵمەوە.

پێکەنی و

- بۆ ئەمەت کردوە بەخەم؟
- بێکاری.

زەلامەکە، یەکێکی کورتە بنەی چوارشانە بوو. دەمو قەپۆز ئەستور، چاوەکانی تیل..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەفیزێکەوە دەستی خستە سەر شانی ژنەکەو دەستە تێك ئالأوەکەی ترازاند. پشتیان کردە ئێوەو سووك سووك کەوتنە هەنگاونان. لەو دەمەدا پیاوەکە دەستێکی بەسەروی سمتی ئافرەتەکەدا هێناو بەرەو خوار بەرەڵلای کرد. منالێکی بچکۆلانە لەبەردەمیانەوە خۆی دەگەوزاند. هەر رێبوار بوو و تەماشایەکی دەکردو تێدەپەڕی. ئەوانیش وەکو رێبوارەکانی دی بەلایا تێپەڕین، بەلأم ئاوڕدانەوەی ئەمانە لەهی داكو باب دەچوو.

هەستایت. کەوتیتە شوێنیان، کامەران هەستی پێنەکردیت، هەستی چی بکات؟ ئاوارەو دەربەدەرو خەمبارو پەشیمان.. گەیشتیتە ئاستیان.

– ئێوارەتان باش.

ئاورێکی تاساویان لێدایتەوە. غەریب دڵی بە غەریب دەکرێتەوە.

– ئەڕێ بێ زەحمەت ئێوە کوردن؟

– بەڵێ..

– ئەی خێرە وارێتان کەوتۆتە ئێرە؟

– لە دەستی زۆرداری هەلأتووین و.. رووومان کردۆتە ئەم ئەورووپایە.. ئێستاش والێرە گیرمان خواردووە..

– بۆ؟

– ڤیزەی هیچ شوێنێکمان نیە.

– لە کوێوە هاتوون؟

– لە...

– وەکو ئێمە. ئەی باشە بۆ ناگەڕێنەوە؟

– ئەمانە کوژن.

– چۆن؟

– ....

– ئەی کەهاتوون ڤیزەتان نەبووە؟

– نەخێر بەقاچاخ هاتووین، ناشمانەوێ بگەڕێینەوە

– بۆ؟

– دۆزەخە.

– خۆ هەموو جیهان هەر دۆزەخە، ژیان گەڕانە بەدوای دەردی سەریدا.

– ئاخر شوێن تاشوێن ئەهوەنترە.

– ئەدی بەهەشتەکەی لای خۆتان؟

کە وشەی (خۆتان)ت لەزار دەرپەڕی، هەستت بەجۆرە پەشیمانیەکی شەرمامێز کرد.

– کام بەهەشت؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دڵت پڕ بوو. لەناخی خۆتا هەزارو یەك نەفرەتت لێ کردن کەچۆن ئەو بەهەشتە ناناسن؟ بەڵام هەستت کرد درۆ دەکەن‌و خۆیان گێل دەکەن، بۆیە پڕ بەدەم‌و بەدەنگی بەرز گوتت: وڵاتی کوردەواری.

ژنەکە پێکەنی، نەهەقی نیە. چ وڵاتێك هێندەی ناولنگی ئافرەت غوربەتی پیاوی هەمیشە کێوی، ماڵی‌و دەستەمۆ ناکات! پێکەنی.. دوو ریز ددانی ووردی سفتی سەروخوار ختوکەی گشت ئارەزووە نووستووەکانی دایت. خەریك بوو خۆت بیربچێتەوە. بەخۆتدا چوویتەوە، چاوانت فرمێسکیان تێزا، لەو دەمەدا کامەران خۆی گەیاندە لاتان.

- ئەوە چییە کاك سالار؟
- ئەم برادەرانە کوردن‌و گاڵتەیان بەوڵاتی کوردەواری دێ.

کامەران لێوێکی هەڵقورتاندوئەوجا:

- کاکە ئێمەش کوردین.. بەڵام توخوا... ناوی خزمەتت؟
- کەمال.
- باشە کاك کەماڵ بۆ ئەو وڵاتە جوانەتان جێ هێشتوە؟
- کاکە زۆر راستە. بەڵام زەلکاوە زەلکاو..
- ئێ پاکی بکەنەوە.
- بەئێمە پاك ناکرێتەوە.
- دەی سا بێگانەش نایەن پاکی بکەنەوە. هەڵاتنی ئێوە خۆی لەخۆیدا دەستە، قوڕی شەرمەزارییەو گیراوەتەوە.

کەمێك داما. لەتۆ وایە دەڵێ: تۆ سەیری ئەم قەل پیاوە! بابە تەمەنی مرۆڤ لەوەکەمترە بۆ وڵات‌و ئەو شتە قۆڕانەی تەرخان بکەی.. دەتۆ تەمەشا، چەند دەمی گەرمە، لەتۆ وایە سەفیری کوردەوارییە!.. ئەدی تۆ چ دەکەی لێرە؟ ئەجا گوتی:

- من خۆم بەشەرمەزار نازانم.. ئەو قوڕەش بۆ من نییە.
- باشە ئەم منداڵانە. ئەمانە تاوانیان چییە، بۆ بەناهەق لەباوەشی ئەو وڵاتەت گرتونەتەوە. ئاخر سبەی ئەمانە کورد ناناسنەوە.
- هەستت دەکرد دەڵێ: کەر لەکۆێ کەوتوەو کوندە لەکوێ دڕاوە.. من خواخوام بوو جەنازەی ووڵات لە کۆڵی خۆم بکەمەوە، کاکم تازە بەتازە دەیەوێ بیداتەوە بە کوڵم دا.. زۆرم دا بەکۆڵماو.. یاغنیش جارێکی دی ئەو جەنازەیە بۆ هیچ کەسێك نادەم بەکۆڵما...

لەم کاتەدا منداڵەکان لەدەروتان کۆبونەوە. بەتاسەوە گوێیان بۆ رادەدێران.

- هەر ئەم دوو منداڵەتان هەیە؟
- نەخێر سیانن، ئا (گەلە) ئەوە کوا سەرهەنگ؟

دەستێکی دا بەرومەتیا، پشتی تێکردن. بەپەلە کەوتە سوکە لۆقە، ئەو منداڵەی کەخۆی لەعەردەکە دەگەوزاند هی ئەوان بوو. گرتییە باوەش‌و ئەم لاو ئەولای ماچ کرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاتــەوە لای ئێــوە. کامــەران منــداڵی خــۆش دەویــست. خــۆی پێنــەگیرا، دەســتێکی پــڕ ســۆزی بەرومەتیدا هێنا..

– بەبەگیان.. چۆنی؟ ئەگەر لەکۆلانانی کوردەواریدا بگەوزابای چاتر نەبوو؟

بابی هەڵیدایێ:

– نەوەڵلا.

– ئـاخر کـاك کـەماڵ ئەمـە راسـت نییـە. ئەمانـە سـبەینێ کـورد ناناسـنەوە، گـەورە بـن بـێ خـاك دەبن..

– منیش رێك ئەمەم دەوێ..

بێدەنگییــەکی ســەخت بــۆ چــەند چرکەیەك زمــانی قــسەکردنی لــەگۆ خــستن، لەسوچــێکی ئــەم بێدەنگییــەوە خــۆت مــەلاس دابــوو. چــاوێکت لەژنەکــە داگــرت. وەلام بزەیــەك بــوو. لــەدڵی خۆتــا گوتت: دەنگ مەکە، ماڵییە..

هەراسانت لێ هەڵگیرا..

– بۆ نەچینە بارەکە شتێك بخوێنەوە.

– باشە

رۆیــشتن. بارەکــە کــەمێك چــۆڵ بــوو. مێزێکتــان لەسوچــێکا ئــاوەدان کــردەوە. خواردنــەوە هــات. دەستتان پێکرد. هەر مێزەو جیهانێك بوو بۆ خۆی. کــەس، کەســی نەدەناســی: نەشیان دەویست یەکتر بناسن. تــەنیا یــەك شت مێزەکانی یــەك دەخست، ئەویش مــەزەی ماچ بوو کــە.. مێزەکــەی ئێــوە لــەوەش بــێ بــەش بــوو.. تــۆ لەتەنیــشت ئافرەتەکــەوە دانیــشتبووی و دەقــا و دەق روتــان لەمێزەکــەی بەرانبــەر بــوو. کــوڕو کــچێك لەگــەڵ هــەموو فڕێکدا نۆبــەرەی گەرمــە ماچیان بــەدەمی یەکدییەوە دەکرد. ســەرنجێکت گرتــە ئافرەتەکــەی تەنیشتت، ســەیرت کــرد لەگــەڵ گشت دەم لێك بەردانێکی ئەواندا، لێوی خۆی دەلستەوەو تۆزێکی بەدەما دەبرد.. لــەژێر مێزەکەشــەوە جۆلانــەی بەلاقەکانی دەکرد کە نابونییە سەریەك. کارمەران لەگەڵ مێردەکەی ئەودا سەرگەرمی قسان بوو..

– کاك کەماڵ گیان دەزانی ئێرە بەکەڵکی ئێوە نایەت.

– بۆ؟

– کاکە ئێوە دەرقەتی ئەم شارستانیەتە جەنجاڵە نایەن، گەڕانەوەتان زۆر مەسڵەحەت ترە..

– بەیارمەتیت، ئەرێ تەوالێت لە کوێیە؟

کامەران لەگەڵیا چوو، ئێوە مانەوە، لەئافرەتەکەت پرسی:

– ئەو دیمەنەت بەلاوە چۆنە؟

راپەڕی..

– کامە؟!

– ئەو بازاڕی ماچە..

– ...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەزانی ژن‌و مێردش نین!
- ئەیەڕۆ.. چۆن؟
- چاك.. لەم ولاّتانەدا نێرومێ هەركە بالق بون ئیدی ئازادن، زۆرجار بەبێ مارەو تەلاّق پێكەوە دەژین. یان ژن‌و مێردیش بن، ئاساییە لەگەڵ یەكێكی دیدا رابوێرن. زۆر رێزی یەك بگرن لەو كاتانەدا ئەڵقەكانی پەنجەیان دادەكەنن وەكو لای ئێمە نییە، بڕن بەقیری كەوای سپی‌و لێكدی نەبنەوە.. لێرە هەركەس بۆ خۆی دەژی. بۆ ئەو ساتە دەژی كەتیایدایە، وا باشترە وا نییە؟

بزەیەكی هاتێ‌و

- وەڵلاّ چوزانم.. رەنگە..

ئاهێكت پێدا هاتەوە. زۆر بێ پەردە

- بامن و تۆش ئەمشەو شتێ بەشتێك بكەین.
- ..
- چاوی تێ بڕیت. بەتەواوی بۆت لێك نەداریەوە.
- خۆت رابێنە.
- ئەم كوژێت.
- كوشتن؟ خۆ ولاّتی بێ حاكم نییە. پۆلیس چاوی دەردێنێ.ئەویش رادێت..

ئەوان هاتنەوە.. لەبەریان هەستایت.

- فەرموو
- ببورە، دانیشە.
- كەماڵ گیان.. سەرهەنگ میز دەكات.
- سەروپێكتان هەڵداو.. كەمال دەستی راكێشا:
- ئاو دەستەكان لەو لاوەیە.

ئەم هەلەت قۆزتەوە.

- من لەگەڵیان دەچم.
- زەحمەتە قوربان.

هەستان، دەستە خرپنەكانی سەرهەنگتان گرت، ئەویش خنە خن لەنێوان هەردوكتاندا دەڕۆیی.. دڕت بەبێدەنگی یەكە دا:

- دەڵێی چی؟
- ...
- بۆ دەترسیت؟
- ...
- شەرم دەكەیت؟
- نازانم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– گوێ مەدەیێ، ئێستا فێرت دەکەم..

بردنتە بازاڕەکەوە. ئۆتۆمبیلێکی چکۆلەت بۆ کوڕەکەی کڕی. خۆتان گەیاندە سوچێکی بەتاڵ. دەستت خستە سەرشانی، ڕەنگی سور هەڵگەڕا. نەخێر دەمت گەیاندە دەمی. هێندە بەتامەزرۆیی بینت پێوە نا، دەتویست دوا چۆڕی لەزەتی لێ هەڵقوڕێنی. دەمت هەڵگرت. شەرم شکا.

– ئۆخەی، حەزم لەوەکەی..

بەپەلە گەیاندتە ئاودەستی ژنان، خۆتان کرد بەژورا، دوای چەند دەقیقەیەك، دو پارچە کلینکسی شەهوەت مژیو، چاوەڕێی نوکە شەقێك بوون تا بە ونبوونیان بسپێرێ.

* * *

ئێوە گەڕانەوە. ئەوان سەرگەرمی قسان بوون، پێش ئەوەی بگەنەوە سەرمێزەکە، گوێت لە کامەران بوو کە دەیپرسی: باشە کاك کەماڵ خوێنەواریت هەیە؟

– زۆر کەم.

دانیشتن.

– کاك سالار، بۆ وا دواکەوتن؟

گەلە، هاتە وەلام:

– کاك سالار بەزۆر بردینی بۆ بازاڕکەو ئەم ئوتومبیلەی بۆ سەرهەنگ کڕی.

کەماڵ، بزەیەکی کاڵی بەروتاندا دا.

– بۆ ئەو زەحمەتەت کێشا.

کامەران پرسی:

– باشە کاك کەماڵ پارەتان پێیە؟

– کەمێکمان پێیە.

پارەکەی ئێوە بەکامەران بوو. دەستی بەباخەڵیا کرد، بۆیەکەی بانگ کرد، حیسابەکەی دا. هەستان. دوعا خوازیتان لەوان کرد.

– سبەی دەتان بینینەوە.

– باشە، شەوتان باش.

* * *

بەدوو قۆڵی لەسوچێکدا دانیشتن. گیانت خاو بوو بووەوە، لەپڕ گوتت:

– کامۆ؟ دەڵێم بۆ پارەکانمان نەدەین بەو ماڵە؟

– بۆ؟

– من بەتەمام بگەڕێمەوە..

– بەڕاست؟! بیرێکی باشە، منیش لەگەڵت دام.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*           *           *

بەیانی بەشی ڕێگاو وردە خەرجیتان پارە گلدایەوەو ئەوی ترتان برد بۆ کەماڵ. زۆری پێ سەیر بوو.

– ئێمە دەگەڕێینەوە.. ئەم پارەیە بۆ ئێوە باشە، بەتایبەتی کەمنداڵ دارن.

نیگات، لەنیگای پڕ رازی گەلە ئالکا.. ئەوجا گوتت:

– دەگەڕێینەوە..

١٩٨٢



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# دیاریی دایك

دەیویست ئەم سەر بهوردەی خۆی بکا بەچیرۆکێك. لەو رۆژەوە کەبەدزی ژنەکەیەوە داوای کرد بۆ بەغدا نەقڵ بکرێ. یانی لەو رۆژەوە کەسەری خۆی هەڵگرت ئیدی لەهەولەدانی خۆی نەکەوتووە. هەر دەفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێ، هەولێکی لەگەڵ داوە. بەڵام تاکو ئێستا ئەو چیرۆکەی کەخۆی دەیویست بۆ دەستەمۆ نەکراوە. زۆر جار بەفرمێسك هەڵرشتن یان خۆ دواندن تۆڵەی کردۆتەوە.

- ئاخ لەم ژیانە سەخیفە!
- جا بۆ ئاخ؟!
- خۆ بەستنەوە شتێکە هاوتای بەندایەتی، دەست هەڵگرتنە لەبەشێکی خود.
- خۆ بەستنەوە بەچییەوە.
- بەژن.... بەهەر شتێکەوە.
- بەژیانیشەوە؟!.
- بەڵێ.
- بۆ؟
- چونکە ئەویش وابەستەیە.. وابەستەی مەرگە؟

ژیان پرۆسەیەکی ئالۆزی پڕ لەفروفێڵو وابەستەییە، تەنها مەرگ کۆتایی بەهووی دێنێو سەرلەبەری دەسڕێتەوە...

- .. کەواتە ئەم ئاخە گەرمەت بۆ هەڵکێشا؟ ئەدی ئەوە نییە بەخەیاڵی خۆت بەگژ وابەستەییدا چویو...
- ...

بێ تاقەتو کەم حەوسەڵە بوو، تەمەڵی سەری تێژەند بوو. لەو شەوەش بەداوە دەستەمۆی نائومێدیو رەشبینی بوو.. قێزی لەئافرەت دەبووەوە. ئافرەتی بەسەرچاوەی هەموو وابەستەییەك دەزانی.. هەستی دەکرد ژیان بەبێ وابەستەیی مەحاڵە، کەخۆت لەوابەستەییەك رزگار دەکەی هەست بەبۆشاییەکی کوشندە دەکەی، بێ ئەوەی بەخۆت بزانی رەدوی وابەستەییەکی دی دەکەویو دەتەوێ ئەو بۆشاییەی پێ پڕ بکەیتەوە.

سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، هێشتا زوو بوو. هەستا، خۆی گۆڕیو لەماڵ وەدەرکەوت، ماتو بێدەنگ بەکۆڵانە تەنگە بەرەکەدا نشێو بووەوە.

کارەبا کوژا بووەوە. مەگەر لێرەو لەوێ تروسکەی لەرزۆکی مۆمێك بەدی کرا با. تاپۆو سایەی خانووەکان لەو تاریکی یەدا درێژتر دەهاتنە بەرچاو. سەگێك لەدوورڕا دەیلوراند.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هێندەی دی هەستی بەنامۆیی کرد. ناو بەناو شنەبایەکی هەڵدەکرد. چەند گەڵایەکی خەزان هەڵدەوەرین و بەدەم سەماوە بۆ ساتێ لەسەر شانو ملی ئەم دەهێورین و پاشان بۆ ژێر پێی سەرەوخوار دەبونەوەو مت دەبون و لەوابەستەیی رزگار دەبوون. لەبەر خۆوە گوتی: وەك چۆن گەڵای درەخت رەدوی بای پایز دەکەوێ، ئاوا لێکدی جودا بوینەوە.
بەدەم گەڕانەوەوە.. پێی رێ داناگرێ. کێوە بچی؟! بەدەم گەڕانەوەوە:.. دەمێکە، بۆ ١٦-١٧ ساڵێك دەچێ. تەمەنێکە. کەرۆیی ناو قەدی تەواو ئەستور بوو بوو.. نەهەقی نەبوو، رەنگە هەستی بەوە کرد بووبێ کەمن هەوڵی خۆم دزینەوەم دەدا. ژێراو ژێر داوای نەقڵم کردبوو. وابەستەیی هەر تا ئەو دەمە فشە مانایەکی دەبێ کەبێ ریاو بێ منەت بێ.. تەحا لەو ژنە، مێیاتی لێ دەباری! موگناتیسێك بوو بۆ خۆی، چاوەکانی! ئا چاوەکانی..
خۆی بەماڵا کرد، هەر بەجلو پێڵاوەکانییەوە لەسەر جێگاکەی راکشا.."باشە، هێندەت نەماوە، سبەی، دوسبەی، تۆ بڵێ ئەوپەڕی ئەم هەفتەیە. موعامەلەی خانەنشینییەکەت تەواو دەبێ.. ئەوسا بڕۆ بیان دۆزەوە، لەبنی عێزیشا بێ پەیدایان بکەو ئاشت بەرەوە.. ئەوە چییە؟ دەنگی دەرگاریە! توخوا ئەمە وەختە، لەمن بەدبەخت تری نەدۆزییەوە.."
بەبێ تاقەتی هەستا. دەرگای کردەوە. روبەروی ئافرەتێك بووەوە. لێوە ئەستورەکانی بەئاستەم لێك ترازا بوون، دەتگوت تازە لەگەرمە ماچێکی قوڵ جیابونەتەوەو هێشتا تێر نەبوون. دەرگایان لەخۆ داخست.

* * *

زارا، لەبەر دەرگەی حەوشە دانیشتبوو. چاوەڕوانی حەمەی دەکرد. حەمە لەدور را بەدیارکەوت..
"کوت و مت لەباوکی دەچێ. بەقوربانت بم، لەدەورت گەڕێم. چیبکەم رۆڵە، راستە من لەباوکتم دابڕیت. بەڵام بەدەستی خۆم نییە حەوسەڵەی درۆیانم نییە. درۆی لەگەڵ کردم. دەبوایە لەبەر خاتری تۆ.. بەڵام ئەوی چوو چوو. بەتۆ بێزوم دەکرد. زۆر بێ تاقەت بووم، شەڕم بەسێبەری خۆم دەفرۆشت. ئەویش بێ قەزا بێ.. توخواکەی دەبێ ئێستا لەکوێ بێ دەمێکە، بۆ ١٧-١٨ ساڵ دەچێ.. عادای بێزوو مێزوی نەدەزانی. منیش دڵم لێی تێك هەڵدەهات. دڵیشم نەدەهات بەئاشکرا پێی بڵێم: خۆشم دەویست.. مردو مراوە دەتگوت چۆلەکەیە!"

* * *

بەیانی کەمەحمو لەخەو رابوو، ئافرەتەکە رۆیی بوو. خۆی گۆڕی، سەرێکی دایەرەی خانەنشینی دا. هەفتەیەکی دییان بۆ دانا. لەرێی گەڕانەوەدا بەرەو بازاڕ چوو.
" چ حەدی هەیە. جارێکی دی نابێتەوە. زارا هەر خۆی زارا بوو، کەچاوەکانی جوان بوون. هەموو دنیا بۆم بڵێ هەر روح لەچاوو نیگادان، دەتگوت نازو نامۆیی ئەم دنیایە بەوان بەخشراوە. باش بوو ئاڵتونەکانی بردبوو. دەبێ ئێستا لەگەڵ حەمەی کوریا لە کوێ و لەچ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کونجێك دا بژین. حەمە! ئا، ئا دڵنیام ناوی ناوە حەمە. چونکە هێشتا لەسکیدا بوو قەرارمان دا کە ئەگەر کوڕ بێ ناوی بنەین حەمە. حەمەی کوڕی؟ ئەدی بۆ ناڵێی حەمەی کوڕم؟! تا بوو بە ٥-٦ ساڵانیش دور بەدور هەواڵم دەزانین.. خەڵکی پێیان دەگوت: حەمەی زارا.

.. با قسەی ئەوان بێ. جا بۆ هەر قسەی ئەوان، ئەدی بەخۆت نازانی منداڵ هی ئەو کەسەیە کەبەخێوی دەکا!.."

هەرچی دەکرد، قەڵافاتی زارا، سمت و کەفەڵی هەوەس بزوێن، چاوی خوماری، مەمکی وررووژاوو حاویجی، پێستی سپی و نەرم و ناسکی، خاڵە رەشەکەی لا لێوی لە نیگای تامەزرۆی دوور بخاتەوە، بێهودە بوو، ئەو دیمەنە سات بەسات خەست تر خۆی دەنواند و لە کەنار هەستیا لە نگەری دەگرت، دەیویست بیکوژێ کەچی نە دەمرد.

" رەنگە رەنگدانەوەی هاڕوژاندنەکەی ئەوشۆ بێ.. حەددی چییە، نایگاتێ.. زارا هەر خۆی زارا بوو.."

خۆی بەچایخانەکەدا کرد. چایەك و پەرداخێ ئاوی داوا کرد. جونێك دەهاتن و جونێك دەڕۆیشتن. رمب و کوتی دۆمینەو چەرە دوکەڵی جگەرە پیاویان هێڕ دەکرد. نەخوازە ڵلا پیاوێکی وەکو مەحموش. هێشتا چایەکەی تەواو نەکرد بوو، زەلامێك وەژور کەوت، رێك لە بەرامبەر ئەم دانیشت.

"سوبحانەڵلا.. دەقاو دەق لەمچە دەچێ. دەڵێی دوو لەتی یەك سێون! ئای مچە قەشمەر، کە پیاوێکی قۆشمە بوو، دنیای دابووە بەر کلکان و گوێی لە هیچ نەبوو. لە یەك دایەرە بووین. یادت بەخێر مچە. دەبێ ئەویش ئەو رۆژەی بیر مابێ..

- رۆژتان باش
- رۆژباش، بژی.
- لەوە دەچێ مەحموە فەنی بەختەوەر بێ.
- هێشتا لە کوێیەتی، چی دیوە؟!
- بە سەری ئێوە، باپیرم بەرەحمەت بێ لەگەڵ مردووی حازریدا..
- خوا عافوی بکا.
- قسەیەکی هەبوو دەتگوت نەخشی سەر بەردە، ئەوەشتان بیر نەچێ پێنج ژنی هێنا بوو. خوا پێم نەگرێ مەعین لامێژیشی دەکرد.
- ها..ها...ها...
- .. سێ شت هەن، پیاو لە هەرزەکاریدا زۆریان حەز لێدەکا، بەڵام پاشان لێیا پەشیمان دەبێتەوەو بە هەردو دەستان گوی دەخوا. یەك: ردێن و سمێڵ. دوو: جگەرە کێشان. سێ: ژن هێنان.

.. دەبێ ئەویش ئەو رۆژەی بیر مابێ؟ کەچی تۆ گوتت:

- من باوەڕناکەم وابێ. رەنگە یەکەم و دوەمیان راست بن، بەڵام سێیەمیان هەر نەو.. ژن دەرگای بەهەشتە. خۆ لە خۆڕایی نەگوتراوە ژن نیوەی دینە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- نەخێر، نە دەرگای بەهەشتەو نەتەڕەماش: ئەقڵ دەیبڕێ دەرگای دۆزەخ بێ. ئەوە تو هێشتا لە قۆناغی هەنگوین خواردنەکەدای با بە خێری بگەیتە قۆناغی گو خواردنەکە.. ئەوساکە مەرحەبایەکت دەکەم.
- ها، ها، ها.

هەناسەیەکی هەڵکێشا، پارەی چایەکەی داو لە چایخانە کە وەدەر کەوت.. ئای یادت بە خێر مچە..

* * *

لە ژورەکەیدا بەتەنێ راکێشابوو. چاوی بڕی بووە بن میچەکە. سەیری هیچی نە دەکرد. سەرنجی لەسەر چ شتێك نەگیرسایەوە.

" خۆزیا منداڵەکەی بووبووایە، پاشان ئەو کارەساتە روویدابا.."

خەیاڵ شەرمی لە کەس نییە. بگرە هەندێ جار خەم رەوێنێکی باشە. ئەدی ئەوە نییە مەحموە فەنی.

- ئەها.. کچی کەوت.

زارا بە شانازییەوە:

- کوڕی خۆم دەناسم، کوڕێکی قارەمان دەردەچێ. ئەها بزانە نەگریا، تۆ سەیرکە، ئەها هەستایەوە.

کە هاتەوە سەرخۆی، خەریك بوو لەسەر چەرپا شرەکەی بکەوێتە خوارەوە. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. " دەمێکە، عەمرێکە!! ئاخۆ ئێستا لە کوێ بن؟ ئەو خوا نەناسە چی پێکردم. خۆ من قاییل بوم. ئاخ!..

ئەوە چییە؟! دیسان پەنات وەبەر ئاخ بردەوە. شەرمە! دەبڵێ ژیان بێ وابەستەیی مەحاڵە و خۆت ساغ بکەوە مەحموە نافەندی!.."

-.. ئافرەت دەرگای دۆزەخە.

" یادت بە خێر مچە. روی بابت سپی بێ بۆ خۆت و قسەت! خۆ ئەگەر واش نەبێ، بۆ من وابوو! شەیتان بەنەحلەت بێ. ئاخر بڵێ بۆ چاوم نوقاند، یا ئەو کەی ئاگای لەو شتانە دەما. غێر بەد بەختی تۆ!.."

* * *

زارا، بەیانی لەخەو هەستا. نیگای پڕ سۆزی بڕییە حەمە. لێفەکە لەسەر شان و ملی لاچو بوو. بە ئەسپایی لێفەکەی بە شان و ملیا دایەوە. "دایە لە دەورت بگەڕێ، وا دیارە شەوێ درەنگ نووستوە. ئۆخەی کەبۆنی هەناسەکەی خۆشە. بەساقەت بم. دەبێ ئەمساڵ یەکەم بێ. ئەگەر باوکی ئێستا دەزانێ ئەم کوڕە زرینگووریایەی هەیە لە خۆشیا...توخواکەی دەبێ ئێستا لە کوێ بێ! خەتای ئەو بوو، درۆی لەگەڵ کردم. ئەو بەیانییە کەچوو بۆ دایەرە لێم پرسی:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- مەحمو توبی ئەو خوایە پێم بڵێ شەوێ کە... بۆ چاوت نوقاند؟!
- لە خۆشیا.
- باوەڕناکەم!
- ....

ئیدی لێی دا ڕۆیی..

قاوەڵتی دەرخواردی حەمە دا بەڕێی کرد، جامێ ئایشی لە دوایەوە ڕشت.

*　　　*　　　*

دەمەو عەسر بوو. مەحموە فەنی بەتەنێ لە کۆڕنیشەکەدا پیاسەی دەکرد. ئافرەتێکی کەڵەگەتی لە دورەوە بینی. برینی کۆنی هاتەوە سوێ.

" هەموو وەختێ، وەختێ خوایە. وا بزانم ئەم وەختانە بوو. ئاه کە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە، ئافرەتێکی لەم بابەتەم بینی . چبکەم بۆ پێنج مانگ دەچو دەستی خۆم.. نانی ئێوارەمان خوارد. هەر قسەی خۆمان بێ لە ڕۆژان رووم خۆشتر بوو. چوومە تەنیشت زاراوە. کەوتمە ختوکە دانی. سەرم سوڕما. زارا، زارا سرکەکەی جاران نەبوو. ئەوە چییە! خۆ هەستەکانی دیکەشی نەسوتاون!.. ناخی دامرکاوەی زارا هەروا بەئاسانی هەڵنەدەیساوە.."

*　　　*　　　*

دەمەو نیوەڕۆ بوو. زارا خەریکی چێشت لێنان بوو، تەباخەکە گرپەیەکی کرد. دڵی داخورپا:.. کەئاگر بێ ئامانە! کۆمەڵێ بیرەوەری لا هاڕوژا:

پاش مانگو نیوێك لەخستەخانە هێنرایە دەرێ. مەحموە فەنی کەمتر دەکەوتە ماڵ، ئەویش هەر سا ناساتێ دەچووە بەر ئاوێنەکە، کەخۆی دەبینی لەناخدا دەیقیژاند: لەخۆی دەترسا. دەیگوت: واچاکە سەری خۆم هەڵگرمو لەوەی پتر نەبم بەبار بەسەر ئەم پیاوەوە. لێم بێزار بووە. کەمتر دەکەویتە ماڵ. بۆ سێ مانگ دەچێ نەهاتووە بەلامدا. کوا چۆلەکەکەی جاران؟! ئەدی ئەوە نییە شەوانیش خۆی بەشرە کتێبانەوە خەریك دەکاو جێی ئەرەسوێ لێ گرتومەوە! کەی جاران ئەوەندە ئاشقە کتێب بوو. بووە بەمۆریانەی کتێب.. درۆم لەگەڵ دەکا: دەیەوێ من بکاتە خەوو.. بەتەنیا بۆ خۆی.. نازانێ منو خەو کوجا مەرحەبا. چبکەم، چی لەسکەکەم بکەم؟ واچاکە وەکو تاقە برایەکەم سەری خۆم هەڵگرمو.. ئەمیش.. خۆشم چاوەڕێی سکەکەم دەکەم. هەمووی یەك–دوومانگی دییەو ئیدی..

بەدیار چێشتەکەوە دانیشتبوو، حەمە هاتەوە.

*　　　*　　　*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوامێری مێردی مەحسومی دراوسێی زارا نەخۆش بوو. شەو درەنگ بوو. حەمە نووست. زارا دەمێ بوو خووی بەشەونخونی یەوە گرتبوو. دنیا کپ بوو. بچوکترین سرتەو وورتە دەبیسترا:.. بەستەزمانە نەخۆشە..

زارا، وەکو مریشکە بەکڕ چینەی لەبیرەوەرییەکانی دەکرد:"وابزانم ئەوە دوا.. بوو. هاتە تەنیشتمەوە، کەوتە ختوکەدانم لەدڵی خۆدا دەمگوت: بەخۆڕایی خۆت هیلاك مەکە.. با تاقیت بکەمەوە. ئەمجارەش بۆتی فش دەکەم. سوار بە، دەی چۆلەکە لێقەوماوەکە سوار بە. دەی تۆش تۆزێ بۆ من بسوتێ. سوار بوو، هێنای، بردی، هەڵوەستەیەکی کرد. پێ دەچوو بڵێ: ئاخ! کوا نازو نوزی جارانت، قەپاڵ گرتن‌و دەست لەمل‌و نێوقەد وەرینان؟ چاو نوقاندن‌و خۆ تورت کردن؟ لەگەڵ یەکەم موچوڕکەدا ئەو چاوی نوقاند. کێشایەوە. هەستا. چووە دەرێ. بەخۆم گوت: دەزانم، بێزارە، ئەدی ئەوە نییە چاوی نوقاند! قێزی هاتەوە. دەزانم، ئۆف خوایە.. وا چاکە پێی بڵێم. نەء، بەیانی.. بەیانی."

زارا، لەقوڵپی هێڵنج دانی جوامێری مێردی مەحسوم وەئاگا هاتەوە. بەخۆیشی نەیزانی کەنگێ خەوی لێکەوت. بەیانی لەبانگە بانگی حەمەی کوڕی خەبەری بووەوە.

*          *          *

مەحموە فەنی هەستا. بەبێ تاقەتی کەوتە نێو بازاڕ. لەپڕ چاوی بەپۆستەرێك کەوت. لێی ورد بووەوە: سەعات سێ‌و نیوی ئێوارە، لەهۆڵی.. سێیەم پیشانگەی هونەرمەند... دەکرێتەوە. "کەشتێکی چاکە. دەچم. وەختەکەشم دەگوزەرێنم‌و ئەم چەند رۆژەش دەقەتێ‌و ئەوجا روو دەکەمەوە کاولەوەجاغی کەسوکاری خۆو کەرکوك خۆت بگرە هاتم.."

تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد: "نزیك بۆتەوە.. تا دەگەمە ئەوێ.." وەژور کەوت. تابلۆکانی تەماشا کرد. تابلۆیەك سەرنجی راکێشا. ئافرەتێك نێڵە نیڵ لەگڕا دەسوتا. کۆمەڵە منداڵێکی شڕپۆش، چاوی ئەبڵەق‌و واق وڕماویان تێ بڕی بوو.

تەزویەکی پێدا هات: "منداڵە ورتکە لەدورەوە بەرەو پیرت هاتن:

- باجی زارا سووتا.
- چی؟!
- بردیان بۆ خەستەخانە.
- چی؟
- بەئیسعاف.
- چی؟
- ئاگر کوژێنەوەش هات.

بەپەلە سواری ئوتومبێل بوویت. خۆت گەیاندە نەخۆشخانە، دابەزیت. لە فەڕاشی بەر دەرکەت پرسی:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– ئەریٚ ئەمرِۆ ئافرەتی سوتاویان بۆ ئێرە هێناوە؟ چی؟ خراپە؟! نایەڵن؟ بۆ؟!

بەنائومێدی گەڕایتەوە. بەردت بەبادەکرد. لەدڵی خۆتدا دەتگوت: هێندەم پێدا هەڵکاڵان، تا قورِی رەشیان بۆ گرتمەوە. پەککو لەو خەڵکە کە حەسودو چاو پیسن. خوایە، مەولودی پێغەمبەر پێنج دینارم خێری ئێوە بیٚو زارا سەلامەت بیٚ. دەبیٚ کویٚی سوتا بیٚ. دەموچاوی! خوانەکا. خوایە پێنج دیناری دیکەش.. بەس دەموچاوی..

ئەو شەوەی لە تۆ چوو یاخوا لە گاوریش نەچیٚ. بەیانی چووی بۆ دایەرە. سەرو ریش هاتوو. پێڵاو بۆیاخ نەکراو..

– خێرە مەحموە فەنی؟

– نەخێر، شەرِە.

– ئەو چاتر.

هێندەی دی پەست بوویت. کلێشەی مادونییەکت پرِ کردەوە، بردتە لای بەرِێوەبەر.

– ها، خێرە؟!

روداوەکەت بۆ گێرایەوە. سوپاست کرد. هاتیتە دەریٚ. ئۆتۆمبیلێکت بەکریٚ گرتو بۆ.. لە دڵیٚ خۆتدا دەتگوت: ئێستا دەیبینم، بەئاستەم دەستی سوتاوەو یەک–دوو تڵۆقی کردوە.. چ نییە، گویٚی مەدەیٚ!..

دابەزیت، فەراشەکەی دوێنیٚ.. ناسیتەوە. خۆت بەقاوشی ئافرەتاندا کرد. دوا قەرەوێلە گەرِای. زارا نەبوو. چوویتە دەریٚ. لەفەرِاشەکەت پرسی:

– کوا لەویٚ نییە.

– کیٚ؟

– زارا.

لەگەڵت هات. بردیتییە سەر قەرەوێڵەکەی ئەو. واقت ورِما، ئەمە زارایە! سەرو کەللەی پێچراو.. دەمو لێوی بێزەوەر، غیرەتت دایە خۆت: زارا،زارا.

وەڵام نوزەیەکی بەئاستەم بوو.

دکتۆرێك لەو لاوە بەپەلە هات.

– کاکە گیان قسەی لەگەڵ مەکە. دەموچاوی.. چاوێکی دەرچووە.

– چی؟

– کوێر بووە.

– چی؟

– نامریٚ.

بەدیارییەوە وەستای. ئاوی پێت داهات. دەنگی شاورِێك وەئاگای هێنایتەوە. دەنگێك:

– تکا لەمیوانەکان دەکەین، قاوشەکان چۆڵ بکەن. ماوەی دیدەنی تەواو بوو. تکایە خێراکەن..

مەحموە فەنی کاتێکی بەخۆ زانی، زەلامێك دەستی خستە سەرشانیو بەعەرەبی پیٚی گوت:

– کاکە بیٚ زەحمەت دای دەخەین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– دەمەوێ ئەم تابلۆیە بکڕم.
– تازە سبەی، وا بزانم فرۆشراویشە.

*                    *                    *

زارا، لەبەر دەرکەی حەوشە دانیشتبوو، بەسەر دەرزیو دروماندا نوشتابووەوە. ژنێك عەبایەکی شڕی بەسەردا دابوو، دەستی منداڵێکی گرتبوو، سکیشی پڕ بوو سواڵی دەکرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– مەحمو، تو بی ئەو خوایە پێم بڵێ شەوێ کە... بۆ چاوت نوقاند؟!
– لەخۆشیا.
– باوەڕ ناکەم.
– ...

"کە ئەو رۆیی، خۆم پێچایەوە. حەمەش جار جارێ لەناو زگما لەقەفر تێی دەکرد. پێم دەگووت: بەقوربانت بم، مەترسە، چ خەمت نەبێ، خۆم ناکوژم، بۆ تۆ دەژیم، هەر ئێستا دەڕۆین، خەمت نەبێ نایەڵم بێ باوکیت پێوە دیار بێ. بەجل شۆریو نانکەری مالأنیش بێ، وەکو گوڵ بەخێوت دەکەم. هەندێ پارەو ئاڵتونەکانم هەڵگرت. بوخچەیەکم خستە بن باخەڵم. عەبا رەشەکەم بەسەرما داو.. جار جارێ لەژێر عەباکەوە دەستم بەزگما دێنا، بنوو کوڕپەکەم. خەمت نەبێ. زۆرت نەماوە، هەمووی بیست شەوێ، مانگێکی دییەو.."

دوای مانگو نیوێك حەمە لە دایك بوو.

"مەگری کوڕپەم.. مەگری. گەورە دەبی. دەتخەمە بەر خوێندن.. زیرەك بی ها! ئێ ئاقڵ! وەی کە ئاقڵە چۆن ژیر بووەوە! بەقسەی دایکی خۆی دەکا.."

– پورێ.. فەقیرم، لەراهی خوا خێرێ... زەکاتێ..

زارا، راپەڕی. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دەستی بەگیرفانیا کرد، ئەوەی بەدەستییەوە هات..

*                    *                    *

حەمە بەدەم رێوە خۆی دەدواند: چۆنی پێ بڵێم. هێشتا فرمێسکەکانی ووشك نەبونەتەوە.. گەیشتەوە. نانیان خوارد.

– خەمبار دیاری دیدەکەم.
– تۆزێ بێ تاقەتم؟
– درۆم لەگەڵ مەکە رۆڵە. هەر لەسەر درۆیەك بوو لەباوکت... حەمە زەردەخەنەیەکی هاتێ:
– دایکە، راستییەکەی، لەبەر ئەوەی کوردمو..
– نەکەی بوەستی کوڕەکەم، تا زوتر خۆت دەرباز بکەی، درەنگە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زارا، ئەو شەوە هەزارو یەك خەونی بینی: حەمە دەرباز بوو بوو، یەکەم دەستە پێشوازیان لێکرد.

- کاکە حەمە گیان.. فەرموو چەکەکەی من بۆ تۆ.
- چ بکەین چەکمان کەمە!
- سوپاس قوربان.
- باش بوو، زوو خۆت دەرباز کرد.

زارا، بەیانی زوو لەخەو رابوو. بەرچاییەکەی کرد. بەخشە خش ناو ماڵی خڕ کردەوە. ئاڵتونەکانی لەپڕیاسکەیەك ناو لەماڵ وەدەرکەوت. بەدەم ڕێوەو لەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت: "خەمت نەبێ کوڕی شیرینم. هەر ئێستا پارەی چەکت بۆ پەیدا دەکەم.."

حەمە، پاش هەفتەیەك بەجوانترین چەکەوە دڵداری لەگەڵ مەرگی پیرۆزدا دەکرد.

زارا، شەو نەبوو خەون بەحەمەوە نەبینێ. حەمە لە نێو هاوڕێکانیا دیار بوو. لەپەلامارا پڵنگ‌و لەنەگەڕانەوەدا شێر بوو. هاوڕێکانی سەریان لێی سوڕدەما. چۆن شلە شارییەك وا ئازاو بوێر بێ!

- کاکە حەمە چەکەکەت زۆر جوانە.
- دیاریی دایك دەبێ وابێ.. ئەی چۆن!
- ئەدی تۆ چ دیارییەکی بۆ دەنێری؟
- گوڵاڵەیەکی سوور سوور.

زارا، لەخەو راپەڕی، ئایەتەل کورسییەکی خوێند. جامێ ئاوی ڕشت. "خوایە بەتەمای تۆ. خوایە جەرگ سوتاوم نەکەی. خوایە مەرگم پێش مەرگی بخەی."

*　　　*　　　*

- دەمەوێ ئەم تابلۆیە بکڕم.
- تازە سبەی.. وابزانم فرۆشراویشە.

خۆی دایە دەم هەنگاوەوە. گەییە ئەوێندەر. دەرگا داخرابوو. پاسەوانێك لەوێ بوو.

- ئەوە بۆ داخراوە؟

پاسەوانەکە، دەمێك داما. ئەوجا بەعەرەبی گوتی:

- قوربان ئەمڕۆ هەینییە.

گەڕایەوە، بیرەوەری لەناخیدا هاروژا..

نیوەڕۆ بوو. شەو هاتو.. بەیانیش هات.. بەرەو دایەرە کەوتمەڕێ. لەدڵی خۆدا دەمگوت: دەترسم خۆی بەقەڵبەیەکدا بدا. ئەدی منداڵەکەی نێو سکی: خۆی هیچ، من هەر هیچ ،بڵێ بۆ چاوم نوقاند. شەیتان بەنەعلەت بێ. دیارە لەچارەم نوسرابوو. کەی ئەو ئاگای لەو شتانە دەما. غێر بەدبەختی من!.. گەیشتمە دایەرە، نەکرابوەوە. تەمەشای سەعاتەکەم کرد. دەرنگ بوو. پاسەوانەکە لەدورەوە هات... گوتم:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– ها! هەینییە؟! باشە، باشە.

گەڕامەوە. زۆر چاکە، لەبنی عێزیشا بیٚ ئەمڕۆ پەیدای دەکەمەوە ئاخر چۆن..

*   *   *

بەدەم گەڕانەوەوە: "بەسە مەحموە نافەنی. بچۆوە. بچۆوە بۆ کاولە وەجاغی کەسوکاری خۆت. ئەوە موعامەلەی خانەنشینییە کەشت تەواو بوو. بەسە، بڕۆوە بۆ شارەکەی خۆت. بیاندۆزەوە. ئاشتیان بکەوە. ژیان بیٚ وابەستەیی مەحاڵە مەحاڵ قەل پیاو..."

گەیشتەوە ژوورەکەی، ژووری چی؟ شرە چەرپایەك، جانتایەك‌وشرە پاڵتۆیەك ودەفتەرێکی تۆزگرتوو زیاتری تیا نەبوو.دەگەڕێمەوە، ئەم شرە پاڵتۆیە بەجیٚ دێڵم، بۆچیمە،جانتاکەم هەڵگرت...دەفتەرەکەت بیر نەچیٚ..مەحمووە فەنی ئەو پەرانەی نووسیووتن لێکیان بدەی دەبن بە چیرۆك..ئا،ئا چیرۆکەکەت تەواو بکە. ئەوە دێنیٚ بیکەی بە چیرۆکێك.."

جانتاکەی دا بەشانیا. کرێی ژورەکەی دا. ماڵاوایی لەپیرێژنەکە کرد. لەئاوێنەکەدا تەماشایەکی خۆی کرد: "ئای مەحمو! پیر بوویت! شەکەتی و نائومێدی لەسیمات نشتوون، داوی سپی لەسەرو ریشت وڕوکاون. شانەکانت داچەکیون. چاوەکانیشت کز بونو. ئای زەمانە!".

گەیشتە گەراج.. هەڵیڕوانی: ئەوە کێیە بەرەو ئێرە دیٚ؟ خۆ لەمچە دەچیٚ!

لێکدی رامان. بەتەواوی یەکتریان نەدەناسییەوە. هەندێکی دی لێکدی رامان. باوەشیان بەیەکدیدا کرد.

– دەزانی زارا قەزاو بەلاٚی..

– کوڕە هەی نەبیٚ!

– یەك–دوومانگێك دەبیٚ. هەر هەمان سەیارەی کەشێلا بووی بۆ خەستەخانەی برد. شارەوانی ناشتیان.

"ئاخ فریا نەکەوتم؟ گلّی گۆڕ بەیەکجارەکی لێکدی کردین، یاخوا خودا عافوی بکات. هەزار کەڕەت گەردنی ئازا بیٚ.."

دەستی یەکیان گوشی.. "ئەدی حەمە!"

گەڕایەوە گازی کرد: مستەفا.. مستەفا!

بەچیە پیٚی گوت:– ئەدی حەمە؟

– حەمە.. های هو. زۆر بەناوبانگە. لەسەرێیە. شەش مانگێك دەبیٚ.

"چاکی کردەوە.. دەستی خۆش بیٚ.."

رادیۆیەکی کڕی. لەگەڵ بانگی عەسردا گەییەجیٚ. چووە ماڵی عەلی برای. لەژورێکی ئەلاحەدەدا جێیان بۆ راخست. لەگەڵ دەمەو ئێوارەدا چیرۆکەکەی تەواو کرد. "نازانم چۆنە... بەهەر حاڵ."



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دڵی پـێ خـۆش بـوو. خـستییه دەلاقەکـه. چـووه دەرێ. کەگەڕایـەوه قـاپێ عـارەقی لەگـەڵ خـۆی هێنایەوه. چوه ژورەکـەی خـۆی. چیرۆکەکەی هێنـا. چـەند لاپەڕەیـەکی لـێ خوێنـدەوە: دەی درم. دەی سوتێنم.. نەء... خراپ نییه.

قەڵەمێکی سوری دەرهێنا. لەیەکەم لاپەڕەدا نووسی پێشکەشه بە:

١- زارا

تەماشای سەعاتی کرد. رادیۆکەی هەڵگرت. میلەکەی بادا

- ئێره دەنگی کوردستانه. گوێـدیرانی ئازیز بەرنامـەکانمان بەچـەند ئایـەتێکی قورئـانی پیـرۆز دەست پێدەکەین.

رادیۆکـەی کوژانـدەوه. پێکێکـی خەسـتی کـرد. لەگـەڵ یەکـەم فـڕدا رادیۆکـەی کـردەوه. دای خستەوه. پاش تۆزێ کردییەوە.

- .. چـالاکییەکانی... لـەئێوارەی ٨/٧ی مـانگ، گەلـه جاشـێك بـه هاوکـاری فڕۆکـەو سـەرباز، پەلاماری مەفرەزەیەکیان داین.

مەفرەزەکه لێیان هاته دەستو ئەنجامی شەڕەکه بەمجۆره بوو:

١- کوشتنی دوو جاش.

٢- پێکرانی هەلی کۆپتەرێك.

٣- گرتنی دوو کلاشنکۆفـو سێ مەخزەن.

زیـانی ئێمـەش، شـەهید بـوونی سەردەسـتەی قارەمـان کاکـه حەمـەی زارا بـوو. هـەزار سڵاو لەگیانی پاکی. خوێنی کاکه حەمه بوو به گوڵاڵه سوورەو لەبەرۆکی دایکی نیشتمان درا..

کاکـه حەمـه لەسـاڵی.....١٩ لەیـەکێك لەگەڕەکـه هـەژار نـشینەکانی شـاری کـەرکوك لـه دایـك بووەو هەر لەمنداڵییەوە.

رادیۆکـەی کوژانـدەوه. فرمێـسك لەچـاوی قـەتیس مـا، گریـان لەئـەرکی گـیرا. قەڵەمەکـەی دەرهێناو لەخوار ناوەکەی زاراوه نوسی پێشکەشه بە:

٢- حەمەی زارا.

بەخێرایی قاپه عارەقەکەی تەواو کردو.

١٩٨٢



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ژاناو

بەمەلولییەوە روانییە دەستو قامکەکانی. قولپی گریانێکی منداڵانە لەدڵی هەستا.
"بەدەستی چەپت جامی ئوتومبیلەکەت دەسڕی. لەنێو ئەو هێڵانەوە کەچوڕاوگەی بارانەکە دروستیان دەکرد، جیهانێکی تاریت دەدەی. مرۆڤ لای ئێمە ڕێبوارێکی بەستە زمانە، هێشتا بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی سەردەبڕدێ.."
بیری کردەوە. چاوی خەیاڵ هەڵفڕی. شارێك، شارێکی دوور بەدەم جریوەی ئەستێرەوە چەشنی ساوایەکی پاکیزە دەخنایەوە.. تەنیایی بوو بەدەریا، خەمیش شەپۆلی سەر هەڵگرتووە.
"خوایە، خەڵکینە، تکاتان لێدەکەم، ئەوا دڵم شەقی برد، دە پێم بڵێن، من خەمم یا خەم منە؟! هەردوك یەکین یان جیاوان، کە جیاواز بین بۆچ بۆ ساتە وەختێك لێکدی دانەبڕاین!.. شریقەی دەرگاکە، رای چڵەکاند:

– ئێستا کەیە؟
– تێناگەم!
– رۆژە، شەوە؟ دەردە، زەقنەبووتە، ژەهرە، بۆ حەوانەوەتان لەئێمە هەڵگرتووە.

بیری کردەوە، گیانی کافکا وەژورکەوت. ورتە ورتێکی نامەنهومی لێوە هاتو..
(نوسینم پێچەوانەی قسەمە، قسەم پێچەوانەی بیرکردنەوەمە.)
"ئۆخەی گیانی کافکا.. دەمنیش مەتەڵم، نا.. خۆت ئەوشۆ نێوم بنێ.. فریاکەوە لە کاڵە مستێنەکەی ئەم شەویاندا دەستە گوڵمو بەچراوە بۆم دەگەڕێن."
زللەیەکی توند، شوێنەواری چوار پەنجەی لەسەر روومەتی چەپی نەخشاند.

– دەی بڵێ..
– چی؟

داهاتنەوەی قامچییەك، چەخماخەیەکی لەسەر تەختی تەوێڵی هەستاند.. لەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت: "وادیارە شەوە، چارەنوسی منیش تائێستا لەشەو دەوچێت.."
سەری، خرایە ژێر ئاوێکی خوڕی تەزی تەزییەوە. موچوڕکێکی پێدا هات. پێڵوی ماندوی بەسەریەکدا کەوتوو، هەر دەجوڵێو دەیەوێ چاوی سور هەڵگەڕاو لەئامێز بگرێ، کەچی خەو زڕاوەو بەهیچ کلۆجێ دەستەمۆ نابێ.

– دەی قسە بکە.
– باشە، شەوە.

قاقایەك، ئەوجا چڕتێکی پڕ بەدەم.

– بڕۆ مژدە بۆ ئاغامان ببە وا خەریکە زمان دەگرێ.

قاقایەکی دی.

– ئەدی چۆن، ئێمە ئێمەین. کەڕوڵاڵیش دێنینە زمان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەقێك، پاشان چزەیەك.

- چ کاتێکی شەوە؟
- نیوە شەوە.

بۆ ئەوەی بیانوی ژەمە تێهەڵدانێکی دی ببڕێ بەپەلە گوتی:

- نەء، درەنگترە.

تەوژمی هات و هاوار، زریکەو ناڵەیەکی بێ کۆتایی، بێ کۆتایی وەکو شەویان لەبنەبانی گوێچکەیدا گیرساندەوە.

"پێ دەچێ تاقەتی پرسیارکردنیان چو بێ. وا چاکە ئەوجا من بکەومە پرسیار.."

- ئەرێ من نازانم، خۆ ئەستێرە نەوەریون؟!
- تێناگەم؟

تێیناگەیت! دەباشە بیانهێنن: خۆتان و ئاغاکانتان دانیشن و داستانی سەردەمەکانیان پێ بگێڕنەوە.

نەڕەیەك:

- ناماقوڵی وانەکەی سەگباب! دەقسە بکە دەی.
- باشە، من ئەستێرەیەکتان بۆ دێنم..

زندانەوانەکە دڵی خۆش بوو: "وادیارە رەنجی ئەمشەوم بەفیڕۆ ناچێت.." قاقایەکی شێتانە، دڵی زیندانییەکانی تریشی هێنایە لەرزە..

.. کەمن هاتم، لەولاتی ئێمەدا ئەستێرەیەك هەبوو و پێیان دەگوت لەیل، ئەم لەیلە هەموو ساڵێك لە ٢١ی مانگی چارەنووسدا هەر لەئێوارەوە تا دەمەو بەیان خۆی دەڕازاندەوە، دەزانن بۆ؟ بۆ مەجنونەکەی، لەگەڵ کازیبەی بەیاندا ئەویش دیار نەدەما، دەڵێن ئەمە پیشەی ساڵ دوانزە مانگێتی و دەستبەردار نابێ و هەر بەتەمایە..

بێنێکی دایێ، زمانی بەلێوە وشك هەڵاتوەکانیدا هێنا:

- دەڵێم، تۆ بڵێی لای ئێوە نەبێ؟!

پۆستاڵە رەشەکەی بینی کەوەکو بەلای ناگەهان بەسەر سەرید داباری و نەڕەو ورتە، ئەمان و ئەم..

- باوە حیزی کەرانباوگاو، ئەوە شێت بووی؟
- نەء، نە ئۆبالْ وەئەستۆم نەء... تەمەشا تەمەشا ئەوە هاتن.. دیقەت بدەن.. درۆناکەم، حاشا.. خەریکە دەبن بەخەرمانە، داوەت و گۆڤەندان دەگێڕن. نەبەخوادیی...

*　　　*　　　*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەبەدەم زریکەی ئازارەوە خەبەری بووەوە، روانییە میلی سەعاتەکەی. گیانی بەوە بوو فسفۆر بوو، نیوە شەو بوری بوو." کار وابڕوا سەری من و نیوەکەی تری شەویش دەخوا. بەراست بۆ نەنووستوە!.. بڵێی نالەی مرۆڤێك هێندە ناچیزە بێ ڕەورەوەی زەمەن رانەگرێ! تڕحێو.."

بەدەم تلی ئازارەوە هەڵپڕانییە ئەم لاو ئەولای خۆی.. هەر تاپۆ بوو لەبەرچاوی بەرجستە دەبوو: هاو دەردێ لەسەر گازی پشت راکشابوو، باڵەکانی یەکالا کردبووەوە. لەخۆی پرسی: "بۆ وای کردووە؟!) هەر خۆی وەڵامی دایەوە: "باوەشی بۆ ژانە نامۆکان گرتۆتەوە."

یەکێکی دی دەستەو ئەژنۆ، پشت بەدیوارەکەوە، سەری خستۆتە نێو هەردوو چۆکی.. "ئەدی ئەمە چییە؟ چییە، چییە، چییە.. ئا دۆزیمەوە ئەمە ژانی لەدایك بوونە.. لەدایك بوون گاڵتە نییە، هەموو لەدایك بوونێ ژانی خۆی هەیە.."

یەکێکی دی بەدیوارەکەی بەرانبەرییەوە جووت بووە. قەتماغەی زامێکی قوڵ بەتەختی نێو چەوانییەوەیەو لەتۆ وایە!! بەیارەکەی خۆیدا هەڵدەڵێ: (سەر بەردەبازی ڕێتە...)

هەناسەیەکی هەڵکێشا: "ئەوە چوار زامی کۆچەری. دەیسا شەو با هەر تاریك و تاریکتر بێ.. ئێمە ئەستێرەی خۆ دەدۆزینەوە، تا شەویش تاریکتر بێ ئەستێرە پرشنگدارتر دەنوێنێ، هێندە ئەستێرە بەبەرۆکی ئاسمانەوە هەڵدەواسین، تا وادەنوێنێ کە بەبار ئەستێرەی پێ وەرکرابێ.."

تۆزێك مات بوو، لەفکرانڕا چوو. دەنگێك لەدور را روحی بەسەر دەکاتەوە، دایکێتی و قسان بۆ پورە خەجاو دەکا:

(بەمنداڵیش هەر وابوو، دەمێ روخۆش و قسەقوت. دەمێ تورەو کەللە شەق. پڕ بەزار جنێوی دەدا، بەحەوت پشتی خۆیدا دادەباری. کەسی نەدەبوارد.. هاواری دەکرد: کەسێك پیاو بێ، زەرەیەك غیرەتی بێ نایەڵێ بەتۆبزی خەمی لێ باربکەن.. یاخی دەبێ، ئەرزو ئاسمان لێکدەدا..)

تیشکێکی چڕ، رژێنرایە سەرچاوی، دەتگوت چاوی دەرزی ئاژن دەکەن. چاوی نوقاند،چارەی گرژ گرژ بوو. نەڕاندی..

- دەگۆڕێت..

ئاوڕی دایەوە. زەلامێك وەژورکەوت. قۆزو کەڵەگەت، لێوەکانی ئاڵ، چاوەکانی گەوجێتیان لێدەباری. گەوجێتییەك کەخەم ساردیان پێ دەبەخشی. ئەم هەستی دەکرد چاوی رێشکەو پێشکە دەکات.. دیوارەکان دێنەوە یەك، ئەو دیوارانەی تۆزێ لەمەوبەر لەبەر چاوی بوو بوون بەشانۆو شانۆنامەی ئەستێرەیان دەنواند. لەزەلامەکە ورد بووەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: "خۆت بنوێنە، بازوان بخەکار، ئەوەتا کاروانی ئەستێرە هەرەشەتان لێدەکا. قینی خۆت هەڵرێژە. تۆش گوناهی، کۆیلەی، سك لەوڕێنی و ژاناوی مرۆڤ دەنۆشێت.. گوایە دەژیت،دەك داوەشێی.."

هەر هێندەی ئاگا لەخۆ بو، تەزویەکی بەسۆێ بنی پێیەکانی دەلستەوە.

دەنگی دەرگا.. زەلامێك لەچەقی دەرگاکەدا وێستا. ئەم بەکوورە کوورو گەلاو گەڵ خۆی گەیاندێ، چاوی لەدوڕ چاوانی بڕی. گەواڵە خەمێکی بەسەریانەوە دی، کەمێك لەفکران ڕاچوو و گوتی:

- دەزانی تۆش گوناحی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بۆ؟
- نازانم، بەڵام چۆن دەزانم من نێوم (هاوڕێ)یە ئاواش دڵنیام کەتۆ گوناحیت.. بۆ خوا پێت دەڵێم چارێکی خۆت بکە.

زەلامەکە ماتو بێدەنگ، پشتی تێکردو وە دەرکەوت. ژاوە ژاوێك ئالآیە مێشکی ئەم. ناڵەیەکی دور دور روحی سەرگەردانی دەلاواند.

"ئۆف دیسانەوە هەورە گۆڵەیە. ئەویش جاڕی یاخی بوونی داوە، دەباریێ: بەسەر پەنجەرەی دڵی مندا چۆڕاوگە دەبەستێ. دەبێ بەجڕو جانەوەرو بێ رەحمانە بەناو ناخم  دەکەوێ.."

تا زاری گرتی قیژاندی.

- ئەها ئەوەتا، خۆ دیوتانە، وا بوو بەپۆلە داڵ، دێنو دەچن، چاو زەق زەق بەئاسمانی دڵی مندا دەسوڕێنەوە.

دوو زەلام، بەپڕتاو وەژور کەوتن:

- ئەوە چییە هەتیو؟!

هێدیو ئارام گوتی:

- دەڵێم.. تۆ بڵێی بوو بم بە لاشە!

١٩٨٠



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# لەخۆ بێگانە بوون

خۆم لەخۆمدا بێ تاقەت و وەڕزم. خەڵکیش شێتە، شێتەیان لێگرتومەتەوەو هێندەی دی بێ تاقەتیان کردوم. ئاخر بۆ؟! خێرتان دەگا! کەقسەی چاك نازانن هی خراپ بۆ دەکەن؟! شێت کەنگێ وایە؟! هەست بەهەموو شتێك دەکەم، لەڕێکەوتەکان دەگەم. تا هەموو شتێ لەبنج و بناوان نەکەم ئۆقرەم نایە. بۆن دەکەم، تام دەکەم. دەبیستم، تەنانەت خەون، خەونیش دەبینم.. کوڕینە مەعز بۆ خوا بەس سەر بکەنە سەرم. نەتێك چومو نەشێتم.. هەر خۆم دەردی خۆم دەزانم. دەزانم کەس لەبری کەس ئازار ناچێژێ. دەزانم چیمەو لەکەیەوەو لە چ ڕۆژو ساتێکدا تووش بووم. ڕاستە ئەم گرفتارییە بێ تاقەتی کردوم، بەڵام باوەڕ بکەن نەی بەزاندووم. ژانی لەدایك بوونەوە گرتومی، دەشزانم ئەم ژانە یەکجار خەتەرە، گەڵێ بەسوێ و بەئازارە، کە لە دایك بوو زۆر بەشکۆو مەزن دەبێ، کەجەڕیش، دیارە حاڵەتی جەڕینەکە زۆر لە گوینترە ئەوا ژان گرتووو مەلۆتکە هەردوو پێکەوە تیا دەچن. لەدایك بوونی بەشکۆ لەدایك بوونی دوو پشکە: دایکەکە دەمرێ، دەمرێ.. ئا ئەمەیە لەدایك بوونی بەشکۆ، چونکە دنیایەك لەگەڵ خۆدا وێران دەکا...

با لەباسەکەی خۆمان لانەدەم. جوانیم خۆش دەوێ.. دەتوانم سەرلەبەری سەر بهوردی خۆم، وەکو چۆن ڕویداوە بێ کەمو زیاد بگێڕمەوە، هەر لەمنداڵیم ڕا خورە خوڕی ئاوم خۆش دەویست، ئێستاش هەر خۆشم دەوێ. زۆرجارو هەر لەخۆڕا وام هەست دەکرد ڕۆژێ لەڕۆژان ماڵمان لە گوێ چەمێك بووە. (هاڕەو هاژەی) ئەو چەمەم لابووبوو بەدڵگیرترین ئاواز، بەگروگاڵی منداڵ. ئێستاش جوان جوان لەیادمە وەختێ منداڵ بووم فرسەتم دەهێناو شرە ڕادیۆکەی بابم دەدزی، شەوان لەژوور سەرمەوە دام دەنا، بێ ئەوەی چ ئێزگەیەکم مەبەست بێ، میلەکەیم بادەدا، بادەدا تا لەسەر خشە خشێك دەگیرسایەوە. خۆشبەختانە چونکە ڕادیۆکەی بابم کۆن بوو، هەر وات دەکرد لەسەر خشەخشێك دەگیرسایەوە، ئەم خشە خشەم لێ دەبوو بە(هاڕەو هاژە)ی چەمەکەی لەمەڕ خۆم، تادرەنگانێ گوێم دەگرت، ئیدی نەم دەزانی کەی خەوم لێ کەوتووە، بابم، کەی ڕادیۆکەی بردۆتەوە..

وەختێ گەورە بووم لە ڕەش بگیرێکدا گیرام. گرتنی بەکۆمەڵ سامی کەمترە! پیاو بەوە دڵ خۆشی خۆ دەداتەوە: شین لەگەڵ هاوماڵا جەژنە. ڕەشبگیری چی!! جاچتان عەرز بکەم. گەر خەڵکی ڕەشبگیرستان بن ئەوا لە من چاتری دەزانن، گەر خەڵکی بەهەشتیش بن ئەوا پێویست بەگێڕانەوەی ناکا، چونکە نەدەتوانن لەجیاتی من خەم بخۆن و نە لە زمانیشم تێ دەگەن، هەقی خۆشتانە.. چیتان داوە لەم سەریەشەیە!..

لەدڵی خۆدا گوتم: ڕەشبگیرەو چەند سەعاتێکەو دەبڕێتەوە، چ بزانم (گەر سوێسەکەت دەوێ ئەوە قۆڵتەو گەر قۆڵتەت دەوێ ئەوە قۆڵتە!)

هەموو شەوێ پاش ئەشکەنجەو کوتەك کاری، خشەخشێکی سەیر لەمێشکمدا پەیدا دەبوو، مێشکی پڕ پڕ دەکردم. خەونم دەدی، لەو خەونەدا لە من وایە ماڵمان لەگوێ چەمێکی بەهاڕەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاژدایە، شەپۆلەکان بەپەلەو خێرا وەك ئەوەی یەکدی هەڵبڕن، دەهاتن‌و سەریان بەدیواری ماڵەکەماندا دەکێشا بەدەم هاوارەوە لەخەو رادەپەڕیم.

شێتم؟! ئەو خەڵکە بیر سەقەتە ئەوە عادەتیانە نەخۆشییەکانی خۆیان لەچوارچێوەی خەڵکی دی دەگرن.. بابە لەخۆتاندا بۆی بگەڕێن لەخۆتانا.. سەیرە، بۆشیان دەچێتە سەر، پێویستیان بەشێت بێ شێت دروست دەکەن، پێویستیان بەقارەمان بێ قارەمان دروست دەکەن. لێرەدا، لەم گۆترەخانەیەدا: شێت، قارمان، رووخاو، بەزیو، دەست پاك، دز، قەحپە، گەوادو.. بە کە فلە کونێ دروست دەکرێ‌و خێرا بازاڕی بۆ گەرم دەکرێ. دەبا بیکەن پیاو! سەریان دای لەبەرد، خۆیان چین؟! کۆمەڵە ژمارەیەکی سواون.

بەخوا هونەرە، تۆیف، تۆیف! هێشتا نەمردووم، نەبووم بەکەلاك کەچی وەکو داڵە کەرخۆرە تێم وڕوکاون. خەیاڵتان خاوە، قەت بێزم نایە بتان خوێنمەوە، جا هەر تێم بوڕوکێن، نابم بەژمارە نا، کەنگێ گوێی شەیتان کەڕ، بووم بەژمارەیەکی پێش وەختە مردوو، بێ خەون و خەیاڵ..

ئەوساش هەر نایەمە نێو ئێوە، بەئاسانی خۆم دەسڕمەوە: چونکە من وەك دوو پشك لەدایك بووم، دایکم بەسەر منەوەچوو، بۆیە هەروەکو دووپشکیش دەمرم، دوپشك کە مەفەڕی نەما، بێ منەت بەتەپلی سەری خۆوە دەداو دەمرێ. قەت وەکو ئێوە دەرۆزەی ئەوە ناکەم کەسێك لە راهی خۆی بم خوێنێتەوە.

.. شەپۆلەکان بەپەلەو خێرا وەك ئەوەی یەکدی هەڵبرن، دەهاتن‌و سەریان بەدیواری ماڵەکەماندا دەکێشا. بەدەم هاوارەوە لەخەو رادەپەڕیم.

خەڵەفی پاسەوانی زیندان ئەو شەوە زۆری ئەشکەنجەدام دڵم پێی سووتا! دەمزانی ئەویش گوناحە، خەڵکی ئەم ڕەشبگێرستانەیە، کێ دەڵێ ٦-٧ منداڵی سەرو پێچکەی برسی، وەکو گورگی هار دەمیان لێ دانەپچڕیوەو هەڕەشەی خواردنی لێناکەن: کێ دەڵێ ئەویش جەلادێکی نێچیر یان نێچیرێکی جەلاد نییە!.. ئا ئەوەیە خەتەری ژمارە بوون..

جەلادو نێچیر لەم گۆترە خانەیەدا هەر داوە موویەکیان بەینە ئافەرین بۆ ئەو کەسەی ئەو داوە مووە ناپسێنێ‌و سوورە لەسەر ئەوەی خۆی بێ‌و بەس.. کێ دەڵێ لەحەژمەتاندا داوە مووەکەی نەپساندووەو نەبووە بەم ژمارە درێوە.. شەوی یەکی یەك بوو، کەمتر دەنگی هاتووچۆی پاسەوان‌و زندانەوان‌و.. وانەکانی دی دەهاتە گوێ. ئەویش کڕوکپ بەبەر دەرگاکەدا دەهات‌و دەچوو، جار جار ورتە ورتێکی لێوە دەهات، وام هەست دەکرد بیەوێ داوای لێبووردنم لێبکا، بەڵام نەدەوێرا رادیۆ شڕەیەکی بچوك لەژوورەکەمدا بەجێ مابوو، مەگەر هەر خوابزانێت میراتی چ نەگبەت دایکێ بوو، پاسەوانەکان‌و زیندانەوانەکان بەم یادگارە گوم ساحێبەیان نەدەزانی.

خستمە بن سەرم، بەدەم خشەخشەکەیەوە خەوم لێکەوت چەند خەوتم چەند نەخەوتم نازانم، شەپۆل هات شەپۆلی چی! هەریەکەی بەقەد بەژنە زەلامێ، لەخەو راپەڕیم خەواڵووو سەرسام تازارم گرتی هاوارم کرد:

- خەڵەف هۆو.. خەیاڵ نەکەی ماڵتان لەگوێ چەم بووبێ ها!

لەودیو دەرگاکەوە، بەدەنگێکی ترساوەوەو بەزمانی عەرەبی گوتی:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– ها عەزیز ئەوە چیتە؟!
بەخەیاڵی خۆی دەیویست بێ دەنگم بکا. پاش تۆزێ پارچە رۆستێکی بۆ تووڕ دامە ژوورە. چەشەو ماسیم بیر کەوتەوە. ئەو ماسیەی هەموو شتێکی لەبیرە تەنیا مەرگ نەبێ، لەپڕ بەچەشەیەك.. عەسری ئەو رۆژە نەیان بردم بۆ سەر ئاو، هەستم بەتەنیاییەکی سەیر دەکرد، حەزم دەکرد کەسێ قسەم لەگەڵ بکا، بەڵام خەڵەف نەیدەتوانی. پارچە رۆستەکەم هەڵگرت، ئەم دیوو ئەم دیوم کرد تۆیف! من بۆ ئەمە دەگەڕام، نایخۆم تاتەواو تەواو دەگەنێ، ژەهراوی دەبێ ئەوسا دەیخۆم، بۆ خۆ بەئارامی دەمرمو هەموو شتێ دەبڕێتەوە.. باشە ئەم ددانە کەلەشم نیشانەیەکی چاکە، دێنو جەنازەکەم دەناسنەوەو... پارچە رۆستەکەم بیر چووەوە، پاش ماوەیەك لەژێر گەردوو تۆزدا دۆزیمەوە، لەچەرمی کۆنە پێڵاو دەچوو، زمانێکم لێدا، زۆر سوێر بوو. نەخێر تۆزێکم لێی خوارد، هێندە بەلەزەت بوو هەرمەپرسە، کەچی نەمردم: سەیرە مەرگیش بەهانامەوە نایەت، دیارە سەری قاڵو نایپەرژێ: گوێم دەزرنگێتەوە.– (ژیان سەرانسەر گومانو ترسە، گومان لەماقولیەتی لەدایك بوون، ترس لەمردن).
مەحاڵە بیرم بکەوێتەوە کە یەکەم جار ئەم رستەیەم لەکێ بیستووە، یا لە کوێم خوێندۆتەوە، یا هەر زادەی خەیاڵی خۆم بووەو ئێستا بووە بەمیوانی ئەم تەنیاییەم، نەخێر مەحاڵە بچمەوە سەری! ئەوەندە دەزانم تروسکەیەك، بەڵێ تروسکەیەکی نامەفهوم هەیە کەهەندێ جار بیرەوەری رۆژگارم لەناخدا دەوروژێنێو هەندێ جار داخو حەسرەتی شەوگارم لێ دەمە زەرد دەکاتەوە. رەنگە ئەمە جۆرە هەستێکی ئاڵۆزبێ، بەڵام بێ بنەما نییە، رەگوڕیشەی بەناخی مرۆڤدا رۆچووە، مەگەر تەنیا شاعیری بەهرەمەند جارێ بەختی یار بێو پەی پێ بەرێ.. دەنا زانستو زانیارییان لەوە خێراترو تەقەڵ شاش ترن دەستەمۆی بکەن. ئەوخەڵکە قرسیچمەیە هێندەیان سەرکردە سەرم، تا لەگیانی خۆم بێزار بوومو کونجی تەنیاییم گرت. بەهەموو بوونمەوە لەگەڵ ئەو ساتەدا دەژیم کەخەڵەف ئەشکەنجەی دام.. لەپڕ پلاچەیەك لەهەردوو چاوم دەرپەڕی، سەرم سوڕا، ئازارێکی بەسۆی لەمۆرەغەی پشتم هەستا، بەرەو خوار دا گەڕا، هەستم کرد هەناوم داکەوت، سستو خاو بەناو لنگمدا هاتە خوارێ، لینجو بەسوێ وەکو خوێنی ناو لنگی کچێکی بێ نوێژ هاتە خوارێ. چوار پەلم سست سست بوو.
بەگۆترەگیرام، بەڵام پاش هەزارو یەك حیسابو کتیابی بێ مەعنا، سەد خۆزگە بەکۆترە کارییەکە، باجی خۆم داو لەزندانی بچوکەوە بۆ زندانە گەورەکە تەشریفی ناموبارەکم هێنایەوە. گەڕام لەشوێنێکی چەپەکدا، لەماڵی پیرێژن و پیرەمێردێك دا ژوورێکم بەکرێ گرت و کونجی تەنیاییم گرت. ئەم جووتە زۆر کەم وەماڵ دەکەوتن. هەر رۆژەی لەماڵە بوکێ، لەماڵە زاوایەکیاندا بوون. خانووەکە بەدڵی من بوو. داروخاو، ئەم لای کەلاوەیەکی وێرانە، بەردەمی کۆڵانێکی تەنگ، قەت لەمەترێ پانتر نەدەبوو. ژورەکەی من لەسەرەوە بوو. بەسەعاتو بەدوو سەعات، لەبەر پەنجەرەی سەر کۆڵانەکە دەوێستام، زەق زەق دەمڕوانیو سەرنجم لەسەر هیچ نەدەگیرسایەوە. جار جار رێبوارێ بەکۆڵانەکەدا ڕەت دەبوو، کەدەگەییە ئاستی ژوورەکەی من خێراخۆی دەدایە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوبەر: لەوە دەترسا ژوورەکەم لەپڕ هەرەس بێنێ و بەسەریا بڕوخێ. ڕەوینەوەی ئەو ڕێبوارە کەمانە سەرنجیان رادەکێشام. بزەیەکی ساردو سڕ دەنیشتە سەر لێوم و زوو ئاوا دەبوو.

من و ژوورەکەم، ژوورەکەم و من، دوو قاپ و کۆنە تەباخێك و دەستێ نوێنی شڕۆ هەندێ وردە پێویستی دیکەو بڕێ کاری بی سەرو بەر، وەستان لەبەر پەنجەرەکە، نان کڕینێ، پارە وەرگرتنێ لەباجیم.. ئەمە هەموو ژیانی من بوو.

لەخۆڕا حەزم دەکرد هەرچی شت هەیە بەفەرامۆشی بسپێرم، گوێ بۆ هەستەکانم رانەگرم، لەدنیا دابڕێم، قێز لەژمارەکان بکەمەوە، خۆمیان لێ دوور بگرم. بەخۆم دەزانم هەر ئەمەش سەرنجی خەڵکەکەی ورووژاند: شێت بووە. تێك چووە!

جاشێت ئەم هەموو وردە شتەی بیر دەمێنێ؟!

کەعەسرانم لێ دەهات لەپەنجەرە چکۆلەکەی ژوورەکەمەوە دەمڕوانییە دەرێ. نیگام لەکۆڵانە تەسکەکە دەگواستەوە، هەڵمدەڕوانییە دوورتر، چمکێکی شەقامەکەی دەستە چەپم لێ بەدیار دەکەوت. شەقامی چی، هەر کە ڕۆژئاوا دەبوو، دەبوو بە بیابانێکی چۆڵ و سامناك.. ڕێبوارێکی ڕێبوار ئاسایی بەرچاو نەدەکەوت. هەقی خۆیەتی، ڕەشبگیرستانە، ڕەشبگیرستان! تا تەواو ماندوو دەبووم زەق زەق دەمڕوانی.. هەر دەنگ بوو و لەکاسەی سەرما دەزرنگایەوە:

– تێك چووە...

– لە تێك چوون تێ پەڕیوەو تەواو...

– ئاخر ڕۆڵە چ خودا بەرداره تۆ وابی لەگەڵی. چ گوناحێکی کردووە..ئاخر عەیبی، عاری؟ هەر بۆ ئەم تەنیاییەی خۆیشت باشە، هاودەمە هاودەم!

کڕومات دەبووم، چاوی لەدوڕ چاوی باجیم دەبڕی، لەدڵی خۆدا دەمگوت: دەسەیرکە، ئەوجا نۆبەتی ئەم ژمارە سواوەیە! دەڕۆی یالێت بێمە دەست و بت سڕمەوە؟!

گەروم پڕ لەگریان دەبوو. بەزەییم بەخۆدا دەهاتەوە. پڕ بەدڵ دەترسام بەرازەکەمی زانیبێ، بۆیە خێرا پشتم تێ دەکردو تەپ تەپ بەقاڵدرمە داڕووخاوەکەدا دادگەڕام، تا ناو کەلاوەکە نەدەگیرسامەوە. وێرانەیەکی زۆر بەسام بوو، بەڵام زۆرم لەزەت لەو سامناکییە دەبینی: سامناکیەکی بێ وەی و کڕوکپ، لەسامناکی و بێ دەنگی جەنازە دەچوو. بەدەم خوتەو بۆڵەوە دادەبەزی و لەبن لێوانە دەیگوت: شێت بووە، کوڕەکەم شێت بووە.

گەر ترسی ئەوەم نەبا دەگەڕێتەوە سەرم و بەپرسیار سەرو دڵم دەگرێ، لەنێو کۆڵانەکەوە ڕاست دەبوومەوەو (پڕ بەزار) هاوارم دەکرد:

– نا، نا، باجی، شێت نەبووم.

دیوتانە خۆشەویستی ببێ بەترس؟ ئەرێ بەراست کەی دەبێ بەترس؟! ڕەنگە ئەو کاتە ببێ بەترس کە لە سنوری خۆی تی بپەڕێ. وڕێنە ناکەم نا! زۆرچاك ئاگام لەخۆیە.. هەموو پاش نیوەڕۆیەك دەهاتە دیدەنیم:

– ئاخر ڕۆڵە عەزیز گیان چ خودا بەرداوە تۆ وابی لەگەڵی..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستم دەکرد لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێم. رازەکەم کەوتۆتە مۆلەق و هاکا کەشف بێ. دەبوو فریای چارەیەك بکەوم.

ئەمڕۆکە عەسر کە لە بەر پەنجەرە کە وێستا بووم، لەپڕو بەتوندی پەنجەرەکەم داخست، بەپەلە پێلاوەکانم لەپێ کردو چوومە خوارێ.

ماوەیەك گێژ گێژ سوڕامەوە. نەمزانی بۆچی هاتبوومە خوارێ. لەپڕ وەکو یەکێك قاش قونج بێ سووکێ بەرەو ماڵ بوومەوە. کە لە دەرگای حەوشە وەژوور کەوتم، هەستم بەسووکە ئارامییەك دەکرد. کە بە قاڵدرمەکەدا سەرکەوتم لەپڕ تۆزی قاڵدرمەکە لووتی زوراندمەوەو دووجار لەسەریەك پژمیم. لەدەنگی باجیم راپەڕیم:

– خێر ئیشەڵڵا.

سەرم سوڕما، خۆ هەر پاش نیوەڕوان دەهات، خێرە وابەم عەسرە درەنگە پەیدا بووە؟! وەکو منداڵ بەڕووما گرژییەوە.. چونکە بەخۆی منداڵی نەبوو، خووی بەمنەوە گرتبوو، و وەکو دایکێکی تەواو تەواو لەسەرم بانی بویەوە، گوتی:

– ئۆخەی، ئەوە لەپیاسە بووی. ئاوا کوڕم ناوە ناوە بچۆ دەرێ و بایەکی باڵی خۆت بدەو.. ئاخر خەڵکی لۆمەت دەکەن.. خۆ تۆ شێت نەبووی. خوا خوامان بوو جارێکی دی بەسەلامەتی بێیەوە ناومان، ئەوا شوکر.

وەك بڵێی دوو دڵ بێ لەتەواو کردنی قسەکەی، هەڵوستەیەکی کرد، کەمێك لەفکران ڕاچوو و لەسەری ڕۆیی:

– .. بەڵکو دەچم بەداوی خاوەرداو بۆتی دێنمەوە..

هەرکە ئەو قسەیەم بەر گوێ کەوت، لەپڕ بلاچەیەك لەهەردوو چاوم دەرپەڕی، سەرم سوڕا، ئازارێکی بە سوێ لەمۆرەغەی پشتم هەستا، بەرەو خوار داگەڕا، هەستم کرد هەناوم داکەوت، سست و خاوو لینج وەکو خوێنی ناو لنگی کیژێکی بێ نوێژ هاتە خوارێ، چوار پەل و ناوڕانم سست بوو.

دەمویست پڕ بەزار هاوار بکەم:

– نا، نا...

دەنگم دەرنەدەچوو. مات و بێدەنگ سەرم داخست. جا بۆ ئەوەی چەپکێ قوڕ بە دەمی ئێوەشدا بدەم و جارێکی دی نەڵێن شێت بووەو دەبزڕکێنێ، وەسفێکی خاوەرتان بۆ دەکەم:

باڵابەرز، گوشتن، سپیلکەیەکی خوێن گەرم، لوت بچکۆلە، قژ ئاڵتونی، چاوەکانی نەختێ تیل... چ عەیب و عارێکی نەبوو. بەخۆشەویستی خواستبووم.. هێندە بەیەکەوە نەبووین کەمنداڵمان ببێ. کێ دیوییە خۆشەویستی ببێ بەترس! ئاخ خەڵەف.

سەرم هەڵبری، نیگام لەنیگای باجیم هەڵەنگوت. تەمی خەمێکی سەیر نیشتبووە سەر چاوی. هەستم کرد زۆر تەنیایە، هەرچی دەکا ناتوانێ ئەم تەنیاییەی هەڵڕێژێ. نازانم چۆن زارم گەڕاو لەپڕ گوتم:

– زۆرچاکە، بڕۆ بینێرە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆیی، چوومە بەر ئاوێنە تۆزو گەرد گرتووەکە، بەدوو دڵییەوە پەنجەم برد، وێنەی سێداریەکم دروست کرد. هێڵنجم هات: "کەشێوەیەکی کۆن و دزیوە." بیرم لەشێوەیەکی تازەتر کردەوە، ئەقڵم بەهیچ کوێ ڕا نەگەیی.

لەدەرگا درا. خۆم گەیاندە دەرگاکە. کردمەوەو لەجێی خۆم ڕەق ڕاوەستام خاوەربوو!

ماندوو دەهاتە بەرچاوو بێ متمانەیی و نەباوەڕی بەسیمایەوە دیاربوو. وەژوورکەوت. بەدەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– ئێوارەت باش.

– ئێوارەت باش.

تۆزێ دامامو:

–.. بژی!

تا هاتنی خاوەریش چ نیازێکم نەبوو. هاتنەکەی حەپەساندمی، دەتگوت بێگانەیەکی حەفتا میللەتییەو قەت نەدیتوەو ناشمەوێ ببیینم. ترسێکی سەیرم لێ نیشت. زۆرم لەخۆ نەکردبا، بەئاشکرا دەلەرزیم.

دانیشت، لێی چومە پێشەوە، دەستم بەقژیا هێنا چەشەو ماسیم بیرکەوتەوە: سەیرە، گیانلەبەران، بە مرۆڤیشەوە بێ وەی بە خۆ بزانن، ئەو هەمووپەلە پەلەیان لە پێناوی مەرگدایە.

لێکدا لێکدا دەستمبە قژیا دێنا دەستم لە لەرزین نەدەکەوت. لە پڕ چووەمە بەر هەیوانەکە، ڕاوەستام، ترسەکەم کەمێك ڕەوییەوە، هێزێکی سەیرم تێ گەڕا، مێشکم دەنگ دەداتەوە: هاڕەو هاژەی چەمەکەی لەمەڕ خۆمە!!

لەنکاو قاڵەی کۆنە هاوڕێم بیر کەوتەوە. ڕۆژێ ئالێرەدا پێکەوە ڕاوێستا بووین. ژنێکی دەستە باڵای سوورو سپی قژ خورمایی لە شەقامەکەوە دەهات... گوتی:

– تەماشا، تەماشا مامۆستا عەزیز چ پارچەیەك هات!

– توخوا وازم لێ بێنە.

– ئەمە چییە عەزیز، دەڵێی پیاونیت! توخوا پیاو هەیە بۆ ئەو پەرییە نەبزوێ..

هەر کە گوتی: دەڵێی پیاونیت! تاسام. مت بووم. پاشان وەکو فیشەکە شێتە چووم بە ئاسماندا گوتم.

– بۆ پیاو نیم!..

کەمێك دامامو بەکزییەوە گوتم:

– .. لەهەموو کەسێ پیاوترم.

– ئەدی بۆ ژنەکەت نایەنیتەوە؟

کەمێ بێ دەنگ بووم، لەدڵی خۆدا گوتم: بەزاتی خوا لەبنی کولەکەی داوەو ڕازەکەمی کەشف کردووە. ئەوە قالەیە بەشەرت، زۆڵ و شیرحەرامی وەکو خۆی نەبۆتەوە.

لەپڕ دڵم داخورپا، بەپەلە گەڕامەوە ژووری. خاوەر بەدەقی خۆیەوە دانیشتبوو. غوربەتێکی سەیر نیشتبووە سەر سیمای. کەوتمەوە دەست هێنان بەقژیا. دەستم دەلەرزی، دەمویست ئەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەرزینەی لیَ ببڕم. هەردوو دەستم نایە بینی خاوەر، بەحالَ خنکە خنکێکی لێوە هات، تا دەستم زیاتر دەلەرزی، پتر لەگەردنیم توندو توندتر دەکرد. چاوەکانی ئەبلەق بوون، کەف کەوتە لالغاوەی، زمانی شۆڕبۆوە. ئەم دەوێرا بەری بدەم بەدەستمەوە سارد بۆوەو تەپ کەوتە سەر ئەرزەکە.

لەدلَی خۆدا گوتم: "ژمارەیەکی دیش فت، بڕۆ ئۆغرت خێربیَ، باش بوو بەرازەکەمت نەزانی."

سستو خاو ئەمجا بیَ ترس چوومە خواریَ. روانیمە دەوروبەرم، بەنیخە نیخ بەردی سەر بیری ئاو دەستەکەم لابرد، بەپەلە سەرکەوتمەوە، جەنازەکەی خاوەرم هەلَگرت.. خستمە بیری ئاودەستەکەوەو سەرەکەیم نایەوە. چووم تاوێك لەکەلاوە تاریكو نوتەکەکەدا دانیشتم. دەنگێکی سامناكو بەگلەیی لەگوێم دا زرنگایەوە:

– هەی غەدار خۆ تۆش نەت کوشتبام هەر دەمرم؟ ئیدی بۆ.. هەستێکی سەیر دایگرتم، هەر لەپەشیمانی دەچوو. بۆیە خێرا خێرا لەبەر خۆوە دەمگوت:

– خەمت نەبیَ، شوێنەکەی تۆ گەلیَ لەمەی من چاترە. بۆ خۆت بارسوكو سەر سەلامەت، نەشادی، نەخەم، نەپێکەنینو نەگریانو نە.. نە.. نە.

نازانم سەعات چەندبوو. بەلاَم پیَ دەچوو درەنگ بیَ، چوومە سەریَ لەسەر جێگاکەم راکشام. لەپڕ لە دەرگادرا، دەرگاکەم کردەوە. باجیم لەبەر دەممدا قوت بۆوە:

– عەزیز چۆنی رۆلَە... خاوەر کوا؟

مێشکم کاسی دەنگەکە بوو:

– هەی-غەددار خۆ تۆش...

باجیم بەدەنگێکی غەمگین دوبارەی کردەوە:

– ئەدی خاوەر کوا؟

هەر هات بەدەممداو گوتم.

– رۆیی..

– ئەیەڕۆبۆ کویَ؟

– نازانم تۆزیَ دانیشتو رۆیی.

– باشە نەیگوت بۆ کویَ دەڕوا.

– نەء..

– ئەیەرۆ، ئەدی بۆ هێشتت؟!

دەنگەکە هەر بەردەوامە. وەکو چۆن مێشێکی لاسار لەسەروچاوی خۆ بتارێنی بەو شێوەیە جار جار دەستم هەلَدەتەکاند.

باجیم هەر وەستابوو. بەبیَ تاقەتییەوە گوتم:

– خۆ من پۆلیس نیم.

پێم وانەبوو باجیم تێم بگا. چما کەس لە کەس تیَ دەگا تا گلەیی لەو بکەم! نیگا حەپەساوەکانی سامناك دەهاتنە بەرچاو.. پشتی تیَ کردمو رۆیی. چوومە بەر پەنجەرەکە، نیگام لیَ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەگواستەوە تا لەتاریکی کۆڵانەکەدا نوقوم بوو. لەبەر پەنجەرەکە لاکەوتم، ئۆقرەم لێ بڕا. پرسیاری بێ وەڵام سەریان ژەنییە ناخم. دڵی خۆم دەدایەوەو دەمگوت: دەڵێن جەلاد هەست بەهیچ ناکا! دەروونی شێلو نابێ، ناخی ناوروژێ، کەواتە من جەلاد نیم. دەی عەزیزە نافەنی خۆت بخەڵەتێنە، تادەتوانی خۆت بخەڵەتێنە، لەمەش وەڕز دەبی.. کێ دەڵێ لە غەفڵەتێکا تاڵە مووەکەت نەپساندووە!.. ئێستا بێدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر تێکڕای بوونما کێشاوە. چاوم رێشکەو پێشکە دەکا. درەنگە، ئەوا.. هەست دەکەم لە دایك بوونەوە مەحاڵە، بەخۆوە جەڕیوم.. لەخۆ بێگانەم.. خوا خەڵەف بگرێ گەر ئەو شەوە بەرێکەوت لەبن دەستیا دەرنەچووبام ئێستا هەر ئێوەی ژمارە، بەنای ناهەق ناوتان دەنام قارەمان.. راوەستن، راوەستن حەزدەکەم ئەم ئیعترافەش بکەم، هەرچی دەکەم لە مەداری ژمارە دەرناچم.. بەڵام من وەعدم داوە، کەبووم بەژمارە خۆبسڕمەوە، قەت دەرۆزەی ئەوە نەکەم یەکێك لە ڕاهی خۆی بم خوێنێتەوە.. بۆیە لەسەر وەعدی خۆمم و من وەکو دوپشکی بێ مەفەڕ بەتەپڵی سەری خۆوە دەدمو..

١٩٨٣



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# گۆرانیی غەریبان

دێهاتی لەنێو خۆیاندا هەزارویەك قۆرپیات دیزە بەدەرخۆنە دەکەن، کەچی بۆ بێگانە مێشی لێدەکەن بەگامێش..
ئەوەندە گوێم بەو قسەیە نەدا، چونکە بەتەبیعەت کەمێك دورە پەرێزو کەم تێکەڵ بووم. عادەتم نەبوو خۆ لەکاروباری خەڵکی هەڵقورتێنم. تازە بۆ ئەو گوندە دوورە شارە بە مامۆستایی نەقڵ بوو بووم. زۆرم لەبەرگران‌و ناخۆش بوو، بابایەکی شاری چۆن لەگوندێکی وا دوورا هەڵکا. گوندیش چ گوند، نازانم بۆ ئەو هەموو دەشتە خۆش‌و راستانییە دڵگیرەیان جیێ هێشتبوو، و لەنێو ئەم بازنە چیا بەرزو تەنگەدا گیرسابوونەوە. چۆنت دیقەت دابا لەتۆ وایە بەئانقەست ئەم شورە قایمەی لەدەورە کێشراوە، دەربەندێك لەبەردەم گوندەکەوە رووەو رۆژاوا کرابووە وە. دەربەندەکە یەکجار تەنگەبەر بوو. خەڵکی گوند پێیان دەگوت بەرتەنگ. وردو درشتی گوند، ئەگەر کارێکیان یان شتێکیان بەدڵ نەبوایە دەیانگوت تێی هەڵدە بۆ بەرتەنگ. زۆر دەترسام رۆژێ بەمنیش بڵێن: تێی هەڵدەن بۆ بەرتەنگ! ئیدی بەرتەنگ بوو بوو بەزبڵدانێکی گەورە. سەری هارومارت لەو بەرتەنگەدا بەرچاو دەکەوت، هەر لەسەگی تۆپیو، بزنی مردارەوە بوو، سەرگین‌و پشقلی مالاًت‌و پەز، کورتانە شڕو لولاقی ولاًخی تۆپیو، ناڵەشکاو، تەنەکە قوپاوەوە بیگرە تا دەگاتە گاسنە رزیوو مەساسەو کۆنە نیرو ئاو زەنگی بێ کەڵك‌و شتی دی. ماڵی سێلاًوی زستان ئاوابێ جار جار ئەو زبڵدانە زلەی رادەداو تا چەمە زستانەکەی بنار چیاکەی رۆژاوای گوندی رادەماڵی..
چۆن سەیرت دەکرد، ژیان لێرەدا مەحاڵ دەهاتە بەرچو. کەشەو دادەهات، دنیا کش‌و مات‌و بێدەنگ دەبوو، مەگەر حیلەی ئەسپێك، یان باعەی بزنێکی نامۆ یان حەپەی سەگێك بۆ چەند ساتێ ئەو بێ دەنگییە سامناکەی بشڵەقاندایە. جار جار لەماڵێکدا تروسکەیەك، وەك ئەوەی بەدەم سەرماوە گیانەڵلاًی بێ، ترسێکی ئالۆزی دەخستە نێو دڵ‌و دەروون، ئەویش هەمان تام‌و بۆی گوناحی هەبوو. پاشان دادەمرکایەوەو هەموو دنیا لەباوەشی تاریکیدا خپ دەبوو.
لە تۆ وایە ئیدی هەرگیز ژیان ناکەوێتەوە بەر گوندو جارێکی دی رۆژ هەڵنایەتەوە. کەچی بۆ سبەی بەر لەسپێدەی بەیانی لەنێو ئەم کوێرە گوندەوە، گوند ئەمجا گوند کە دەتڕوانییە خانووەکان لە دورەوە هەر لەهێلاًنەی باڵندەی کۆچەری دەچوو، خانووی نزم‌و دوکەلاًوی، دیواری بەبەردو قوڕ هەڵچنراوی نارێك‌و پێك، بەردی قۆقز لەدیوارەکانەوە دەرپۆقیبون، دەتگوت دومەڵن‌و لەشوێنی خراپ دەرهاتوون.. هەرچەند زەینی خانووەکانت دەدا، سەت سوێندت دەخوارد کە بە ئەمانەت هەڵچنراون‌و بۆ حەوانەوەی چەند مانگێك قوت کراونەتەوەو جارێکی دی ئاوەدانی بەخۆوە نابینن. کەس سەرەتای ئاوەدان کردنەوەی ئەم کوێرە گوندەی نەدەزانی.
لە هەر پیرەمێردو پیرەژنێکت پرسیبا: ئەرێ کەی ئەم گوندە ئاوەدان کراوەتەوە، وەکو ئەوەی کوفری خواو پێغەمبەرانت کردبێ، بە نەرەزاییەوەو بێ چ رتوشێك وەلاًمی دەدایەتەوە:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– تـاهوو... تـاهوو تەماشـای كـاكم، جـا چـوزانم، هـەر ئەوەنـدە دەزانم بـاب و بـاپیری مـن، هـی ئەوانیش لێرە. بڕاونەتەوە یاڵلاو یاعەلی .. مەگەر هەر خوا بزانیێ!
هەر زوو پەیم بەوە برد كە دێهاتی قسەی خۆ گومرگ ناكەن و قسە گومرگ كردنیان لە مەزەبدا نییە، بۆیە هەرگیز بە قسەكانیان قەڵس نەدەبووم.

*　　　*　　　*

.. كەچی بۆ سبەی بەر لە سپێدەی بەیان، لە نێو ئەم كوێرە گوندەوە ژیان دەڵدەهات!! جوتیار بە دووی گا جووتی لەڕو مردەلۆخەوە، شوان بە دوی پەزەوە، ژنان بە توێشە بەرەو بێڵەقانەوە یان بە تەورو پاچەوە، راوچی بە تاپڕو ساچمە زەنەوە، لە گەرووی بەرتەنگەوە وەدەردەكەوتن.
بۆ چەند ساتێ لایان دەدایە سەر كانی و حەوزەكەی خوار گوند. چۆڕێ ئاویان دەخواردەوەو یان شڵپێ ئاویـان بە دەم و چاویاندا دەداو بـەرەڵلای دەشـت و كێـوان دەبـوون. ئێوارەیـەكی درەنـگ دەگەڕانەوە. ئیـدی بـەو جـۆرە ژیانیـان دەگوزەرانـد!! ئـەم حـەوزو كانییـە تاقـە سەرچاوەی ئـاوی گوند بوو، هەر حەوزو كانی نەبوو، حەمامیش بوو، حەمامی ژنان بە جیاو هی پیاوان بەجیا هەر حەمامـەیان بـە بـەردو دار شـورەیەكی بـە دەورا كێـشرا بـوو، بـە چلـەی زسـتان دەهاتنـە سـەری‌و خۆیـان لـە حەوزەكـە هەڵدەكێشاو دەهاتنـە دەرێ!! خـۆ ژنـان ئـەوا حەشریان بـە مەلـە دەكرد، بـێ وەی غوسڵیان لەسەر بێ، هەر بۆ وەی كامی كامی دەستە خوشكەكانیان بدەن و جاڕ بۆ كـەیف‌و سەفای شەویان بدەن دەهاتن و خۆیان لە حەوزەكە هەڵدەكێشاو بە دەنگی بەرز شایەتمانێكی بە هەقیان دێنا...

*　　　*　　　*

جا وەرە شارییەكی لـە باب شاری لـەم شـوێنە بهێورێ، ناچار بـەوە دڵخۆشـی خـۆم دەدایـەوە كە هەموو شتێك راهاتنە! بەخۆم دەگوت: تۆ وەرە سەیری ئەم دێهاتیانە بكە، بزانە چۆن لـە گـەڵ ئـەم ژیـان‌و گوزەرانـە سـەختەدا راهـاتوون‌و هـەر بـە خەیاڵیـشیاندا نایـەت. بزانـە چـەند دڵیـان خۆشـەو چـۆن لەگـەڵ ژیانـدا سـازاون. خـۆ تـۆ ئەگـەر بێگانـەش بـی ئـەوا هاوزمـان‌و هاونـەژادی خۆیـانی‌و دەتەوێ خزمەتیان بكەی. دەرس بە منداڵەكانیان بڵێی‌و فێری خوێنەوارییان بكەی..
كە بیرم لـە بـەفر كـەوتن و رێ بەنـدان دەكـردەوە، خـەمی دنیـام لێدەهات چـۆن تـا سـەرەتای بـەهار لێـرە بگـوزەرێنم!... دیـسان بـەخۆم دەگـوت: هـەموو شـتێك راهاتنـە. گـوێ مـەدەیێ هێنـدە نابـا رادێی‌و هۆگری ئەم ژیانە دەبی...
وردە وردە ئاشـنایەتیم لەگـەڵ هەنـدێ كەسـدا پەیـدا كـرد... جاروبـار بـە شـەوان سـەریان دەدام، قسەیە لێرەو حیكایەتێ لەوێ شەوگارمان شڕ دەكرد. ئەوان دەڕۆشتنەوە بۆ ماڵی خـۆ، منـیش لـە ژوورەكـەی خۆمـا، هـەر لـە مەكتەبەكـەدا رۆژم دەكـردەوەو.. هەسـتم دەكـرد بـە خێرایـی لەگـەڵیان رادێم، هەر زوو ئەوەم بۆ دەركەوت كە دێهاتی قسەی خۆ گومرگ ناكەن. قسە رتووش كردنیـان لـە مەزەبدا نییە، ئازادو سەربەست، چەشنی سروشت دەكەونە بەرچاو، بۆیـە هـەرگیز لـە قسەكانیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەڵس نەدەبووم، جاری وا هەبوو لەگەرمەی دەرس گوتنەوەدا بووم، پیرەژنێ یان پیرەمێردێ هەر لە دەرێی حەوشی مەکتەبەکەوە گازی کوڕ یان کوڕەزای خۆیان دەکرد:

– خولە، خێرا بڕۆ نان بەرە بۆ سەر جووت

– مچە، لەگەڵ فاتەی خوشکتدا بچۆ بارێ دار بێنە.

– قالە، بڕۆ ئەو کەرە لە کێوی بێنەوە.

مامۆستا کێیە! کێ گوو بە کلاوی دەپێوێت.. ناوو شێوەو روخسارو ئاکار لە هزرو بیرما تۆمار بوو، و بەرە بەرە ناوی پیاوەکان، کوڕەکان، تەنانەت هەندێ لە ژنەکانیشم زانی: کوێخا وسوو، مامە رەشە، وەستا خەلیل، جەلیلۆك، فاتە دوو شوو، خەجە دۆم... حەمەی کوێخا وسوو، دەمزانی کێ خزمی کێیە، کێ و کێ کۆکن، کێو کێ ناتەبان، کیهە کیژو کوڕ دڵیان بەیەکەوەیە زۆر شتی ترم دەربارە زانین.

سەربهوردی وەستا خەلیلم لێ بوو بە مەراق، ماڵەکەی لە ژوور کانییەکەوە بوو ژوورو بەر هەیوانێك بەسەر ژێر خانێکەوە قووت بوو بووەوە، ماڵی کوێخا وسووی لێ دەرچێ، ئیدی بە شا کۆشکی گوند دەژمێردرا!!

شەوان کوڕو کاڵ بە زۆری لە ماڵی ئەودا کۆدەبوونەوە، ئەویش بە دەم کورتان درون و زین دروست کردنەوە سەری حیکایەتێکی خەیاڵی بۆ دادەمەزراندن.

... حەمەی کوێخا وسو زۆر شتی دەربارە بۆ گێڕابوومەوە... دەمزانی چەند سەرێك بزنی هەبوو، دەیکردنە نێو رانی گوند، خەڵکی گوندیش نۆرە شوانییان لێنەدەویست.. ئەویش لە بری ئەوە کورتان و سەرجی چاکی بۆ دەدرون، هەندێ جاریش لە دەست هەقەکەیدا خاتری دەگرتن. دەمزانی لە مێژە لەم گوندە گیرساوەتەوە. تۆفە شەوێك بە سواری پیرە بارگینێك لێرە لای دابوو، ئەو بارگەیەی خستبووی تا بە ئەمڕۆ نەیجوڵاندبوو. دەمزانی لە خەڵکی گوند داراترە. ئەوەیشم بیستووە کە بڕێك سەری لە درۆیان دەخورێ، ئەگەر یەکێك لە گەرمەی حیکایەت گێڕانەوەی ویدا لە رووی نەباوەڕییەوە پێ بکەنێ، ئەوا مۆرەیەکی لێ دەکات و بە رقەوە دەکەوێتە تەقەڵ لێدان و هەزارو یەك جنێوی سەر بە کولکە بە قارەمانی حیکایەتەکەی خۆی دەدا، یان دەغەنزریو قرۆقەپی لێدەکردو بە کێردیش زاری هەڵنەدەپچڕا، ئەوەشم زانی بوو کە تازە زاوایەو بەر لەوەی ئەم ژنە بێنێ ورکی لە ژن هێنانی دابوو. شەوێك کوێخا وسوو پێی دەڵێ:

– وەستا خەلیل بۆ نایەیت خەجە دۆمت بۆ بخوازین؟

برۆکانی وێك دێنێتەوەو چاوەکانی زیت دەکاتەوە، بە رقەوە تەقەڵێك لە کورتانەکەی بەردەستی دەدات، داوەکەی دەترازێ، بە دەستە لەرزێ داوەکەی بە سووژنەکەوە دەکاتەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و بەدەم لێوە لەرزێوە دەڵێ:

– حەیفت نەکرد کوێخا، بەچ ئەقڵێکەوە دەتەوێ چاڵە کۆنی خەڵکیم پێ دەربدەی، جا کۆنە قەڵتاغی وەها تلپی تەری تێدا ماوە وا بەسەر منیا ساغ دەکەیەوە، یان دەتەوێ هانی هانییەکە لە خۆت دوور بخەیەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوێخا وسوو زۆری لەبەر گران دەبێ، دەشزانێ وەستا خەلیل چ ماڵێکە، خۆ جێی سندانیش قوزەڵ قورتە، قیروسیای لێ دەکات و دەڵێ:

– دەی سا خەلیلە پیر شان و شەوکەوتی تۆ هەر ئەوە هەڵدەگرێ.

ئیدی دەبێ بە جەنگی مەغلۆبەو وەستا خەلیل سوێند لەسەر سوێند دەخوات:

– سا بەو خوایە سەر مۆر نەبێ لای لێ ناکەمەوە... کەسێ نەمرێ بە چاوی خۆت دەیبینی... رازی نیم چیدی قسەم لەگەڵ بکەی...

کوێخا وسوو هەڵدەستێ و دەڵێ:

– وەستا خەلیل ئەوا من دەڕۆم.. بەڵام نەسیحەتێکی برایانەت دەکەم ئەویش ئەوەیە کە غەرایی باجی خۆی هەیە. کورد واتەنی ئەوی بەرز بفڕێ، نەوی دەنیشێتەوە.

هەر چەندە پاکانە بۆ وەستا خەلیل دێننەوەو پێی دەڵێن: کوێخا سوعبەتت لەگەڵ دەکات. کوێخا برا گەورەی هەمووانە، بەگوێی دا ناچێ و ناچێ... سێ دانە مانگی خشت زاری لە زاری ناگەڕێ.

* * *

سەربهوردی خەلیلە پیرم لێ بوو بوو بە مەراق. گردە پیاوێکی توندو تۆڵ بوو، برۆکانی چڕو پەیوەست، سمێڵە چڕە سپییەکەی لەدوکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕا بوو. چاوە چکۆڵەکانی نامۆییان لێ دەباری. لە چاوی خەڵکی گونددا پۆشتەو خاوێن بوو. نازانم پێشتریش وابووە یان هەر لەبەر ئەوە بوو کە تازە زاوا بوو، زۆرم حەز دەکرد جار جار بچمە کنی و بیدوێنم، بەڵام...

– دێهاتی لە نێو خۆیاندا هەزارو یەك قۆڕیات دیزە بە دەرخۆنە دەکەن و کەچی بۆ بێگانە مێشی لێدەکەن بە گامێش.

ژنەکەی زۆر جوان بوو ناوە ناوە لە ڕێی کانی دەمدی، چاو باشقاڵ و نیگا نەوسن دیار بوو. ئاخر لە سونحی خەلیلە پیردا نەبوو، بە کچی دەشبیا! پاشان بۆم دەرکەوت لە لادێدا ئەگەر کچ و کوڕێك حەز لێکدی بکەن و خاوەنی کیژە پێ بزانێ مەحاڵە بیدەنێ و ئیدی ئەویش لە داخا شوو بە پیرە مێردێ دەکات، وەکو داهۆڵ بە دیار خۆیەوە دایدەنێ و لەگەڵ کۆنە دڵدارەکەیدا بە دزییەوە کاری خۆ دەکەن، پێدەچوو ژنەکەی خەلیلە پیریش نێچیرێکی ئەم نەریتە بێ، کەس نەیدەزانی ئەم کارمامزە سرکەی چۆن هێنا بووە ڕەداو خستبوویە داوەوە، باشیان لێ نەدەگێڕایەوە. ئەمەم بە فیتی ماڵی کوێخا دەزانی! ئاخر وەستا خەلیلیش هەر بێگانە بوو!!..

حەمەی کوێخا وسوو زوو زوو دەهاتە لام. هەندێ جار تا نیوە شەو دەمایەوە، پێ دەچوو بۆ تاقیبی من بێ، بەڵام من هەمیشە وریا بووم، پێم لە تەختەی چرووك نە دەنا، حەمە جگە لە وەی هەرزەکار بوو کوڕێکی هەرزەوێژو زۆر بڵێش بوو. قسەی لە زار نەدەوێستا. کە دەهاتە لای من چاوێکی هەر لە ماڵی وەستا خەلیل بوو.

ڕۆژێك گوتی:

– نەهری دەناسی؟

یەکسەر قسەی ئەو فەرمانبەرەم وەبیر هاتەوە کە کیتابی نەقڵەکەی دامێ:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– دێهاتی لە نێو خۆیاندا...

تۆزێ دامام و گوتم:

– نەهری دەکاتە کێ حەمە، پیاوە یا ژنە؟!

بزەیەك بەسەر لێوییەوە تاسا، تۆزێ راما، پاشان بە نەباوەڕییەوە گوتی:

– چۆن نایناسیت مامۆستا، ژنەکەی خەلیلە پیر، چما هەیە نەیناسێت!

دیارە تۆ نەت دیوە، قورعان بە حەقت بە ساحێبت هەر دەڵێی ئاسکی خوێن جماوەو عەودالی کەڵە نێرییە.

پێدەچوو. بیەوێ قسەم لێ دەربێنێ، بۆیە خێرا گوتم:

– هەتیو حەمە ئەم قسە قۆڕانە مەکە، خۆ بەر گوێی وەستا خەلیل بکەوێتەوە دەتکاتە عیبرەت!

نیگایەکی پڕ غروری کردم:

– چ نییە، خوا عافوت کا، داهۆڵە داهۆڵ، وا لە تۆ بووە بە رۆستەمی زاڵ.

بۆ ئەوەی نەیەڵم درێژەی بداتێ و بە حورمەتەوە وەدەری بنێم گوتم:

– حەمە من وەکو تۆ بێکار نیم، وازم لێ بێنە با بچم بەلای شاگردەکانمەوە، ئەوا هەورەکەی هێناوە، کێ دەڵێ ئەوشۆ بەفر ناباریێ و سبەی فریای دەرس خوێندن دەکەوین.

*　　　*　　　*

سەربهوردی وەستا خەلیلم لێ بوو بوو بە مەراق، ئەو هەموو شتەم لەمەڕ زانی بوو کەچی هەر دڵم دانەدەکەوت. بێگانە بوو.

– .... بۆ بێگانەش، مێشی لێدەکەن بە گامێش...

حەزم دەکرد خۆی بدوێنم، ئەگەر بڵێی مەرحەباو سەلامیشمان لە بەینا هەبوو. بەڵام...

*　　　*　　　*

شەو تێکەڵی تاریکی و تاریکی تێکەڵی شەو بوو بوو، کە لە دەرگای ژوورەوە وەدەر دەکەوتی هێندەی دی غەریبیت هەڵدەستا. کزەبایەکی ساردی دەهات. لە بای پێش بەفر دەچوو، شەوگار تۆزێ راکشا، بایەکی توندی هەڵکرد، تەقو تۆقی شرە دەرگایان کردی بە هەراو هەنگامەیەك ئەو سەری دیار نەبێ... بەفر بە دەم باوە تەنورەی دەکرد. کەبا بە گڤ و هوڕ خۆی بە نێو دەوەنە جاڕی قەد پاڵاندا دەکرد، فیزاحی ژنی کۆست کەوتووی وەبیر دێنایەوە. تۆفە شەوی وەهام قەت نەدی بوو، بە تەما نەبووم کەس بێتە میوانیم، لەپڕ لە دەرگا درا، هەوەڵجار وام زانی بایەکەیە، کە گوێم هەڵخست دەرگا بوو، دەرگای ژوورەکەم ترازاندو هەر لەبەر دەرگاوە گازم کرد: کێیە؟

یەکێك بە دەنگێکی نوساو، وەك لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێ، وەڵامی دایەوە:

– منم، بیکەوە مامۆستا...

بە دەنگیدا ناسیمەوە، وەستا خەلیل بوو، خێرە بەم تۆفە شەوە لە ماڵ وەدەرکەوتووە، بە پەلە بەرەو پیری چووم، هەموو سەروگوێلاکی بەفر بوو، دەتگوت تەیری سەر لێ شێواوەو لە هێلانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تـارێنراوە، لەبـەر دەرکـە خـۆی تەکانـدو وەژوور کـەوتین، لـە دوری سـۆپاکە دانیـشتین شـان و شەپیلکی داکەوتبوو، پیرتر دەهاتە بەرچاو، پاش ئەوەی تۆزێ گەرمی بووەوە، چاك و خۆشـیمان دووبـارەو سـێ بـارە کـردەوە، کـەمێك بێـدەنگ بـووین، لەوەتـەی هاتبوومـە ئـەم گونـدە ئەمـە یەکەمجاری بوو بێتە لام. فرسەتە لەتیف، فرسەتەو لە کیسی خۆتی مەدە، بزانـە هـەر چۆنێ بووە بـێ جولێنـە، چـۆن دەسـت پـێ بکـەم، خـۆ دەگێڕنـەوە کـە حـەزی بـە هـەڵنان و پێـدا هەڵگوتنـە، پرسیارم لێ دەچنە قاتی.

– ... سەری لە درۆیان دەخوری...

– ... کەسـێك لـەرووی نەباوەڕییـەوە پێبکـەنی، دەهـری دەبـێ، بـە دایـك و ژنـی قارەمـانی حیکایەتەکەیدا دەچێتە خوارێ یا قوڕوقەپی لێدەکات، چەندی لەبەر بپاڕێیـەوە، بلاڵێیـەوە، بەرد وەدەنگ دێت، ئەو وەدەنگ نایەت.

ماڵەکەی هەر سەدە هێسترێك لـە مەکتەبەکەوە دوور بوو، چ بکـەم، پرسـیارم لـێ چووینە قاتی، و ڤیروسیام لێکرد:

– وەستا خەلیل ئەوە چۆن بەم تۆفە شەوە رێت دەرکرد؟!

دەك بتڕەژم شێرە پیاو! بڕوا بکە من بە هەزار ترس و لەرز تا نێو حەوشەی مەکتەبەکە دەچم.

سـەری هـەڵبڕی. بـە چـاوە چـکۆلەکانی دای بێـژتم، وەك ئـەوەی بڵێـی بیـەوێ مەبەسـتەکەم بخوێنێتـەوە و مینگـە مینگێکـی لێوەهـات و بـە ئەسـپایی لێـوە ئەسـتوورو شـۆڕەکانی لەبـەر یـەك هەڵێنان و گوتی:

– نە هەقت نـاگرم مامۆسـتا ئێوەی شاری کـەمتر ساردی و گـەرمی رۆژگارتـان چەشـتوە. رەنگـە ئەمە بـەلای ئێـوەو تۆفە شـەوێکی ئەسـتەم بێ، بـەڵام ئێمـەی کوڕی بەنـدەن و کێـوان لەگـەڵی راهاتووین.. هەموو شتێکی ئەم ژیانە هـەر راهاتنـەو هیـچی دی.. مـن تـا تـەواوێکیش هـەراش بووم هەر پێیان دەگوتم کوڕی بەفرو زریان.

هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەت و کەسەری هەڵکێشا... لەسەری رۆیی:

– لە دنیادا چ شتێ لە غەریبی ئەستەم تر نییە، غەریبی هاوتای پیرییە، کوڕە وەڵاهـی نـاخۆش تریشە... بنیادەمیش عەینی شەتڵە،، دەزانی شەتڵ چییە؟

– ئەی مەعنای چی...

– جا دەم خـۆش، دیارە دەشـزانی هـەموو شـەتڵێك لـە هـەموو خاکێکـدا ناڕوێ. خـۆ لـە خـاکی غەریبدا هەر ناڕوێ... بەڵانـەکی هێنـدە هەیـە بنیـادەم لـە شـەتڵ چاو قایمترو بێعارترە، رادێ را. جا وێڕای راهاتنەکەش هەر بنج داناکوتێ..

ترسم لـێ نیشت کـە ئیدی نەگەڕێتـەوە سـەر باسـی کـوڕی بـەفرو زریـان، چۆنی بگەڕێنمـەوە سـەر باسەکە!... پێی بڵێم، پێی نەڵێم!.. دەترسم تـۆڕە بـێ و دەسـتم لـەبنی هەنبانـە بـۆرەوە دەربـچێ و ببمە کوردەکەی لە هەردووك جەژنان بوو، دڵم بەوە خۆش بوو کە دەیانگوت:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- حیكایەت خوان و داستان بێژێكی خۆش سەلیقەو بە زەینە.. چاوم بڕییە دەمی، وای لێك نابوو لە تۆ وایە بە كێردیش هەڵناپچڕێ. لێوی كەوتە جوڵە، ئۆخژنێكم وەدڵ و دەروونـدا گەڕا.
- ... بەڵێ كوڕی بەفرو زریان... ناوی راستی ئەم كوڕە پیرۆت بوو. كوڕەزای میر سمكۆی خۆشناوەتی دەبێ. میر سمكۆ دوو كوڕی دەبن:كوڕی گەورە بە نێوی میر محەمەدو ئـی بچووك بە نێوی پیرۆت. هەرتكیان جەجێڵ و ژندار دەبن. ئەم جووتە برایە لە یەك داك نـابن میر سمكۆ قەزاو بەڵای حازری دەبات و دەچێتە جێی هەقی خۆی. موڵك و میراتێكی زۆری لە پـاش جـێ دەمـینێ. كـانی و ئـاوی سـازگار، ڕەزو بـاخی زۆر، مـەزراو كێڵگـەی بـەپیت و بەرەكەت، نـاوو شـۆرەتی میرایـەتی، نۆكـەرو دیوەخـان، كارەكـەرو كـەیف و سـەفای دنیایـە. سـەرت نەیەشـێنم، شـەیتان دەكەوێتـە بـەینیان، پـیرۆت برایـەكی بـاش و گـوێ ڕایـەڵی كـاكی دەبـێ... بـەڵام لەگـەڵ بنیادەمـدا چ دەڵێـی چـەندی لـە ئاقـڵ و ئـاوەزی خـۆی رازی بـێ، هـەر بێفایدەیـە، شـیری خـاوی خـواردووەو مـاڵی دنیـا لـە خشـتەی دەبـات. میر مەمـەد وردە وردە خۆی لە پیرۆت نەبان دەكات. رووی ناداتێ. پـرس و رای پێناكات. بۆ ڕاوو سەیرانی لەگـەڵ خۆی نابات. پیرۆت زۆری لەبەر گران دەبێ، چ بكات، گرێی دڵی بۆ كـێ بكاتـەوە! هـەر چەنـدە سەر دێنێ و سەر دەبات لە پیرۆزی ژنی بەو لاوە كەس شك نابات.

پیرۆز، تازە لە زەیستانی نۆبەرەكەی هەستا بووەوە، شەوێ پیرۆت پـێ بە جەرگی خۆیـدا دەنـێ و دەڵێ:

- پـیرۆز، ئـەمن لـە كـاكم بـە گومـانم و زۆری لـێ دەترسـم، پیـاوێكی كەللـە ڕەق و خۆشـباوەڕە، دەترسم دەست و پێوەند و نمەك حەرامان دنەی بدەن و دەستی بچێتە خوێنم.
- ئەیەڕۆ گوێی شەیتان كەڕ بێ پیاوەكە، ئەوە وڕێنەی دەكەی.

هەناسەیەكی قوڵ هەڵدەكێشێت و دەڵێ:

- نا، ئافرەت نا. وڕێنە ناكەم، برای خۆمەو چاكی دەناسم، دەزانم چ ماڵێكە! خولیایـەكی كەوتـە سەر، مەگەر بە زەبری گوللە دەربهێنـرێ. دایمـە دڕدۆنگـو ناوچاوان گـرژە، بـەو بـێ كـوێرایی دابێ بەڵانەكی چاوی بە چارەی من نەكەوێ...
- پیاوەكە وانییە، تۆ بە سەهوو چوویت، رەنگە مـەراقی بابتـان وای لێكردبـێ، دەنا چۆن بـرا دەستی دەچێتە برای. هەرۆ كنی و پێی بڵێ: كاكە ئەتۆ میرو ئەمن نۆكەر، زۆرم پـێ حەیفە وا بە دڕدۆنگی و پەژارە دەت بینم، بزانە ئەوسا چۆن دڵی نەرم دەبێ و....
- ئافرەت بێ فایدەیە، چووم... هەر جارەی بە بیانوویەك، كـەمێ نەسـاغە، تـۆزێ مـەراقی هەیـە، حەز دەكات بە تـەنێ بـێ... دەسـت بە ڕوومەوە دەنـێ و وەدەرم دەنـێ. جا ئـافرەت پیاو بـە وەسێتان نامرێ، وەسێتێكت بۆ دەكەم وەكو گواران لە گوێی بگە...
- ئەیەڕۆ پیاوەكە ئەوە تێك چوویت.. گوێی شەیتان كەڕ بێ.
- سەبرت بێ حورمێ، بزانە چیت پـێ دەڵێم، كوێخا عـەوێزی پشـدەری هەیـە، پیـاوێكی گەلـەك چاكە. لە برا زێدەترە بۆ من. جا ئەگەر شتێك قەوما –دەست بۆ منداڵە ساواكە رادەكێشێت–



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میران لە کوڵ بکەو خۆتان بگەیەننە کنەوی. ئیدی ئەمە وەسیێتە ئافرەت، ئەگەر خوا نەخواستە مردم، ئەوا ناوی میران بگۆڕەو ناوی بنێ پیرۆت، تو خوا با ناوم کوێر نەبێتەوە حورمێ!..

*　　　*　　　*

زۆرم پێ سەیر بوو، بەجۆرێ باسی بەسەرهات و سەربهوردی کوڕی بەفری دەکرد، وەکو ئەوەی چ پەیوەندییەکی بەمەوە نەبێ، تۆ بڵێی وەستا خەلیلی لە ناخی خۆیدا ناشتبێ و نەیەوێ زیندوو ببێتەوە... لێی بپرسم، نەپرسم! جا پرسی بۆچییە، چما بە خۆت نازانی ناخی هەر بنیادەمێك پڕە لە خەڵك! خەڵکی هەمە جۆر، چاك، خراپ، لاشەڕو شەڕانیو....

– ... ئێ مامۆستا گەیشتینە کوێ؟

وەکو یەکێك بە دزییەوە گیرابێ، پەشۆکام، بەپەلە گوتم: ناوی بنێ پیرۆت.

– ... لە تۆفە شەوێکی گەلێك لەم شەوە بەترەفتر، میر مەمەدی غەدارباب، نۆکەران دەنێرێ، پیرۆت لە غورابی خەودا بە خەنجەران دادەرون، شەلاڵی خوێنی دەکەن. پیرۆزی خوڵ وەسەر و بابان وێران عەینی کۆتری لف کوژراو غەریب و کەسەردار دەکەویتە ناڵەو زاری: (دە بڵێ گوێو لەمن بێ، گەلی دەهۆزی، گەلی دەخوشکان، گەلی دەکرمانجەتی.

ئەم و پیرۆت چەندمان دڵ بەیەکدی خۆش بوو، وەکو ئەو جووتە کەوی چیایە، سۆنەو بورەی روباری کە دەخولێنەوە هەرە وەیلێ، چەندمان ئارەزووی دەشیرین شیرین دەکردەوە، ئەوان شەوو رۆژانەی لە جێ ژوانان دەمان گۆڕیوە دەسرۆکەو هەنگوستیلێ، بە خودای چ شادو چ مەزنێ نەدەگەیشتەوە رێك و شانی ئەوی شۆڕە جەحێلێ.

کوێن لەبەرێ، خوڵ وەسەرێ، لە و کاولە جێیانەی خۆی بە جێ بێلێ).

کە پڕ دەداتە خەنجەرێ خۆی بکوژێ، میران–ی وەبیر دێتەوە. بەو شەوە میران لە تورەکەی دەنێ، بە کۆڵیا دەداو کوێخا عەوێز خۆت بگرە هاتم، بەر لەسپێدەی بەیان شەکەت و ماندوو، غەمبار و کەسەردار تەقەی لە دەرکەی ماڵی کوێخا عەوێزی هەڵدەستێنێ.

رەنگە رووحی پیرۆت، بوو بێ بە ئەسپ و پیرۆزی گەیاندبێتە ئەوێندەرێ، دەنا چون حورمەیەکی کۆست کەوتوو بەو تۆفە شەوە، بەو زریانە، بە خۆو مەلۆتکەیەکەوە ئەو هەموو رێگا پڕ تالوکەو مەترسییە دەبڕێ و دەگاتە جێ، ئاخر روح نامرێ، بۆی هەیە بچێتە پێستی هەر گیاندارێکەوە: شێر، پڵنگ، ئەسپ، پەلەوەر، تەیروتو، ئەولیاو پیاوچاکان. رێوی، سەگ، چەقەڵو...

رۆژگار تێدەپەڕن، سالان دێنو دەچن. پیرۆز هەموو شەوێ بەو سەربهوردە کوڕی بەفر دەکاتە خەو. هێندەی ئەو سەربهوردە بە گوێدا دابوو، پێی وابوو بەڕاستی بیری دێ، وێنەو دیمەنەکان لەبەر چاویدا زندوو دەبوونەوە. کوڕی بەفر بابی خۆی نەدیتبوو، بەلانەکێ پیرۆز، کۆتەڵی بابێکی جوامێری بە نەهەق کوژرای لە هزرو خەیاڵیدا قوت کردبووەوە. کوڕی بەفر گەورە بوو، بوو بە پیرۆت، بەڵام هەرچی دەکرد و دەکۆشا گیانی تۆڵەی لە دڵدا نەدەڕسکا خۆیشی نەیدەزانی بۆ. سەبارەت بەوە بوو بابی نەدیتبوو، یان کوشتو کوشتاری بەکارێکی ناپەسندونامرۆڤانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەزانی. یان هەر خوێڕیو ترسنۆك بوو. كە پیرۆزو كوێخا عەوێز تێزە تێزەی دەدەن، لەبەر دڵی وان وەكو هەقدارێكی رق ئەستوور دەڵێ:

- دەبێ لە شەو تۆفێكی وەهادا شەبەیخونێكی بەرمە سەر كە قەیسەری لێ ببێ بە كونە مشك...

هەر چەندە ئەو قسەیە دەكات، پیرۆز وەكو مندالێ بەروویا دەگرژێتەوەو دڵی كۆڵێ بەز دەگرێ.

*　　*　　*

حەوزو كانییەكە هەر سەدە كەرێك لە مەكتەبەكەوە دوور بوو. بە شەویش دەنگ باشتر دەڕوات. جار جار دەنگێك لەوێ را دەهات و تێكەڵ بە قسەكانی وەستا خەلیل دەبوو. كە گوێم هەڵخست دەنگی خەجە دۆم بوو." دەك غەزبت لێ بارێ خەجێ، بەو تۆفەشەوە چ دەكەی لەوێندەر...."

- ... پیرۆت، لە شەوێكی تۆفدا، عەینی ئەوشۆ./ هۆ كانییە چاو قرژاڵەكەم تۆ رەگی حەیاتی، چ زی روحێ بێ تۆ نابێ../ تەدارەك لە خۆ دەدات، سواری ئەسپە كوێت دەبێ../ نەخێر نابێ، ناژی، ئەی كانییە چاو قرژاڵەكەم، من لەگەڵ تۆمە../ هەر چەند پیرۆز و كوێخا عەوێز هەوڵدەدەن پیاوی بەگەڵ بخەن قاییل نابێ و نابێ../ تۆ بە شایەت بە، ئەو خەلیلە پیرە../ تاقە سوارە بەناو بەفرو زریان دەكەوێ. میر مەمەد خۆت بگرە../ دێڵە بەبای هێناوەتە گوندی.. ئەو قورمساغە، ئەو كەوڵە كۆنە، ئەو بۆن تەگەوڕە دێڵە بەبای هێناوەتە گوندی../ بڕۆ بڕۆ دەگاتە دیوەخانی میر مەمەد. تەماشا دەكات نۆبەداران لە شیرین خەودان، ئەسپە كوێت لەبەر دەركە بەجێ دێڵێ. سەری هەوسارەكەی لە گوێسەبانەیەك دەبەستێ و تاوێكی باش دەست لە ملی وەردێنێ: ئەسپە كوێت، هۆ براكەم،كەس و كارم، هەی لە برا براترم، هێزی ئەژنۆم، پشت و پەنام، تۆزێكم چاوەنۆڕ بكە، هەر ئێستا دێمەوە كنت و سەری خۆ هەڵدەگرین و دەڕۆین. ها دەڵێی چی، ماندوویت، وا نەڵێی! لە منت كەوێ ئەسپە كوێت. هەر ئەو شەو فریام كەوە، مەردی چابەو بەرۆكم نەخەیە دەستی ناحەزان. بابە شەرت بێ بە شەرتی پیاوان هەر كە گەڕامەوەو وەڕێ كەوتین، تۆ لە كوێ لاتدا تا مردنێ ئەوێندەر بكەمە نیشتمان../كانییە چاو قرژاڵەكەم، ئەی ئەو موبارەكەی مردوو، و زندوو پاك دەكەیەوە، لەگەڵ تۆمە، ئەو خەلیلە پیرە دەیوسە غیرەتی نییە، نەخێر هەر هیچ هیچی نییە، وەختێ غیرەت بەشكراوە ئەو تەرەسە لەوێندەر نەبووە، چاو قرژاڵەكەم تۆ دەڵێی پێ نازانێ ها! پێی دەزانێ، چۆن نازانێ چی هەتیوە ورتكەی گوند هەیە بە دەوری ماڵەكەی ویدا مۆزە مۆزیانە، شەوێ تا بەیانی نانوون.. بەیانی باب و برا بە شاپان لە خەویان هەڵدەستێنن. هەتیوە ورتكە بۆ خۆ پێی خەنی بوون../ بە كاوەخۆ وەژوور دەكەوێ، دەچێتە دیار سەری میر مەمەد. سەیر دەكات لە غورابی خەودایە، ناوە ناوە دەموچاوی گرژ دەبێ و خاودەبێتەوە.

هەڵدەكێشێتە پیرە دەبان، دەیەوێ بە خەنجەران دایدورێ.. دەنگێ دێتە گوێی، وەكو بڵێی ویژدان لێی بەدەنگ هاتبێ: نەكەی پیرۆت نەكەی، تۆ پێ لە ئاوی قابیل و هابیل نەخەی...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەستی سارد دەبێتەوە. ئەوجا نافەکی دەرپێکەی دەبڕێ و بەکاوەخۆ وەدەردەکەوێ../ کانییە چاو قرژاڵەکەم، ئەی موبارەکە نەمرەکە، ماڵەکەی ئەو گەوادە بۆن تەگەوڕی لێدێ، ئەی موبارەکە نەمرەکە، جا ئەم بۆن تەگەوڕە بەربوییتە ئەم ناوە ئیدی هەتیوە ورتکە چۆن چۆنی بهێورن.. ناهیورن، دیوار کون دەکەن، چ جای ئەو چاڵەکە نەرم و شلە، ناوەڵلا بابم ناهێورن../ چی نۆبەداریشی بەردەستان دەکەوێ نافەکی دەرپێیان دەبڕێ، هەموو دەباخەڵی دەنێ و دێتەوە کن ئەسپە کوێت. هەردووک دەستی لە ملی وەردێنێ و تێر تێر تەختی ناوچاوانی ماچ دەکات: نەمگوت ئەسپە کوێت، نەمگوت زۆرم پێ ناچێت. ئەدی تۆ پیرۆت ناناسیت! ئەدی پیرۆز بۆیە هەر لە منداڵی را کردمانی بە هاوەڵ تایەکدی بناسین و پشت و پەنای یەکدی بین. باش بوو تۆش پشوویەکت دا ها! ئێستا چ دەڵێی، بڕۆین!

سوار دەبێ، دەکەوێتە رێ، ئیدی ئەسپە کوێت و تۆفە شەوو زریان خۆیان و شێریان./. چاو قرژاڵەکەم کەیفی خۆتە، ها! تۆ پێی بڵێ، ئەگەر کار وا بڕوات منداڵی سەر بێشکانیش پێی باڵق دەبن.. بەر بە تاووداوێن تەرێکی وەهایە شەوی عوربانێ بەرێ دەکات و هەر ئۆفیش ناکات... من، نا، نا من قسەم لەگەڵی نییە، بشتۆپێ، بێ ئەم کەوشە کۆنانەش ماچ بکات، زارم لە زاری نەگەڕاوەو ناگەڕێ... دەزانی چ سووکایەتییەکی پێ کردووم./

ئەسپە کوێت دێ، دۆڵاو دۆڵ دێ، پشت لە زریان دێ تا دەگاتە ئاستی ئەم چیایە بە تاو دێ، وەکو بادێ، لێرەدا لەم گوندەدا، لە ناو ئەم بازنە چیایەدا دەپسێ و... پیرۆت دەبێ بەوەستا خەلیل. میر مەمەد لە نێو خەڵك و خودا دەبێ بە مەمەد نافەك بڕاو.

*　　　*　　　*

شەوگار شڕ بوو بوو. تۆف و زریان و گێژەلۆکەی بەفر بە گژ دارو بەردا دەچوو. فیزاحی ژنی کۆت کەوتووی وەبیر دێنایەوە. وەستا خەلیل هەستا بڕوات، زۆرم هەوڵدا بیگەیەنمەوە بەر ماڵی خۆیان، قاییل نەبوو.. کە ئەو رۆیی دەرکەم قایم کرد. چوومە بن جێیەکەم. چیم دەربارەی بیستبوو وەکو شریتی سینەما بەبەر چاومدا هات و رۆیی. قسەکانی خەجە دۆم مێشکیان دەرزی ئاژن دەکردم، پەکوو لەو کابرایە! گوێی لێ نەبوو!... خۆی گێل دەکرد یان کوڕی بەفر دەبێ لە بەفر ساردتر بێ!!.

خەوم لێ کەوت. بەیانی لە هەراو زەنای خەڵکی رابووم، بایەکەی خستبوو. بەفر هێواش بوو بووەوە. بە حاڵ پروشەی دەکرد. لەبەر دەرگاوە هەڵمڕوانی، سەیرم کرد هەروا زەلامی تا ئەژنۆ لە بەفرا، بەئاسۆگەکەی ئەوبەری بەرتەنگدا هەڵدەگەڕێن. پاڵتۆکەم لەبەر هەڵکێشاو وەدویان کەوتم. وەختێ گەییمە سەرێ و تێکەڵ بە ئاپۆرای خەڵکەکە بووم، دیقەتم دا وەستا خەلیل لاقێکی هەڵهێناوەو لاقەکەی تری تا ئەژنۆ لە بەرفران رۆچووە، رووەو هەوراز رەق بۆتەوە. داهۆڵ ئاسا لە جێی خۆی بێ جوڵە چەقیوە. لە سەرووی ئەوەوە جوتێ داڵی زل، لەسەر ترۆپکی دار بەڕوویەکی زەلامی لق و پۆپ بەفر گرتوو، سرو بێ جوڵە هەڵکوڕماون و زەق زەق دەڕواننە وەستا خەلیل.

١٩٨٩



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# گریان

ئۆتۆبیلەکەی لەم سەری گەراجەکە راگرت. نەفەرەکان کەوتنە جمان. هەر نەفەر بوو، دادەبەزی‌و لەنێو ئاپورای خەڵکەکە وون دەبوو. خەڵکی چی!.. دەتگوت میروستانە، جونێ دەهات‌و جونێ دەرویی.. چەشنی جۆگەلە دەرژانە دەریای ژیانەوە. ژیانیش دەیەوێ، ئەدی خۆ راناوەستێ، هەقی چییە بەسەر شەڕەوە، کە رۆژی هەزاران جەرگ بەتەندورەوە دەدرێ. سەدان کۆست دەکەوێ، بلا بکەوێ، چش.. چەندین زارۆکی لەهەموو شت بێ خەبەر، لەنازی باب مەحروم دەکرێ. ئیدی ئەو شتانەش بوون بەبەشێك لەژیان!.. هێشتا نەفەرەکان هەموویان دانەبەزی بوون کە تەپلە سوورەکانی بەدی کرد.. لەدڵی خۆیدا گوتی:

– دیسان بێگارە، چ بوو هەر نەبڕایەوە!..

چۆن خۆی بدزێتەوە! چما کەس دەتوانێ خۆی لەمەرگ بدزێتەوە. ئەمانە لەمەرگ کوشندە ترن، کارخانەی مەرگیان دامەزراندووە. ئەرێ وەڵڵا دایان مەزراندوە. ئەدی شەڕ کارخانەی مەرگ نییە!.. چار چییە، ئاوی زۆردار بەهەورازیش دا سەر دەکەوێ.. خۆ بەخۆ دەستی بۆ لاقەشەلەکەی برد، یەك–دوو جاران دەستی پێدا هێناو لەبن لێوانەوە کەوتە ورتە ورت:

– .. کەس نازانێ خێر لە چ دایە، گەرتۆ نەبای لەوەبوو هەنوکە.. ببورە گەر زۆر جاران گازاندەم لێ کردبێ کە بە بۆنەی تۆوە کێژێکم لێ رەوی بێتەوە! دەرویێتەوە قیروسیا بلا بڕەوێتەوە.ئەرێ وەڵڵا بڕەوێتەوەو ئەولاتریش.. کێ دەڵێ ئەو خانمە، هەنوکە گندۆرەی بە ئەژنۆیان ناشکێنێ.. مێردەکەی لە شەڕگە بێ‌و نۆرەی بۆ مەرگ گرتبێ! یا لە مێژ بێ کوژرابێ، قارەماننامە یان ترسۆکنامەیەکیان لەبەرکێ نابێ‌و بێ ویستی خۆی بەمردۆیتیش لێی نەگەڕابن‌و کرابێ بەدەعەجانی؟! ئیدی شەڕە شەڕ تەڕو هیشك.. لاقەکەم قەت دڵ لە دڵ مەدە. گەر جارێکی دی گلەییە، گازاندەیەکت لەزاری من بیست لێم زیز بە. سوێند بخۆ، تەلاق بخۆ کەزارت لەزارم نەگەڕێ. ئەرێ وەڵڵا نەگەڕێ. قەتاو قەت نەگەڕێ. دەزانی ئەوە چەند ساڵێکە چ خێرێکت بۆ من داوەتەوە! دەك بەرەکەت لەعەمرت کەوێ، تۆ نەبای دەبوایە هەنوکە بەلای کەمەوە لەبەر کارخانە حەیاتەکەدا نۆرەم بۆ مەرگ گرتبا، دەبوایە لە بەرەی شەڕدا بوایەمو زێدەتریش. چما خوێنی من لە خوێنی ئەو عالەمە ئاڵترە!.. لاقەکەم من منەتباری تۆم. گەر جارێکی دی گانزاندەم لێت کرد، زاری خۆم دەبڕم. باوەڕ بکە دیبڕم.. دیبڕم‌و دەیهاوێمە بەر کسۆکان! دەگەڕێم کام سەیە، حاشاکی تو، گەلەك خوێڕییە دەیهاوێمە بەر وی. گەر وام نەکرد قەت مەمناسە. جارێکی دی بەناوی خۆم گازم مەکە: بە (جوعە) شەلم گاز مەکە ئێ! چەندت لەبەر پاڕامەوە، لالأمەوە، هاڕاندم، بۆڕاندم، سەری خۆم بەدارو دیواردا دا، ئاوڕم لێ مەدەوە. هەر بەپیاوم مەزانە. بەرد وە جواب هات تۆ وەجواب نەیێ، بێزت نەیێ، هەقی خۆتە، ئێ!

*  *  *



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئوتومبیلەکەی راگرت.. هێشتا هەموو نەفەرەکان دانەبەزی بوون کە تەپڵە سوورەکانی بە دی کرد.. لەدڵی خۆیدا گوتی:

– دیسان بێگارە چ بوو هەر نەبڕایەوە!..

خێرا گەیشتنە سەری. ئاژۆتننامەکەیان لێ سەند، ئیشارەتێکیان کردیّو خۆیان رۆیشتن..

– .. گەر وام نەکرد، قەتم مەناسە. جارێکی دی بەجوعە شەل گازم مەکە ئێ! چەندت لەبەر پاڕامەوە، لالأمەوە، سەری خۆم بەدارو بەردا دا، جوابم مەدەوە. بەرد وەجواب هات تۆ وە جواب نەیەیت، هەقی خۆتە، ئێ!..ئێستا دڵت چابوو، باوەڕت کرد! دەی بەقوربان، دەی پێ بە بەنزینا بنێ. دەی شێرە گەورەکەم، مەترسە، هەرە پێشێ، با ئەو هەموو شوفێرە لە داخی بوێریو ئازایەتی تۆ شەق بەرن. لێك ببنەوە، تاق، بتەقن.

* * *

بەئۆتۆمبیلەکە روی لەو پەنایەکرد کە بۆیان دەست نیشان کرد پەنای چی! ریزە تابوتی لە ئالأوە پێچراو وەکو لێژنەدار هەڵچنرا بوو.. ئەگەر لێیان دەچێتە پێشێو دەڵێ:

– بەقورعان ئۆتۆمبیلی خۆم نییە، بەکرێ لەسەریم، پیاوی چابن خەجاڵەتی لای خاوەن ئۆتۆمبیلم مەکەن، من بابایەکم دەرچووی زانستگا، ماڵی بێ کاریم بەقوڕێ گرت، دەنا چیم داوە لەکاری شوفیرییو..

ئەوا تەریقی دەکەنەوەو، ریزە جەنازەیەکی نیشان دەدەنو دەڵێن: رەنگە ئەمانە هەموو بەقاڵو چەقاڵ بوو بن! تۆ شەلی، ئەمانە شەلیش نەبوون! بۆ مەمنوونی بەختی خۆت نابی.. یانی دوور بوو هەنوکە تۆش وەکو یەکێك لەمانە لە تابۆتێکا کەوتبایو بەرۆکی شوفێرێکمان گرتبا تا بتباتەوە بۆ کەسوکارت! ئەدی ئەگەر تۆ نەیبەیتەوەو یەکێکی دی نەیباتەوە، ئەوا دەبێ لەبەر جەنازە ولأتەکەمان چۆڵ بکەین! بەخوا جوانە ئەوجا بگوترێ ئەو ولأتەی جەنازە داگیری کرد! چما ئەمانە بەکەیف خۆیان بەکوشت داوە؟! غێر لەپێناوی تۆو.. ئاوا چاکەی قوربانی قارەمانان دەدەیتەوە؟

جەنازەیەکیان بە سەرخست، لە سەر باربەندی ئوتومبیلەکە توند شەتەکیان دا، ئاژۆتننامەکەیان وێ دایەوە، کارتێکیان دایە دەستی، ئەدرەسی کەسوکاری جەنازەکەی تێدا بوو.

ئەوجا گوتیان:

– ناوی خوای لێ بێنە، رێگاکەت نزیکە.. هەمووی چوار هەنگاوە. دەتوانی نەفەریش لەگەڵ خۆت هەڵگری!

هەرچەندی دەکرد پێی رێی دانەدەگرت. زۆری هاوار کرد... هەر نەفەرێ کە دەهاتو چاوی بەتەرمی سەر ئوتۆمبیلەکە دەکەوت، خێرا دەڕەویەوەو دوور دەکەوتەوەو خوا خوای بوو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر یەك-دوو نەفەریش بووە لەگەڵی سوار بن و ئەو بەتەنێ نەچێتە ژێر باری ئەو تەرمە بەسامە... کوڕە هەر لە گەڵی سوار بن، کرێش نەدەن قەیدی ناکات.. جەنازە سامی تایبەتی هەیە. قەدەرێکی دی هاواری کرد:...،... بێ فایدە بوو. کێ لێرەوە تا.. دەتوانێ ئەو جەنازەیە بەکۆڵی خۆیدا بدات. ناچار سواری ئۆتومبیلەکەی بوو..

- .. دەی لاقەکەم. دەی شێرە گەورەکەم. مەترسە. هەڕەپێشێ. پێ بە بەنزین دا بنێ.. هەستی دەکرد بارێکی گەلەك قورسی بەشاندا دراوە.. قابیل و هابیل-ی لەبەرچاو بەرجەستە دەبوون.. قابیل وێڵ و سەرگەردان و داماو، دوو لۆ لەژێر قورسایی جەنازەکەی هابیل دا کۆمابووەوە...

کەوتە گلەیی لە بەختی خۆی: ئەوە قابیل باجی گەوجێتی خۆی دەدا، باخی کردەوەی خۆی دەدا، ئەدی من باجی چی دەدەم؟! من شەرم هەڵگیرساندوە؟ من ئەم هابیلە نەگبەتەم کوشتوە؟! تۆ تەمەشا تەمەشا لەو نەگبەتییە! قەلەرەشیشم لێ چونەتە قاتی..

بەدەم رێگاوە لەفکران ڕاچوو: چۆنە لە چۆڵییەکدا فرێی بدەم و بارسوك و سەر سەلامەت بگەڕێمەوە! ناکرێ نا، خۆی مردوەو تازە باکی بەهیچ نییە. بەڵانەکی کەس و کارەکەی تاکو مردن بە مەراقی چاوەنۆڕی ئەوەوە دەتلێنەوە.. گریمان هەنوکە تۆ لەجێی ئەوو ئەو لەجێی تۆیە، قایلی فرێت بدات و...

هەرکە ئەو خەیاڵەی بەهزردا هات، موچوڕکێکی پێدا هات و خێرا گوتی:.. نا، نا.. هەرچەندە تۆ قابیل نیت، ئیدی بەخت و نێوچەوانی خۆت، وا جەنازەیەکت بە کۆڵ دا دراوە کە چ پەیوەندییەکی بکەری و بەرکاری پێکەوەتان نابەستێ.. دەی باژۆ. پێ بە بەنزیندا بنێ، بەڵکو ئێ قەلە رەشێکت لێ پەیدا ببێ..

بەدەم ئۆتومبیل هاژۆتنەوە پتر لە فکران راچوو:... لە ژیانم دا دڵم نەهاتووە خەبەری ناخۆش بەکەس رابگەیەنم، ئەوجا نۆرەی جەنازە بردنەوەیە! هەر بەرد بارانم دەکەن، کوڕە وەکو شەیتان رەجمم دەکەن.. جا بۆ، خۆ خراپەیان لەگەڵ ناکەم! چما من ئەم کارخانەی مەرگ سازیەم دامەزراندووە!

لەپڕ کارتەکەی بیرکەوتەوە. سەبوریەکی پێدا هات. هەر باشە بۆ خۆی نیمچە قەلە رەشێکە! دەری هێنا. سەیرێکی کرد. تەزویەکی پێدا هات: جەنگاوەر، مامەند حاجی سەلۆ.. موسڵ، گەڕەکی.. کوچەی ژمارە....

بە پەلە کارتەکەی لە بەرکی نایەوە. پتر بەنزینی دایێ. دەنگی یەکێك لە تەپڵە سوورەکان، لەگوێی دا زرینگایەوە:

- تۆ ئیعترازی چ دەگری! بزانە ئەمانە مردوشن و چ ئیعترازێك ناگرن..

لە دڵی خۆیدا گوتی:.. تف لەشەڕ، چ قەدرو حورمەتێ بۆ مرۆۋ نایەڵێ. جاران یەکێ مردبا، یا کوژرابا، بەلای کەمەوە تەزویەکی پیرۆزو سامداری لەمرۆۋ دێنا. کەچی ئێستا، ئەو خەڵکە بەکوشت دەدرێ و دەشکرێ بەنوکتە..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*     *     *

گەییە شار، کارتەکەی دەرهێنایەوە. ئەم شەقام و ئەو شەقام، کوچە بە کوچە.. ڕێك خۆی بەکوڵانێکی تەنگدا کرد. لەکێ بپرسێ، چۆن بەرگەی فیزاح و شینو شەپۆڕی ئافرەتان بگرێ؟! تۆزێکی دی ڕۆیی. کابرایەکی بەتەمەن، بەڵام پاكو خاوێن، لەبەر دەرگایەکی گەورەدا وەستابوو. هاتە پێش ئۆتۆمبیلەکە، بەئیشارەت ڕایگرت:

– ماندو نەبی ڕۆڵە.

– ... کوڕە وەکو شەیتان ڕەجمم دەکەن.. خێرا گوتی:

– خوا ئیمانت بداتێ حاجی.. ئەرێ بێ زەحمەت..

– دابەزە، دەزانم دەڵێی چی، هی منە، کوا کارتەکەم بدەیێ. کارتەکەی دایێ. دوو–سێ جاران ماچی کردو نایەسەر چاوی. هەندێ لێوی بزواند، ئەوجا دەستێکی بە ڕدێنە چەرمووەکەیدا هێنا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:

– زۆر شوکر خوایە. شوکرانە بژێری بەر دەرگاتم..

لەپڕێکا لە قاقای پێکەنینی دا. پێکەنینێك هەر ئەوە نەبوو سەری پێوە هەڵبکەندرێ. ئەوجا لە پڕ هێور بووەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئۆخەی.. ئۆخەی.. ئۆخەی. باشتر، خۆ لە دڵەڕاوکێ ڕزگار بوم. شوکر چی دی دڵم دانا خورپێ.

خەڵکی گەڕەك کۆبونەوە. جەنازەکەیان داگرتو بردیانە ژورەوە. حاجی سەلۆ، بە تۆبزی شوفێرەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژورەوە. بە زۆر نانو ئاوی بۆ هێنا. هەر لە بەر دڵی حاجی، یەك–دوو پاروی بە نەبەدڵی خواردو بەزیادی کرد. هەر دەی ڕوانییە حاجی. بزەیەکی ساردو گەوجانە نیشتە سەر لێوی حاجی و گوتی:

– نەهەقم مەگرە ڕۆڵە، کە بەو شێوەیە پێکەنیم، باوەڕت بێ ئەوە سێ ساڵە، سێ ساڵی ڕەبەق پێکەنین نەکەوتۆتە سەر لێوی ئەم حاجی سەلۆیە. دەڵێن خەم کێو لە بن دێنێ.. بەڵام من ئەوە سێ ساڵە بەنجی خەمم... تۆ ژنت هێناوە؟!

(ببورە گەر گازاندەم لێ کردبی کە بەبۆنەی تووە کرژێکم لێ ڕەوی بێتەوە..) خێرا گوتی:

– نەخێر

مرۆڤ بێعارە، ویستی بکەوێتە گلەیی لەلاقی، بەڵام باش بوو، دەنگی نوساوی حاجیوە ئاگای هێنایەوە:

– خۆزگەم بەخۆت کە مەعنای جەرگ سوتان نازانی! ڕەنگە پێت سەیر بێ کە یەکسەر کارتەکەم لێت وەرگرت... تۆ جەرگی خۆت نەدیتوە. بابو داك بەبۆن، هەواڵی فرزەندی خۆیان دەزانن، جابا لە دووری هەزاران کیلۆمەتریش بێ: بەدەم قسەوە، دەستە لە ڕزۆکەکانی بە بەرکی دا کرد، سەفتەیەك پارەی دەرهێنا، لە بەردەم شوفێرەکەی ڕاگرت.

– نابێ مام حاجی، پارە وەرناگرم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- نەخێر وەری دەگری، بەگۆری ئەو جوانە مەرگەم وەری دەگریو بڕایەوە پارە بۆ تۆ باشە. تۆ گەنجی.. من تازە چ لەپارە بکەم!.

بە تۆبزی پەنجا دیناری لەمستی شوفێرەکە ناو گوتی:

- بیگرە، تۆ منت رزگار کرد، چی دی دڵم داناچڵەکیّ، لەسیّ کوڕان شتاقیان نەمان.. هەموو بوون بەخۆراکی شەڕ.. قەزاو بەلاّی تۆیان بردبیّ.

شوفێرەکە هەر بەجاریّ تاسا، نەیزانی چۆن دڵی بداتەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەسەر سامییەوە گوتی:

- سیّ!....

حاجی، کەمێك داما، ئەوجا لەپڕ لە سەلاّی گریانێکی هێندە بەکوڵو حەزینی دا، بەردی بەرد ئاسای دەکرد بەئاو.

*　　　　*　　　　*

جوعە شەل، سورای ئوتومبیلەکەی بوو، بەرێی خۆیدا گەڕایەوە. هەستی دەکرد بارەکەی سەرشانی سووك بووە، بەدەم ئاژۆتنەوەو لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

((ئەشەدو راست دەکات، خەمی گەورە مرۆڤ بەنج دەکات. سیّ! گاڵتە نییە!.. بەستەزمانە تازە بەنچەکە بەری دا.))

١٩٨٩



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# تابووت

ئەو بەیانییە لەشار دەرچویت. ڕێك ڕوت كردە ڕۆژهەلاَت. گێڕی ئوتومبیلەكەت گۆڕی. كەمێك پێت بە بەنزیندا نا. گۆڕانێكی سەیرت لەخۆتدا هەست پێكرد. پێدەچیٚ هەندیٚ گۆڕانیش كوتوپڕ یەخانگیری مرۆڤ ببیٚ، پرۆژەیەكی پێشوەختە نییە.. نیگەرانی بە دەمارەكانتدا دەهاتو دەچوو. پیاوەكەی جاران نەبوویت، كوا ئاسودەییو متمانە بەخۆ بوونەكەی جارانت!. لەشت سستو قورسە.. گۆڕانێكی ناوەخت ناخی دەكێلاَیت. دەلەرزیت. دەستت بەسوكانەكەوە دەلەرزی. ڕوانیتە ئاوێنەكەی بەرانبەرت. بیلبیلەی چاوەكانیشت دەلەرزین. نیگات دەلەرزی. لەزرێكی سەیر سەراپای بونتی گرتەوە. دەتزانی لەرزی ترس نەبوو، لەرزی نیگەرانی بوو. لاجانگەكانت دایانە ژان. گەروت هیشك بوو. خاوبونەوەیەكی سەیرت بەناخدا دادەگەڕا. لەخاوبونەوەی پاش پەشیمانی دەچوو. تۆو پەشیمانی! تۆی مەستی سەركەوتن. خەلكیت بەهێستری دەوری ناعور دەزانی دەبیٚ بخولێنەوەو منەتباریش بن. كەچی ئەوەتا بە تۆ بیٚ بخەوی، خەونێكی بەدرێژا. دوور لەشەڕە شەقو سەر یەشەو بیروبیركردنەوەی دنیا. لەباوەشی ئاسودەییەكی مەنگو بیٚ جوڵەدا. بەلاَم ڕابردوو یەخەت دەگریٚ. كردەوەكانت بەرۆكت دەگرن. بەرجستە دەبن. هزرت دەهاڕوژێنن. كاسەی سەرت پڕە لەژاوەژاو. تەم ئاسمانی بیرتی گرتووە. وێنەكان بەنێو یەكدا دەچن. لقو پۆپیان لیٚ دەبێتەوە. دەبن بەهەڵمو دەچن بەئاسماندا، ون دەبن! دووبارە بەرجەستە دەبنەوە:

چەكدارەكانت شوانێكیان لەو كێوانە بەگیر هێنا. بۆیان هێنایت. ڕۆستەمی زالیان بۆ هێنایت!. چۆن لێی ڕادەمایت گوناح دەهاتە بەرچاو. سیمای بێگەردی، نیگای بێگەردتر، ئەمما پڕ لەغوربەت! بەلاَم تۆو سۆز!! تائێستاش دلنیایت كەسۆز بیروباوەڕ دەلەوتێنیٚ، دەنا چۆن... كەچاوت بەكوردێك دەكەویٚ، یەكسەر زرغام-ی ئامۆزات بیر دەكەوێتەوە. جەستەی لەخۆێنا هەلكشاویت لەبەرچاودا بەرجەستە دەبیٚ. نەجمە تۆزاوییەكانیت دێنەوە بەرچاو كەچۆن بەبیٚ نمودی لەسەر شانەكانی ماتەیان دابوو. موچڕكێكیت پێدا دێت. مووەكانی لەشت ڕەپ دەوەستن. وا دەزانی ئەو كوردە ئائێستا لەكوشتنی بووەتەوەو بەدرۆ خۆی گێلو گوناح دەنوێنیٚ.

... شوانەیان بۆت هێنا. بیٚ گوناحو بەستەزمان دەهاتە بەرچاو. گوناحو بەستەزمان لە فەرهەنگی تۆدا جێی نەدەبووەوە. چۆن دەستبەرداری تۆڵە دەبی! چۆن واز لە لەزەتی مرۆڤ كوژی دێنی! تێكەلٚ بەخوێنت بووەو بۆت تەرك ناكریٚ! كەوتیتە پرسیار. بەعەرەبی گوتت:

- كاكە ناوت چییە؟

- حەمە.

- ئۆو، هەم حەمە!

لەدلی خۆتدا گوتت: نەمرم قڕتان تێدەخەم، دواتان دەبڕمەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

غوربەتێکی مەرگبار نیشتە سەر نیگای حەمە، هەڵپروانییە دوور، چاوی بڕییە بەرزترین لوتکە، دەتگوت گەرەکێتی چاوی بەدوا دیداری خاکی باب‌و باپیرانی بڕێژێ! مرۆڤ هێندێ جار بە بۆن، بەڵێ بەبۆن پەی بەڕازو نیازی بەرانبەرەکەی دەبات! بەدەنگێکی نوساوەوە گوتی:

– ئا، هەم حەمە.

پێت گوت:

– تۆ ملازم زرغام–ت کوشت؟

بێ دەسەڵاتانەو گریان لە ئەوکا گیراو، سەری بەم لاو بەو لادا بادا... دانەوییەوە. گاردە تایبەتییەکانت گورگ ئاسا وەکو لەبیاباندا پەلاماری مەڕێك بدەن، پڕیان دایێ. تێت خوڕین:

– خەڵوو...

چنگێ خۆڵی هەڵگرت. تێر تێر بۆنی کرد، ئەوجا وەکو چۆن شەکرۆکەو نوقوڵ بەسەر بووك دا هەڵدەدرێ، چنگە خۆڵەکەی بەسەر خۆیدا هەڵدا. بزەیەك کەوتە سەر لێوی‌و زوو ئاوا بوو. وەك ئەوەی بڵێ: ئەوا من دڵی خۆم کرد بە تەرزە، جا تۆش چیت لەدەست دێ، بڕۆ بێ منەت بە.

ساویلکەو بەستەزمان دەهاتە بەرچاو. بەڵام بەکێ دەڵێی! سەرهەنگ فەهد! ئەوەتا دەنگێکی نادیار دەمارەکانی مێشکی دەهاڕوژێنێ: نا، نا چەندیان لێ بکوژی زامی زرغام لە دڵت سارێژ ناکات.

*    *    *

دەستورت دایێ غاربدا، تۆش لەدواوە سێرەی لێ دەگری. ئیدی خۆی‌و بەختی یان دەنگێورێ یان دەرباز دەبێ. دەربازی چی! تۆ تەیر لەحەوا دێنیە خوارێ. ئێستا ئەم کەرتە کێوە لەدەستت دەرباز دەبێ!!

کەوتە غاردان. چاوەڕوانت کرد تا گەییە قەد پاڵێکی گەلەك ڕك‌و ڕژد. دەستت بە پەلەپیتکەوە نا. شوانەی تاین عەینی هەڵۆی ئەنگێوراو بەقەد پاڵە هەزار بەهەزارەکەوە بەرەو قولایی کەوتە تەقڵە لێدان‌و تەپاوتل. چاوت لێ نە گواستەوە تا لە قولایی دۆڵەکەدا گیرسایەوە. لەپڕ تۆپەڵە نورێك لەئاستی جەستەکەوە، نەخێر هەر لەخودی جەستەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشا. ترسێکی ئاڵۆز کەوتە نێو دڵ‌و دەرونت تائێستاش ئەو ترسە نادیارەت لەدڵ دەرنەچووە. ئەمجارەیان بەپێچەوانەی جارانی دییەوە لە قاقای پێکەنینت نەدا، لەدڵی خۆتدا نەتگوت: بنوو زرغام بنوو ئاسودە. یەك‌و سەد، یەك‌و هەزار، یەك‌و... تۆڵەت دەکەمەوە.

*    *    *

سیمای بێگەرد، نیگای بێگەردتر ئەمما پڕ لەغوربەت! بەڵام ویژدانێك کە لەوتا، کەنگێ جێی ئەو شتانەی تێدا دەبێتەوە!..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*         *         *

رۆژگار تێپەڕین. ریزە نەجمەی سەر شانەکانت زیادی کرد. بەڵام ترسی گۆرینت لە دڵ دەرنەچوو.. بەخۆیشت جار جار سەرت لەم دڵ دانەکەوتنەی خۆت سوڕ دەمێنی! کابرایەکی ئاقڵ و بەئاوەزیشت لێ هەڵنەدەکەوت هۆی ئەمەت تێ بگەیەنێ.. رۆژێك بەڕێکەوت لەبارێکدا توشی مەدەنی دۆستت بوویت. بەشانازییەکی زۆرەوە سەربوری حەمەی شوانت بۆ گێڕایەوە. مەستی سەرکەوتن بوویت، پێت وابوو مەدەن-ش وەکو تۆ لەکەیفان گەز گەز باڵا دەکات، دەکەوێتە ستایش‌و ئافەرینت. کەچی بەپێچەوانەوە، زۆر پەست بوو. سیمای گۆڕا. دەموچاوی کەوتە شەپۆل دان. گرژ دەبووەوە، خاو دەبووەوە. بەیەکدی دا دەچوو، زرغام، مەدەن-ی بەتۆ ناساند. ئەوان دۆستی یەکدی بوون، بۆیە وا بەتەما بووی هەر نەبێ لەبەر خاتری گۆڕەکەی زرغام ستایشت دەکات‌و دەست خۆشیت پێ دەڵێت. کەچی زۆر پەست بوو. ئێستاش لەبەر چاوتە چۆن بەنیگەرانییەوە هەستایە سەر پێ‌و چۆن گڕی توڕەیی‌و بێزاری لەچاوە گەشەکانی بووەوە. لێوە تەنکەکانی کەوتنە تە تەڵە. دەستی خستە سەر مێزەکە. باڵا بەرزەکەی نوشتانەوەو بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

- تۆ کابرایەکی ترسنۆکیت.. ئا، زۆریش ترسنۆکیت، تەنیا ترسنۆکان دەستیان دەچێتە کوشتن. ئەگەر ترسنۆکان لەدنیا نەمێنن، کوشت‌و کوشتاریش نامێنێ. تۆ کابرایەکی ویژدان لەو تاوی‌و-زرغام-ت کردوە بەبیانوو. تۆ بۆ لەخۆت ناپریست کە زرغام چی گەیاندییە ئەوێ! تۆ گیانت بەوەیە روحت سڕ بووە، تەواو بەنج‌و بێ ئاگایە.. دەنا بێدار ببێتەوە ئیدی ئۆقرەت لێ دەبڕێ‌و رەنگە... هەر ئەو گیانی شەڕخوازییەی لەخۆتدا پەروەردەت کردووە لە نێوت دەبات.. من خواحافیز.

رۆیی. کەمتر خۆی نیشان دەدایت. خۆی لێت دەدزییەوە. تۆش بەحسێبی خۆت بەو هەموو قارەمانێتییەوە بەترسنۆك دەرچوویت! تڕحێو جەنابی سەرهەنگ، تەڕ دوایان دەبڕی.. نەتدەتوانی پاشگەز ببیتەوە. فەهد-ە شەڕانییەکەی ناخت بکوژی‌و دەنگبڕی بکەیت. بوونە مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە!

تواندنەوەی کورد، لەخاك هەڵبڕانیان، زەلیل کردنیان بوو بوو بەخەمی سەرەکیت. ببڕە، بکوژە.. بێزار نەدەبوی، لەگەڵ هەر نەجمە یان میدالێکی تازەدا دەمە زەرد دەبوویتەوە.

*         *         *

ئێستا بەحیسابی سەرهەنگ هەموو شتێك تەواو. کە پیرو پەککەوتەو ژن‌و منداڵان وەکو مێگەل بەرەو خوار رادەدران، بەکۆمەڵ بێ سەرو شوێن دەکران، ئەم، دڵی بەزی دەگرت. هەستی دەکرد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەجمەكانی سەرشانی پتر رەونەق پەیدا دەكەن‌و زیاتر دەبریقێنەوە. خۆزیای دەخواست زرغام-ی پس مامی ئەم دیمەنانەی بەچاوی خۆی دیتبا..

*　　　*　　　*

ئێستا ئاسودە بیر، هیچ نەماوە!! دوا مۆدیلی ئوتومبیل داژوێ. جادە گشتییەكە دەبڕێ. كەناوە ناوە كچۆڵەو ژنان، پیرەمێردی رەنگ‌و روو سیسەڵەو چرچەڵە، كوریژگەی شڕۆڵەو خەم لەسیما نیشتوو، لە قەراخ جادەكە دەبینی بەچەپكێ نێرگزەوە، یان پریاسكەیەك نۆ بەرەی كنگرەوە یان دوو دەسك پیشۆكەوە، خۆ بەرەو ئوتومبیلان دەكوتن، سامت لێ دەنیشێت، ئەم سوور بوونەیان لەسەر ژیان‌و ئەم بێدەنگییەیان دەت ترسێنێت، سووربوونیان لەسەر ژیان خەتەرە، وایان لێدەكات بیر لە رزگار بوون بكەنەوە، ئێستا نالێی: كورد سپڵەو پێ نەزانن، لە روی مرۆۋ دۆستی خۆمانەوە، حوكمی زاتیمان دانێ كەچی لە ئاژاوەی خۆ ناكەون، ئەوە دروشمی سەر دەمانێ بوو گوزەشت!
لەم گۆڕانەی خۆت دەترسیت. دوو ڕیانێكی سامناكە! ژاوە ژاوێك بەناخت كەوتووە، ژاوە ژاوێكی ئاڵۆزو نامەفهوم. ژاوە ژاوەكە بەرە بەرە رون‌و رونتر بە دڵ‌و مێشكتدا دێ‌و دەچێ.
- ... تۆ گیانت بەوەیە روحت سڕبووە. تەواو بەنج‌و بێ ئاگایە، دەنا بێدار بێتەوە ئۆقرەت لێ هەڵدەگرێ. تۆ كابرایەكی وشتر كینەیت، كینە پەروەری بێ ئاكامە.
ئێستا، لەم دەمەدا، ئەو قسانە بەرونی‌و بێ گرێ لە مێشكتدا دەزرنگێتەوە. سەرت بەم لاو بەولادا بادەدەیت. وەك ئەوەی بتەوێ ئەو قسانە لە گوێچكەو مێشكت بتارێنی، بەڵام بێهودەیە.. بیر دەكەیەوە. مێشكی خۆت دەكوشی، زەینشت كوێر بووە.. ئەو قسانەت لە كوێ خوێندۆتەوە.خوێندنەوەی چی! تۆ كەی لات لە خوێندنەوە كردووە! چت داوە لە خوێندنەوە.كام خوێنەواری گەورە، هەر قسەی خۆمان بێ، بە عەزرەتی رۆژێك ژیانی ژیانەوە سەری نەناوەتەوە! كام خوێنەوار ئەم پلەو پایەی تۆی بە خەونیش دیتووە. خۆزگەم تۆوی خوێنەوار لە دونیادا دەبڕا. ئەو دەمە بارسووك و سەر سەلامەت، بۆ خۆ دەژیاین.
سەری لە خۆی سوڕماوە. ئەم قسانە وەكو جاران لە كانگای دڵییەوە هەڵناقوڵێ: (نا، نا، خوێندنەوە هەر نەوە! بیر بكەوە بزانە لە كێت بیستووە. دەی مێشكی خۆت بگوشە، ناوەكەیت لەسەر زارە بەزیاد نەبێ زەینشت كوێر بووە. تووشی فقدان زاكیرە نەبی! شەیتان بە نەحلەت بی چۆن ناچیتەوە سەری ها! ناوەكەیت لەسەر زارە، شێوەیت لەبەر چاوە. دەقاو دەق لە بەر چاوتە. باڵا بەرز، پرو تۆكمە، سیما ناسك و چاوگەش، سمێڵ تەنك، ناوەكەیت لەسەر زارە...!

*　　　*　　　*

پێڵوی چاوەكانت قورس بوون. دەنگی ئەوە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– ... هەر ترسنۆكان دەستیان دەچێتە كوشتن، گەر ترسنۆكان لە دنیا نەمێنن كوشتاریش نامێنێ...

بزەیەكی سارد بە سەر لێوتەوە تاسا. هەر وازت نەهێنا. بیرت كەوتەوە: ئا، مەدەن، مەدەن. مەدەن عەبدول عەزیز مەدەن، خۆ تۆزێ لەمەوبەر ناویت بەسەر زارەوە بوو. كە سەربوردەی حەمەی شوانت بۆ گێرایەوە كابرای تاین هەر شێت بوو. چاوی پەڕییە تەوقی سەری. ئیدی لەو ساوە وردە وردە خۆی لێ دزیتەوە.

*　　　*　　　*

هاواری گاردە تایبەتییەكەی تەنیشتت وە ئاگای هێنایتەوە. هاواری ئەو و زیرەی بڕێكی كوتوپڕ تێكەڵ بە یەكدی بوون. فیزاح و شین و شەپۆڕی دایكی ضرغام–ە.

– هەی وەی شێرە، ضرغام شێرە. هەی وەی شێرە، عارەب شێرە... دابەزیت. پیرەمێردێكی حەپەساو بە چەپكێك گوڵە نێرگزەوە لە یەك مەتری ئوتۆمبیلەكەتەوە رەق راوەستا بوو. تا هێز لە بازووتدا بوو زللەیەكت خێواندێ. بە نیگای خەم لێ نیشتوو دای بێژایت. بێ وەی خۆی شێلو بكات رومەتەكەی تری بۆ راگرتیت. قەت ئەمە كورد نییە!! زۆر بە خۆتدا شكایتەوە. نەخۆت و نە زللەكەتی بە هیچ حسێب نەكرد! ئەوجا بە لە قە لەق بەرەو قەراغ جادەكە بەڕێكەوت، نەوەستایەوە هەنگاو لە دوی هەنگاو بە گوڕتر دەڕۆیی چاوت تێ بڕی. گەییە ئاسۆگەیەك. زەینت دایێ، دەستت كردە سێبەر بۆ چاوەكانت. چنگێ خۆڵی هەڵگرت، تێر تێر بۆنی كرد. ئەوجا تا هێزی تێدا بوو وەكو شەكرۆكەو نوقڵ بەسەر بووكدا بكرێ، خۆڵەكەی بەسەر خۆیدا هەڵدا. پاشان بە تورەیی ئاوڕێكی پاشەوەی دایەوە. ئەوجا توند وەڕێ كەوتەوە. تا نەكەوتە نەدیوی نیگات لێ نەگواستەوە. كێ دەڵێ ئەمە روحی حەمە نییەو بیەوێ بەو جۆرە تۆڵەت لێ بكاتەوە!!.

سەرت لە خۆت سوڕماوە. ئەوە جاران بوایە...

سست و خاو وەك ئەوەی جەنازەیەكی قورس قورست بەسەر شانەوە بێ، سواری ئۆتۆمبیلەكەت بوویتەوە. پێت بە بەنزینەدا نا سورعەتت دایێ. دەتگوت گەردەلوولێك بەناو ناخت كەوتووەو كۆنترۆڵی لە دەستت سەندووە. لە دڵی خۆتدا گوتت: نەخێر تەواو نابن نا، نەوەو تیرەی جنۆكان چۆن تەواو دەبن!.

سەرت هاتە ژان. تا پتر پێت بە بەنزیندا دەنا، ژانە سەرەكەت زیادی دەكرد. ژاوە ژاوەكەی مێشكت پتر دەبوو. ئاشكراتر پەردەی گوێی دەسمیت. ترس و سامە ئاڵۆزەكەی ناختی دەهاڕوژاند.

ئێستا دەنگی مەدەنە:

– دەگەیە دوو ریانێك، لە جێی خۆتدا دەچەقیت. هەموو دەسەڵاتێكی هەڵبژاردن لە دەست دەدەیت. ناچار خۆت بە ڕێكەوتێكی قێزەوەر دەسپێریت..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێت به بەنزیندا نا، ئەوپەڕی سورعەتت دایێ. ژاوە ژاوەکەی مێشکت بەجێ نەما!!.. پتر پێت به بەنزیندا نا. وێنەی تابووتی سەر گێچەکەی بەردەمت بەدیار کەوت. کوژایەوە. هەڵبووەوە. بەرجەستە بوو. بەرجەستە تر بوو، نەکوژایەوە. هەستت کرد مەرگ گەییە سەرت، بۆنی پێوە کردیت. دەموچاوتی لستەوە. به ناو ناخت کەوت، دەستی نایە بینی روحت، هەر هێندەت ئاگا له خۆ بوو، وەکو ئەوەی خەونێکی سامناك بدینی، لەو خەونەدا داڵێکی ئەنگێوراو بوویت، له قووڵایی ئاسمانەوە به سورعەت بەرەو ناخی تاریکییەکی تاریك تاریك بەر دەبوویتەوە.

١٩٨٩



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# قەڵەم باز

(١)

لـە کەسـی ناشـارمەوە، بـانگی محەمـەد بـە ئاشـکرا خۆشـە، مـن بابایـەکم قەڵـەمباز، ئـەمیش کاسبییەکە وەکو هـەر کاسـبییەکی دی. کاسـبی حەڵاڵـە. پیـاوی کاسـب خۆشەویستی خـەڵك و خوایـە! ئیـدی کاسـبی جـۆری هەیـە. چ بکـەم مـن ئـەم کاسـبییەم لەچارە نوسـراوە! بـاوەڕ بکـەن قـازانجێکی ئـەوتۆ ناکـەم. ئەوەشـتان لێ ناشـارمەوە، قازانجەکـەی مـن، تـەنیا سـوکە قـازانجی مەعنەوییەو هیچی دی. من خۆم بەم قازانجە قاییلم، بەشێ باشە خـوا بیدات. رەنگە کاسبکارانی ئەم دەڤەرە گاڵتەیان بەئەقڵی من بێ. بەڵام من خۆم رازیم. مەمنونی بەختی خۆمم کـە کاسـبکارانی ئەم دەڤەرە بەبێ ئەقڵم بزانن و خەنیم و رەقیبم لێ پەیدا نەبن... رۆژێ دێ پـەی بـەژیری مـن بـەرن. ئەمانە غەشیمن غەشیم! نازانن هەر ئەم کاسبییە پاك و خاوێن و شارسـتانییە گـەر تـەقدیر تـەگبیرم لێ تێك نەدات دەم گەیەنێتە ئەوەی هەموو کاسبییەکانی تریش بەقۆنتـەرات بگرم. ئـەم ئیعترافـە بـۆ من خەتەرە! بەڵام قەیدی نییە، با گلەییم نەیەتە سەر.

خۆم بەپیاوێکی خراپ نـازانم.. چ بکـەم ئیـدی ئـەم کاسـبییەم هەڵبـژاردووە. مـن قەڵـەم بازم، قەڵـەم دەکڕم، هـەموو جـۆرە قەڵـەمێك، گـەورە، بـچوك، بەهیبـەت، چـروك، هـەموو رەنگـە قەڵـەمێك دەکـڕم، لەسوری تۆخـەوە بیگـرە تـا رەشـی رەش و هـەموو رەنگێکـی دی. بـە هـەموو جـۆرێ دێمـە بـەرەوە. قەڵـەم بـەکرێ دەگـرم. هـەموو جـۆرە قەڵـەمێك، پێـشوەختەش کرێـی خـۆم دەدەم. دەتـوانم قەڵـەم بەقۆنتـەرات بگـرم، بـەتاك، بـە کۆمـەڵ.. قۆنتـەراتی مـەفتوح و مەحـدودم هەیـە! هـەموو قەڵـەمێك بـە قۆنتەرات دەگرم، قەڵـەمی مـەرد، نامـەرد، سـەربەرز، سەرشـۆڕ، نەبـەز، دۆڕاو، شـۆڕشـگێر، جـاش.. شـۆڕشـگێ... دەرگـای مـن بـێ چ پـێش مـەرجێك بـۆ هـەموو قەڵـەم و قەڵـەم بەدەسـتێك لەسـەر گـازی پشتە، لە هەموو کاتێکدا، لە وەخت و ناوەختدا، تێ ناگەن؟ بـێ سـەروبەرییە؟ تێکـەڵ و پێکەڵییـە؟! ئێـوە راسـت دەکـەن، ئۆبـاڵ بەئەسـتۆم راسـت دەکـەن. بـەڵام ئەمـە نهێنـی کاسـبییەکەی منـە. حـەز ناکەم زۆرم لێ بکەن، چونکە کە نهێنـی کاسـبی هاتەدرکانـدن، ئیـدی سـیحری ئـەو کاسـبییە بـەتاڵ دەبێتەوەو خاوەنەکەی دەکەوێتە سەر ساجی عەلی. هەر کاسبییەك جۆرە سـیحرێکی خـۆی هەیـە، سیحرەکەی بەندە بەو نهێنییەوە. مـن لـە قەڵـەم تێـر نـابم، دەکـڕم، بـەکرێ دەگـرم، دەگـۆڕمـەوە. بـە قۆنتـەرات دەگـرم.. هـەموو قەڵـەمێك، هـەر قەڵەمـەو بـە نرخـی خـۆی و بەسـیعری بـازاڕی وەخـت. تەنانات قەڵەم بە عەقد بـەکرێ دەگـرم، لـە تاقـە سـەعاتێکەوە تـا ئـەو کاتـەی خاوەنەکـەی دەیـەوێ. کـرێ بـەو قەڵەمـەش دەدەم کـە دەسـت بـەکڵاوی خۆیـەوە بگـرێ، خـۆی تێکـەڵ بـە هـیچ کاروبارێـك نەکات! هەقی بەسەر هیچەوە نەبێ.

پارەم دۆزیوەتـەوە؟! نـەخێر، عـەرزم کـردن مـن پیـاوێکی خـراپ نـیم، بابایـەکم قەڵـەمباز. قەڵـەمباز یانی ئاشق بەرادەی نەخۆش، هـەموو (شـت بازییـەك) وایـە: جـۆرە خولیـاو نەخۆشـییەکی لەگەڵـە، واتـا ئاشـق تـا رادەی سـوێ بونـەوە. قەڵـەم بـازییش هـەر وایـە. خۆشەویـستییەکە کـە سـنوری خۆشەویستی ئاسایی دەبەزێنێ..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من حەز ناکەم، هەقی خۆمە، پیشەکەم وا دەخوازێ، هیچ قەڵەمێك بەبرسێتی، روت و رەجاڵی بدینم، باوەڕ بکەن چاوم بەرایی نادات نا، حەز دەکەم هەرچی قەڵەم هەیە، تێرۆپڕ، پۆشتەو پەرداخ، بە کەیف و بەدەماخ بێ..

(٢)

دەنگ دێ، دەنگێك لە دوری دورەوە دێت، دەنگ نامرێ، هەر دەمێنێ. گەر کەسێك بیەوێ و بە ئەشقەوە گوێ بگرێ، دەنگی هەر کەسێکی بوێ دەی ژنەوێ. جا بائەو کەسە زۆریش لێتەوە دوور بێ. یان هەزاران ساڵ بێ مردبێ. تۆ گەر بتەوێ، خۆت رابهێنی، خۆت ئامادە بکەی دەتوانی و زۆر چاك دەتوانی ئەو دەنگە بژنەوی. ئەوەتا من حاڵی حازر دەنگێك دەژنەوم. دەنگێك دەڵێی لە بنەبانی ئەشکەوتێکی قوڵ قوڵەوە دێ. ئەو دەنگانە بەزۆری لەو کاتانەدا دێنە بیستن کە لەرەی بیرکردنەوەت لەگەڵ لەرەی بیرکردنەوەی خاوەن دەنگەکەدا یەك بگرێتەوە. ئەوەتا دەنگێك بە ئاشکرا لە دەرکەی بیستنم دەدا:

( گەر ویستت شوێنێ داگیر بکەی، بەر لە هەموو شتێ قەڵەم بە دەستان و شاعیرانی ئەو شوێنە بکوژە. ئا، ئا بە تایبەتی شاعیرانی، چونکە زۆر ئاژوە چین، ئەوسا بێ خەم پشتێنی لێ بکەوە و وا بزانە لە ماڵی خۆتدای..)

تەحا لەو دەنگە!! ئەمە دەنگی مامۆستایەکی گەورەی رۆژگای خۆیەتی. بەڵام نا، مامۆستا گیان نا، ئێمە ئەمرۆ لەسەر دەمێکی دیدا دەژین.. ئەم ئامۆژگاریانە هەندێ کۆن بوون. رۆژگاری ئێمە پێی هەرس ناکرێ! ئێستا شێوازی دی داهاتوە. پەزیراییان بکە، نازیان بکێشە. خواردن و خواردنەوەیان بخە بەر دەست. پۆشتەو پەرداخیان بکە. لە پارە و پولیان بگرە، کارێکی وا بکە ئینتەلا بکەن، با هەمیشە لە حاڵی نەشئەو مەستیدا بن. ئەوسا لە رشانەوە زیاتر چییان لە دەست نایەت. هێندە بێ لەزەت مەست دەبن. دەرشێنەوە ئیدی خۆ بەخۆ دەبێزرێن، کەس باوەڕی پێیان نامێنێ. هەنگینێ ناچار دەبنە هاوچارەنوسی تۆ، لە دەرکەوە وە دەریان بنەی، لە پەنجەرەوە وە ژوور دەکەون. خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن. دەکەونە پێشبڕکێ، گەر لێرەو لەوێ، قەڵەمێکی هەندێ سەنگین، تۆزێ بەئابڕوو، کەمێك یاخی هەبێ، بێ پرس بۆتی راو دەکەن، بێ پاداشت بۆتی دەستەمۆ دەکەن! ئەدی چۆن. قەڵەم بەقەڵەم راو دەکرێ. قەڵەمێکی گەورە دەستەمۆ بکەی، دەیان قەڵەمی بچووک خۆبە خۆ ئاڵای سپی هەڵدەکەن!

(٣)

من حەز ناکەم، هەقی خۆمە، پیشەکەم وا دەخوازێ هیچ قەڵەمێك بە برسێتی، روت و رەجاڵی بدینم. باوەڕ بکەن چاوم بەرایی نادات نا. ویژدانم قبوڵ ناکات! حەز دەکەم هەرچی قەڵەم هەیە تێرۆپڕ، پۆشتەو پەرداخ، بە کەیف و بە دەماخ بێ، چ بکەم بە دەست خۆم نییە...

من بابایەکم قەڵەم باز، ئەمیش بۆ خۆی کاسبییەکە وەکو هەر کاسبییەکی دی. کاسبی حەڵاڵە، پیاوی کاسب خۆشەویستی خەڵك و خوایە! ئیدی کاسبی جۆری هەیە، چ بکەم من ئەم کاسبییەم لەچارە نوسراوە. وە نەبێ لە خۆڕاو بەڕێکەوت بووبم بەم کاسبکارەی ئێستا. زۆرم رەنج داوە تا بووم بەم کورە. بیرمە تازە دەستم دابووە ئەم کاسبییە، بە تەواوەتی رمودەی ئەهلی قەڵەم بوو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بووم. لەهەر شوێنێك نێو بانگی قەڵەمێکم بۆ هەڵدرابا، خۆم یان نوێنەری خۆم دەگەیاندیّ! دەعوەت، زیافەت، سفرەو خوان رازاندنەوە هەر مەپرسە. جماعەتێکم لەو ئەهلی قەڵەمە دەعوەت کرد بۆ نان خواردن، لەبری بەرکوڵ، لەسەر سینییەکی زێڕ قەڵەمم بەسەردا گێڕان، ها.! بەڵێ، بەڵێ بەخۆم دەمگێڕا. هەر کەسەو قەڵەمی دڵخوازی خۆی هەڵبژارد. دوا کەسیان لە بەرم هەستا، دەستی بەسینگەوە گرت. لە تە قەڵەمێکی داری لە بەرکی دەرهێناو گوتی:

– مەمنون قوربان، قەڵەمی خۆم هەیە.

لە من پێداگرتن، لەو رەفز کردن. فایدەی نەبوو. شل‌و کول بووم تیایدا، وەری نەگرت‌و نەگرت. هەر بەینی خۆمان بێ زۆرم لەبەر گران بوو!..

(٤)

دەنگ، دەنگ، دەنگ دێ... دەنگ نەمرە... لە قەڵەمی ئاراستەکراو بترسە، لە قەڵەمی بە کرێ گیراو مەترسە!

کەسێك قەڵەمی دۆڕاند، هەموو شتێك دەدۆڕێنێ. ژنت رەدوو بکەوێ، بەڵام قەڵەمت رەدوو نەکەویّ!.

(٥)

وێرانم، پەرێشانم...

– سەر قەڵەم، ئەهای سەر قەڵەم، لە کوێی! لەکام دۆزەشت دای؟!

مەستی مەست، بەلارەوە لارەوە، قوڵپی رشانەوەی بە تۆبزی لە ئەوکدا گلەوە دراو، وەژوور کەوت.

– سەر قەڵەم، هیچ و پوچ، خوێری، قورمساغ! تروۆت دەکەم!

نزگرەیەك، دوان، سیان‌و بەردەوام:

– چ.. ب... و... وە، ق.. و.. ر.. بان بان!

– دەڵێ چبووە! ئادەی خێرا گەلە کۆمەکییەکم بۆ ساز بدەو ئەو ژاوانە لەم دەڤەرە بتارێنە.

(٦)

تێبینی: تازە ئەو خەبەرەم زانیوە کە خاوەنی لەتە قەڵەمە دارەکە، ٣-٤ساڵێکە مردووە. دەڵێن لەسەرە مەرگدا وەسێتی کردبوو کە لەتە قەڵەمەکەی لەگەڵدا بنێژن!..

(٧)

دەنگ، دەنگ دێ. قەڵەمێکی بەد مەست بەدەم رشانەوەوە:

– حەیف فریای نەکەوتین....

قەڵەمێکی ئاراستەکراو بە دەم قرقێنەی ئینتەلاوە:

– حەیف.

کۆمەڵێك قەڵەمی خەسیو.

– حەیف.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دەنگێکی دوور، زۆر دوور.**

**– میللەتی بندەست، پێویستی بە قەڵەمی تیژو بوێرە!.**

(٨)

**خوا بەوە رەحمی کردووە، دووکانی قەڵەمبازی زۆر بووە، هەر چەند بۆ کاسبییەکەی من باش نییە. بەڵام گوێی مەدەیێ رزق و رۆزی لەلای خوایە، کەس رزق و رۆزی کەس ناخوا، هەر هیچ نەبێ لە پرۆسەی خەساندنیاندا یەك دەگرینەوە...**

(٩)

**تێبینییەکی دی: دەنگ و باسێك بڵاوە کە گوایە گۆڕی خاوەنی لەتە قەڵەمەکە بووە بەباخ! درەختیکی بەرز بەرزی تێدا رواوە، لە بری گوڵ و بەر، قەڵەم دەگرێ....**

(١٠)

**دەنگێکی بە هیبەت، لەگەڵ شنەی بادا دێ....**

**– میللەتی بندەست، تەنیا بە قەڵەمی تیژو بوێر رزگار دەبێ.**

*　　　*　　　*

**... چی بکەم... تازە رۆیی:**

**– سەد حەیف و مخابن، بە گەورەیی مرد!!**

**١٩٩٤**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# نیگا

بەڕاستی وایە، برسێتی حەرام حەڵاڵ دەكات! دەنا كەنگێ من بە خەونیش ئەوەم بە خەیاڵدا هاتووە كە بچمە شەڕی هاوڕەگەزی خۆم، دەستم بچێتە خوێنی برای خۆم! پەكوو لەو زوڵمە، چۆن جارێكی دی چاو لەبەر خودی خۆم هەڵێنم! چ ئابڕوو چوونێكە!!.

حەسەن، لەم بەری رووبارەكەوە دانیشتبوو، ئەو گوتانەی لە دڵی خۆدا دەگوت و دەگوتەوە. تفەنگەكەی لە باوەشی گرتبوو، ئەم بە تفەنگەكە نامۆو، تفەنگەكە بەم دژمن بوو، چاوەڕێی گەڕانەوەی بەلەمەكان بوو. لە دڵی خۆیدا هەزار خۆزیای دەخواست، تۆپێك لە قودرەتەوە نازڵ بێ و هەموو بەلەمەكان بەرێ بە ئاسمانداو ئەم فریای پەڕینەوە نەكەوێ. یا لافاوێك هەستێت و هەمووبەلەكەمان رامالێ و...

سەرگەردان، دۆش داماو، ئەقڵی بە هیچ كوێ را نەدەگەیی چ بڕیارێك بدات. چ رێگەیەك هەڵبژێرێ!! دەستبەرداری چ بێ!! مرۆڤ لە تەنگانەدا مەودای بیركردنەوەشی تەنگ دەبێ!!.

شەوە، دنیا نقومی تاریكییە، قسەكردن بە دەنگی بەرز قەدەغەیە. كۆكین، جگەرەپێكردن، تەنانەت پژمین و... قەدەغەن. ورتە لە كەسەوە نایەت. تاقە دەنگ، دەنگی شەپۆلە لاسارەكان بوو كەسەری خۆیان بەكەنارەكاندا دەكێشا.. شنەبایەكی فێنك خۆی بە نێو لق و پۆپی خەواڵوی درەختەكانی كەنارەكەدا كرد. حەسەن كەمێك وەئاگا هاتەوە. لەسەر پشت راكشا. نێگای ئاوارەی ئاسمان كرد، ئاسمان ئەستێرەی لێ هەڵدەقولا. ئەستێرەكان هێند بەشەوق و جریوە بوون ئاوی چاویان دەبرد. هەستی كرد چاوەكانی بوون بە دوو گۆلی پڕ لە ئاو... ماڵ و منداڵەكەی لەبەر چاوی خەیاڵی بەرجەستە بوون. خۆی بە ماڵدا كرد. ژوورێك، چوار منداڵ و دایكەكەیان، باجی رەعنای كرێداریان وەكو جاران لەبەر دەركی حەوشە دانەنیشتبوو!

راكشا، بەلاق و نیوێك ودار شەقێكی قەبەو ناقۆڵاوە. پێنج جووتە چاو، وەكو داڵی برسی تێی وڕوكان. چوار جووت چاوی بە قوڵاچووی تورەی نیگا گلەیی ئامێزی خوازیاری نان، جووتێ چاوی نیگا بەزەیی تێزاوی تەختی سیمایەكی گەنجی پەژموردەی كول و كۆڤان و برسێتی هاوسۆزیی لێ دەباری.. ئیدی ئەوە ژیانە ژیان، لە بۆسەیەكەوە بۆ بۆسەیەكی دی! چ بۆسەیەك هێندەی بۆسەی نیگای برسی سامناكە!! قەڵەمی دەست و پێ دەشكێنێ... ئاخ برسێتی، ئەی سەرچاوەو دایكی هەر هەموو گوناحەكان!.. حەسەن هەستا، پڕی دایە دارشەقەكەی، بەتەقە تەق بەنێو حەوشە كەوت. نیگایەكی سەندوقی بۆیاخچییەتیەكەی خۆی كرد كە بەبێ ناز لە سوچێكی حەوشەكەدا كەوتبوو. لە حەوشە وەدەركەوت. بەنێو كوچەو كۆڵانان كەوت، لە كۆڵانێكی چۆڵدا پیرێژنێكی تەڕپۆشی بەدی كرد كە لەبەر دەركێكی گەورەدا وێستا بوو. گەییە ئاستی، لەبەردەمی دا وێستا. نیگایان لێكدی هەڵەنگوت، قەدەرێ لێكدی رامان. پیرێژنەكە گوتی:

– فەرموو رۆڵە.

گریان لە ئەوكی حەسەندا گیرا هەر هات بە دەمی داو گوتی:

– دایە گیان برسیمە...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرێژنەکە بردییە ژوورەوە. نانی بۆ دانا. هەڵاوی نان و چێشتی گەرم ئاوی زایاندە دەمی، کەوچێکی خوارد، نیگای پڕ گلەیی و خوازیاری نان-ی منداڵەکانی وەکو بێچووە داڵی هێشتا باڵەفڕە نەبوو تێی وڕوکان. چاوەکانی بوون بە دوو چاڵی پڕ لە ئاو. چێشتەکەی دایە دواوە.

بە دەنگێکی کەساس و کز گوتی:

- خوا نەیبڕێ

پیرێژنی دنیا دیدە هیچی نەگوت. دوای کەمێك.

- رۆڵە، ئەرێ وەك دەڵێن پرسیار عەیب نییە، ئەوە ئەم لاقەت هەر بە زگماگ وابووە؟

- نەخێر، پێشمەرگە بووم، لە شەڕدا وای لێهات.

حەسەن، خوا خوای بوو چیتری لێ نەپرسێت.

- لە شەڕی کێدا؟

حەسەن لە هۆرژنی گریانیدا:

- برا.... کو.... ژی...

پیرێژنەکە نیگایەکی خەم ساردانەی کرد، لێوی هەڵقورتاندو هیچی نەگوت.

* * *

بایەکی توند خۆی وەنێو لق و پۆپی خەواڵوی درەختی کەنار رووبارەکەدا کرد. حەسەن، وە ئاگا هاتەوە. هەستا، خۆی تەکاند. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- قسەکردن بە دەنگی بەرز قەدەغەیە، چ جای تەقەکردن!... فەریجییەك بە دڵ و دەروونی دا گەڕا، بەلەمەکە، بە دەم تەکانی سەوڵەوە وەکو تاپۆیەکی سامناك، بە هەڵبەزو دابەز بەرەو ئەم بەر دەگەڕایەوە. ئەمجارەیان نۆرە پەڕینەوەی ئەمان بوو. بەلەمەکە گەیشتەوە کەنار، لەنگەری گرت. حەسەن تا دەستی گرتی تفەنگەکەی توڕدایە ناوەندی رووبارەکەوەو تا هێز لە لاقی دا بوو بەرەو پاش پێی وەغارێوە نا....

١٩٩٤



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# چەند چیرۆکێکی زۆر کورت

## *- بەرد

بەردێکی مل هوڕ، لە خۆبایی، ریاکار، بەگژ شوشەیەکی ساف بێگەرد، هەردوو دیوو روناك و بێ خەوش، بێ هەواو فیزدا چوو... تکاو پاڕانەوەی شووشەکە دادی نەدا.. خۆی پێدا کێشاو شکاندی. شووشەکە قاقا پێکەنی. بەردەکە سەرسام و واق وڕماو پرسی:

- بەچی پێدەکەنی!؟
- بە گەوجێتی تۆ...
- چۆن؟!
- چونکە غرور بەرچاوی گرتووی، بیرکردنەوەی شێواندوویت و نازانیت ئێمەی شووشە، لە شکاندن تیژتر دەبین....

١٩٩٤

## *- زمان

(١)

بەردەم مەیتخانەکە قەرەباڵغ بوو... پاسەکە لەبەر ئاپۆرای خەڵکەکە هێواشی کردەوە. جامەکەی تەنیشت خۆت کردەوە. سەرت کێشایە دەرێ:

- ئەوە چییە؟
- دەڵێن رۆژنامەنووسێك رەشکوژ کراوە...
- لەسەر چی؟!
- نازانم...

(٢)

رۆژنامەنووس: جەناب وێڕای ئەوەی بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیت قافڵەیەك ئۆتۆبیلی دۆشکا بەسەر رەدووی خۆت دەخەی. ئەوجاش جامی ئۆتۆمبیلەکەت رەشە... ئایا دابی مەنسوولانە کە ئەم دیوارە لە نێوان خۆیان و خەڵکیدا دروست بکەن، یان مەنسول لە بەرزییەوە خەڵکی لە شێوەی تارمایی رەشدا دەبینن. یان هەر مەنسولەو بەشی خۆی دڵنیایە کە لەبەر چاوی جەماوەری خەڵك رەشەو دەیەوێ بەو جامە رەشە، رەشی خۆی وەشێرێ!؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەنسوول لە بن لێوانەوە: پرسیارێکی قوڕە... ئەوجا بە دەنگی بەرز:

– ئەگەر زمان بوەستێ سەر سەلامەت دەبێ...

شوفێری پاسەکە رادیۆکەی کردەوە.. دەنگێکی ناسك: هەواڵەکانی ناوخۆ... ئەم بەیانییە تەرمی رۆژنامەنووسێکی نەناسراو، بە شێوێنراوی لە قەراغ شار دۆزراوەتەوەو تەرمەکەی لە مەیتخانەی شارە، تکا لەکەس و کاری دەکەین بە سۆراخییەوە بچن.

(٤)

چەند جارێك لە دڵی خۆتدا گوتت و گوتتەوە، چ سوکناییەکت نەهاتێ، بەرلەوەی دابەزێت بەدەنگی بەرز گوتت: لەم دەڤەرەدا، لەم رۆژهەڵاتە مێچکەیەدا گیانی دکتاتۆرانەی مەنسول نەلاوێنی.. گونی هەڵنەسەنگێنی.. قومار بەروحی خۆت دەکەیت.. دابەزین هەیە کاکە.

١٩٩٥

## *-بووکەڵە

منداڵەکە، سەرقاڵی گەمەبوو. بوکەڵەکەی دێناو دەبرد، تاوێ قسەی خۆشی دەگەڵ دەکرد، دەمێ لێی تورە دەبوو:

– سەگباب، ئەوە چییە، بەقسەم ناکەی؟! چما من بوکەڵەی تۆم یان تۆ بوکەڵەی منی. بابی هەڵیدایێ:– زنار..

– بەڵێ بابە

– ئەوە چییە کیژم؟!

– چ نییە بابە، لەگەڵ بوکەڵەکەم بەشەڕ هاتووم. ئەیەڕۆ خۆ بە قسەم ناکات! چۆن دەبێ بە قسەم نەکات؟

– بوکەڵەکەت ناوی چییە؟

– ناوی، ناوی، ناوی چیلەرە..

باب لەفکران را دەچێ: راستی لە منداڵ یان لەشێتان بزانە.. بە خودای ناوێکی پڕ بە پێستە.. تۆ بڕوانە ئەو تولفە چ وەلامێکی دایەوە.. دەتۆ دیقەت بدە، هەست رابگرە بزانە لەم دەڤەرەدا، لەم رۆژهەڵاتە ماکەرەدا چ بۆڕ بۆڕێنێکی بە بوکەڵە بوونە!..

## *-زاوا

– خۆێڕی، سەرە خۆرەی بەدێوم...

مهدی، نەیدەزانی بۆ بەو بێ رەحمییە سەرکۆنە دەکرێ هێندەش شەرمن و روو نەرم بوو نەیدەتوانی چاو لەبەر کەس هەڵبڕێ. چۆن بچێتە بنج و بناوانی ئەم مەتەڵە؟!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆری تاقیب کرد، بۆی بەدیار کەوت کەدایکی ئافرەتێکی گەلێك باش و جوان بووەو بەسەر ئەمەوە چووە...

حەبیب، پیاوێکی ژن مردە بوو، رێحانی بۆ بەرهەق نەدەکرا: رێحانیش بەمەی دەزانی بۆیە شولی لێ هەڵکێشا بوو.. حەبیب هانای وەبەر خزمان برد، ختوکەی سۆزی دان. مهدی بالق بووە، پیاوی چاك بن یەکێکتان بیکەن بە کوڕی خۆتان.. کوڕە ئێوە نازانن من لەچ نارەحەتییەك دام بەبۆنەی ئەو تولفەوە. فریام نەکەون توشی قەتلێك دەبم.. کوڕە بەزاتی خوا عەیب بێ و عار بێ من رێحانم بۆ بەرهەق ناکرێ.. ئەو بستە منداڵەی وا چاوشکێن کردووە.. هەرچەند نیگام لە نیگای هەڵەنگوێ خەریکە دەبم بە قەترەیە ئاوو بەناخی زەویدا رۆ دەچم.. کوڕە پیاوی چاك بن، مەهدی منداڵێکی سەلارە، بەستەزمانە، گوێ رایەڵە.. با لەوەی پتر نەچەوسێنرێتەوە.

یەکێك لە خزمانی هێنایە رەدا، کیژێکیان لێ مارە بڕی.

* * *

مەهدی، لەوساکەوە کەزانی بووی دایکی بەسەر ئەمەوە چووە، هێندە تینوی سۆزی دایك بوو، وای لێهات هەموو ئافرەتێکی بە دایك دەزانی.. هەموو دایکێك مەحرەمە.. دەماری پیاوەتی لە ئاستی سام و شکۆداری دایك دا دەمرێ.. تەنانەت وای لێهات جوێنە ساردو سڕەکانی رێحانی زڕ دایکیشی زۆر لەبەر گران نەما.

– .. خوێڕی، سەرەخۆرەی بەدیۆم.

* * *

مەهدی، کرایە پەردەوە، خەریك بوو هەترەشی بچێ. بووکێ لەو گەورەترو بە ئەزمون تر بوو.. هەرچی شوێنی ئارەزو بزوێنی لەشە، بۆی دەرخست. ئەم ئەو سەرەی دای خست هەر هەڵی نەبڕی.. هەستێکی زۆر سەیر گەماڕۆی دابوو. هەموو شوێنێکی بووکێی لەلا بوو بوو بە جەستەی ساردەوە بووی دایکی.. لە تەسلیم بووندا بوو، نەخێر هەستی گۆڕین تەواو تەواو بەسەری دا زاڵ بوو. لە پڕ هەستا، بەپەلە لە ژوور وەردەکەوت.

* * *

دوای نزیکەی سەعاتێك.. هەندێ کەمتر، هەندێ زیاتر، هاژەی نائاسایی روبارەکەی پشت ئاوایی، بێدارانی زارە تەرەك و نووستوانی بێدارکردەوە.. کەس لەجێی خۆی نەبزووت.. لەوەتەی ئەم گوندە لە کەنار ئەم روبارە دروست کراوە، پشتاو پشت هەر ئەمە گێڕدراوەتەوە: ساڵ نییە، لە ناوەختێك دا باجی خۆی بەتۆبزی لە خەڵکی گوند وەرنەگرتبێ.. نووستوان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشپرزەیی بێدار بوونەوە، کەوتنە وێرد خوێندنو پاڕانەوە. بێداران بە سڵاوات ترسی خۆیان دەڕەواندەوە..

کە بەیانی چوونە سەر روبارەکە، جلەکانی مەهدی–یان لەسەر تاوێرێکی کەنار روبارەکەدا بینی.

خەڵکی گوند گریان..

گریانی کەس نەدەگەییە گریانی رێحان!.

١٩٩٥

## *- عوزرخوایی

کوڕە هەژارێکی ئەڤیندار، بەڵێن بە دڵدارەکەی دەدا کەبەجوانترینو باڵاترین مۆدیلی ئوتومبیل دەی گوازێتەوە. کیژێ چ شتێك بەئەڤیندارەکەی شك نابات.... دڵیشی نایەت لە کەمینی پرسیارانی بخات. دەزانێ ئەڤینداران درۆ ناکەن!

بڕیار دەدرێ. رۆژی گواستنەوەی بوکێ دیاری دەکرێ...

ئەڤینداری حەجمین لەبەر بڕاو، لەمێژە جوانترین ئوتومبیلی شاری داوەتە چاو.. لە بەیانی زووەوە بەناو شار دەکەوێ:

((چییە دیار نییە. دەترسم نەیەت. کێ دەڵێ بەرەو شارێکی دی نەچووە، جا چبکەم، چارم چییە؟!))

دەکەوێتە هاتوچۆ. لەو لاوە پێ خەسووو دەستەو دایەرەکەی لە ماڵی بوکێنو ئامادەی دەکەن، لەم لا ئوتومبیلی گۆڕین دیار نییە. چار چییە!!.. دەڕوانێتە سەعاتەکەی سەر دەستی. میلی سەعات هەر دەڵێی دەفڕێ..

لەپڕ ئوتومبیلەکە دێ. رادەوەستێ. شوفێرەکەی دادەبەزێ، بەنێو ئاپورای خەڵکەکە دەکەوێ..

کەسێك ئەڤینی لەسەردا بێ، لە دێو ناپرنیکتەوە. ئەڤینداری شەیدا خۆی گەیاندە ئوتومبیلەکە. وەگەڕی خست، گەیاندییە جێی مەبەست. بە جوانترین شێوە رازاندییەوە. ئوتومبیلی بووکە، کێ گومانی لێدەکات! خاوەنەکەشی بیدینێ نایناسێتەوە. سوار بوو، ماڵی بووکێ خۆت بگرە وا هاتم. کات هەندێ درەنگ بوو. بووکێ لە ئوتومبیل نرا، باژۆ..

ئوتومبیل بوو بەقەترەیەك ئاوو زەوی قووتی دا.. هەواڵ بە پۆلیس درا.. پۆلیس کەوتنە تاقیب..

پۆلیس بۆ سبەینێ، لە هەمان شوێنی دوێنێ دا ئوتومبیلەکەیان بەرازوەیی دۆزییەوە، وەختێ دەرگاکەیان کردەوە، پارچە کاغەزێکیان بینی، بەخەتێکی درشتی جوان لە سەری نوسرابوو: زۆر سوپاس، گەلەك منەتبارم. ببوورە.

١٩٩٥



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## *-گومان

-١-

ڕۆژنامەکەی هەڵگرت. سەرنجی بەناونیشانێکەوە گیرسایەوە: گومان!.. ناونیشانێکی پەسەندە.وەکو نوسنەك بە بەرۆکەوە دەنوسێت.. ئیشتیای خوێندنەوە دەجولێنێ.

-٢-

ئائێرە باشە، پەنایە. کەسی بەسەروە نییە. بۆ خۆت دانیشە، کاتێ ئاوڕ دەدەیەوە، گشت خۆتەکانت لە دەور خڕ بوونەتەوە...

ئیدی بەکەیفی خۆ لە هەموو ئاشێ لێ بکەن، مرۆڤ هەر هێندەی زەحمەتە تا هەندێ بیرەوەری لەلا گەلاڵە دەبێ. ئیدی دەتوانێ بەتەنێ بژی. هەر زۆر بێ تاقەت بوو، دەتوانێ گوێی یەکێك لە خودەکانی ناخی بگرێ‌و بیهێنێتە دەرێ‌و تێر تێر قسەی لەگەڵ بکات.

بچۆ لەسەر هۆو بەردە تەختە دانیشە. شوێنێکی چاکە. ئەها. زۆر باشە. دەی مەی‌و کەرەستەی مەی خۆرییەکەت دەربێنە.

*            *            *

پێکی یەکەمی تەژی کرد. بەخۆی گوت:

- دەی هەڵیدە ئەنوەر.. بەسەلامەتیت.

هەر خۆی:

- نۆش!

-٣-

هیچ ئیعترافێك جێی متمانە نییە. هیچی لەسەر ڕۆنانرێ، تەنیا ئەو ئیعترافە نەبێ کە لە گەڵ خۆتدا تاك دەکەوییەوەو بێ سانسۆر بۆ خودی خۆتی دەکەیت. ئەرێ ئەگەر ڕۆژێ ئامێرێك دابێت‌و ئەو جۆرە ئیعترافانە تۆمار بکات‌و پاشان ئیعترافی خەڵکی شارێکی تەواو وەکو فیلم مونتاژ بکرێ‌و بخرێتە سەر شاشە دەبێ چ دنیایەکی بێ سەروبن دەربچێ.. شێتخانەی چی!..

خەیر، هیچ ئیعترافێك جێی متمانە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کەبێ هیچ گوشارێکی دەرەکی و بێ هیچ سانسۆرێکی ناوەوە بۆ خودی خۆتی دەکەی.. ئای کە بیرو خەیاڵ‌و ویژدان ئاسودە دەکات! تەنیا ئەو ئیعترافە،ئیعترافە کەویژدان دەپاڵێوێ. دەنا لەمە بترازێ هەر ئیعترافێك شیتەڵ بکەیتەوە، جۆرە شەرمەزارییەکە بۆ هەردوو لای هاوکێشەی ئیعتراف!..

-٤-

تا پێکی سێیەم وەکو کەشتییەکی، کەشتیوان نووستوی بەر شەپۆلانی شێت، خۆی خستبووە بەختی وێرانە شەپۆل. لە ناوەندی سێیەم پێك دا هاوسەنگی خۆی پەیدا کردەوە. خودەکانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناوەوەی کەوتنە سەرە تاتکیّو ملە قوتیّ.. هاتن! وەرن، وەرن... شەرم مەکەن! هەموو لە دەوری خڕ بوونەوە، پێکەکەی هەڵبڕیّ.

– بەخۆشیتان.

تێکرا:

– نۆش.

–٥–

بەپەلە مراکێك مەزەی تەپاندە دەمییەوە. بەسەری قۆڵی دەمو سمێڵە زلەکەی سڕی. چاوە سەوزەکانی وەکو گلۆپی مرور هەڵبوون..

– ئەوی راستی بیّ لەمێژە بەم مەراقەوە دەتلێمەوە. گومان کوشتمی. گومان لە حەلاڵ زادەیی تاقە کوڕەکەم.. لە حەلاڵ زادەیی ئاسۆ!

یەکێك لە خودەکان:

– ئەدی خۆت نالّێی بەڕێوەبەری زیندان، زۆرجار بە شەوانی درەنگ ئیزنی دەدامو دەچوومەوە مالّیّ..

– دەزانی بۆ ئیزنی دەدام؟ چونکە دەیزانی بەناهەق گیراومو هیچم لەسەر نییە.

خودێکی تر:

– کەدەچویتەوە، نەدەچویتە لای ژنەکەت؟!

– ئەی مەعنای چی!.. وەکو ژەمبردە..

خودێکی دی:

– ئەدی ئەم گومانەت لە چییە؟

– نازانم، مەراقێکی سەیرە.. سەرو سیمای ئاسۆ.. هیچ لەمن ناچیّ.. خودەکان، ئەبلەقو واق وڕماو روانیانە یەکدی. ئەوجا یەکێکیان گوتی:

– باشە تۆ لە حەلاڵ زادەیی خۆت دڵنیای تا گومان لە خەڵکی دی بکەی؟!

– ها؟! ئەمەیانم زۆر لەبەر گران نییە..

خودێکی دی:

– دەزانی ئەم ورد کردنەوەیەی تۆ فەلسەفاندنی ژیانە..

– ئەم وردکردنەوانە، کاری فەلسەفەیە. فەلسەفەش پیشەی فەیلەسوفانە نەك ئێمەومانان.

خودێکی دی:

– ژیان وا دەخوازێت پڕ بەپێستی ژیان بژیت.. بڕۆ بژی.. واز لەم گەوجەوگەوجو فەلسەفە ڕێسییە بێنە..

ئەنوەر، رۆژنامەکەی دانا، هەناسەیەکی قولّی هەڵکشا.. لەبەر خۆیەوە: ((ئەم، پیاوە هەمان مەراقەکەی منی هەیە.. بەلاّم پەنا بەخوا ئازایە. دایك دانیشیّو رۆڵەی وا بێنیّ.. بە هەموو دنیا دا جاڕی داوەو منەتی بە کەس نییە!.. کەس بە مێرولەش نازانیّ..))



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**جۆره ئاسودەییەك بە دڵو دەرونی دا گەڕا:**

**– .. گومان، گومان! بە راستی گومان سۆز دەلەوتێنێ..**

**١٩٩٥**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# گوڵێك جوانەمەرگ

(١)

تەنیایی راستەقینە لە قەرەباڵغی دا دەردەکەوێ.. تەنێ لە ئاوەدانی دا هەست بە غوربەتی راستەقینە دەکرێ، بەر لەوەی ئەم دەڤەرە لەتەمو سەرمادا غەرق ببێ، لە ژێر بەفراندا مردار ببێتەوە، تا چاو، تیژترین چاو هەتەر دەکات هەر قەرەباڵغی بوو. تا ئەقڵ دەیگرێ هەر ئاوەدانی بوو. کەچی ئەو هەر غەریبو تەنیا بوو. هەرچی دەکرد نەیدەتوانی تەنانەت لەگەڵ خودی خۆیدا هەڵبکات. ئاشت ببێتەوە. پەیوەندی بەخودی خۆیەوە بکات. بەدەر لە هەر وابەستەییەك سەرگەردانو نیگەران بوو. هەرچی دەکرد نەیدەتوانی لە (بێوا بەستەیی) رزگار بێ. بوو بوو بەموریدو هەڵوەدای بێوابەستەیی. ناوە ناوە دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە ئەوەش بۆ خۆی جۆرە وابەستەییەکەو کەیفە کەرانەیەك بە مرۆڤ دەبەخشێ، گوایە غوربەتی کێویانەی ناخی کەوی دەکات.. بەخۆیشی نەیدەزانی بۆچی وای خەیاڵ دەکرد کە دیمەنی کوشتنەکەی دیتوە. بە ئاشکرا دیمەنەکەی دەبینی: شەو بوو، کەس بەجادەو بانەوە نەبوو. سەگیش نەبوون. لە دوورەوە، لە زۆر دوورەوە، لە زۆر دوورەوە لورە دەبیسترا، هی گورگ بوو یان سەگ!.. لاس، سەرگەردان، لە خۆی وایە بەرەو ئاوەدانی، هەر ئاوەدانییەك بێ، دەچێت.. بێ ئاگا بوو کەباری خواری جودایی بە کۆڵدا دراوەو بێهودە بە تەمای ویساڵە. چ میراتییەکی بۆ ماوەتەوە! تەوقی دۆزینەوەی بەهەشتێکی لە گەردن کراوە کە دەستی لە گوم کردنیدا نییە.. بێ ئاگا لەوەی کە رۆژ هەمان رۆژە، بەلام رۆژگار رۆژگارێکی دییە.. حوکمە حوکم، تەنیا مەحکومان قەدری ئازادی دەزانن. تا رادەی مەرگ ئاشقێنی لەگەڵ دەکەن، وێڵ بوو بوو. چ دەنگێك نە دەهات. هەراو هەنگامەی ئاوەدانی، دەتگوت وەبن بەفران کەوتوونو لەوێندەر رەق بووەتەوە. مردار بووەتەوە.. تا چاو بڕ دەکات ئەو دەشتو دەرە، هەر سەرماو سپێتی بوو. چ ترسو خۆفێك هەڵدەقولا.. چ مردوخایەکە، یاخودا لەوەی کاولتر بێ.. ساتەکان قورس دەبن. بەمەرگ ئاوس دەبن...

(٢)

لە دورەوە لورە دەهات، هی گورگ بوو یان سەگ..

– توخوا، تو سەری بابت، پێیان بڵێ نەمکوژن.

روحی لاس، کەوتبووە تۆڕی مەرگەوە. بێهودە پەلە فرتێی دەکرد، دەنا ئەو بەپێی خۆی هاتبوو. کەس راوی نە نابوو. لە ماڵێکی گەرمو گوڕدا میوان بوو بوو. خانەخوێکەی زۆری لەگەڵ گرتبوو: مەڕۆ. بابە مەڕۆ. پیاوی چاك بە مەڕۆ.. بەم ناوەختە بۆ کوێ دەڕۆی! خۆت گۆڕ غەریب مەکە.. خۆ دەرنەکراوی!..

– بۆ خواتری خوا پێیان بڵێ نەمکوژن. خۆ ئەوانیش نەمکوژن، بەخۆم هەر دەمرم.

– بێ غیرەت مەبە، کەوچکە خوێنێ ئەو هەموو پاڕانەوەو لالانەوەیە نایەنێ، نا.. من هەقم چییە. ئەگەر بۆتبپاڕێمەوە دەڵێن: باشە تۆ لەبری ئەو دەکوژین.. تۆ شتی وا لە پێناوی مندا دەکەی؟! کەست دیتوە لەبری کەس بمرێ!.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- تۆ پێیان بڵێ. بەڵکو ئەمە خوایە دڵیان نەرم ببێ.. بڵێ هەزار گوناح و یەك تۆبە. من کردم ئەوان نەیکەن.. خۆ کفرم نەکرد بەگەڵ لە شکرێك کەوتم، بەزی... مەسەلە کەوچکە خوێن نییە. من لەبەر ئەوانمە، خۆ ئەوانیش نەمکوژن بۆ خۆم دەمرم. تۆش دەمری، ئەوانیش دەمرن. من لەبەر ئەوانمە، ویژدانی خۆیان بەو کەوچکە خوێنەی من نەلەوتێنن.. باشە قوربان.. بەخوا پیاوێکی کەرە، چۆن کەوچکە خوێنێ ئەوە ناهێنێ! خۆ ئەگەر کەوچکە خوێنی هیچ نەهێنێ ئەوا هیچ شتێکیش کەوچکە خوێنی ناهێنێ.. تەحا لەم رۆژگاری بەعاجباتی کردنە! ئەستەمە، سەخت و دژوارە بتوانی بنیادەمانە بژی.. دەنا رۆژ هەمان رۆژە.

(٣)

ئەگەر ترس و ترسنۆکان نەبوایەن، فەرهەنگی مرۆڤایەتی وشەی کوشت و کوشتاری تێدا نەدەبوو. پرۆسەیەك بەو ناوەوە نەدەبوو.. ترس سەر بە مرۆڤ هەڵدەگرێ و ئەولا تریش: دەنا ئەو بەپێی خۆی دەهات!.. کەس راوی نەنابوو. لەماڵێکی گەرم و گوڕدا میوان بوو.

- دە توخوا ئەگەر پێیان نەڵێی..
- کەس لەبری کەس خۆی بە کوشت داوە؟ توخوا، تو سەری خۆت، تو ئەو سەرەی کە تۆزێکی دی دەخرێتە ژێر گڵەوە، لەوەی پترم لەگەڵ مەڵێ. ئاخر منیش شیری خاوم خواردووە، با قسەیەکی ناشیرینم بەزاردا نەیەت. توخوا قەرزار باری رۆژی قیامەتم مەکە.. دە بیبڕەوە هەی کەران باوگاوی باوە حیزی دایك قەحپەی ژن حیز.. خەمت نەبێ، نایەڵەم ژنەکەت..
- (( وادیارە ئەم خوانەناسانە بریاری خۆیان داوە.. دڵم دەترسێت. ئەوە نییە ژیانم لە لاشیرین بووە.. نیشانەی مەرگە، ئەو جوێنە پیسەیم لەبەر گران نەبوو.

(٤)

خەز، گوێی لە دەنگی دەبوو کە چۆن لە سەراپای روحییەوە سەری دەکرد:

- ئەوە بۆ ئاسمان رەشە؟
- خەڕەکە! ئەدی دەتەوێ چۆن بێ؟!
- دەمەوێ شین. شین، شین بێ..

(٥)

خەز، ئیسرافیلی وەگێر هێنا. شەیپورەکەی لێ سەند. فوویەك لەم سەرییەوە بڕوات و لەوسەرییەوە دەربچێت. عەینی ژیان.. تەواو جاڕی کۆتاییە! قیامەت رادەبێ. مردوان وەکو قارچك لە جێی خۆدا هەڵدەتۆقن! ئێستا هەموو شتێك بە فویەکی ئەوەوە بەندە! دەك خۆی بە خۆی بێ ئەگەر پێیدا نەکات. دەك خەجاڵەتی دین و دینا بێ ئەگەر پێیدا نەکات.. ئیسرافیل! ترۆ دەکرێ چش، خۆ لە ئادەم زیاتر نییە. تا دەمی گرتی فوی پێدا کرد. حەوت شەو حەوت رۆژان بارانێکی بە خورزم باری. دنیا یەك پارچە نقومی ئاو بوو. باران وەستایەوە. ئاو نیشتەوە. دنیا تەخت تەخت بوو هێلکەت لەهەر شوێنێ دانابا، لەم سەرو لەوسەری دنیاوە دەتبینی.. مردوان،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هـەموو سـپی پـۆش لـە گـۆڕ هاتنـە دەرێ. ڕۆژی حەشـر بـوو. کەچـی مێردەکـەی ئـەو لـە هـیچ کونێکەوە دیار نەبوو نەمردووە؟ نە کوژراوە؟!

خـەمێکی غـەریب، لـە قوڵایی چاوەکانیدا شـەپۆلی دەدا. ڕوانییە دەوروبـەری خـۆی، ژورەکە باری کرد. دیوارەکان نەمان، تا چاو هەتـەر دەکات هـەر بیابانو بیابان بوو، چی دەکرد لێرە؟! لـە پڕ دەنگێکـی ژ نـەفت. بەراسـتی دەنـگ بـوو! یـان ئـەم وای دەژنـەوت؟ گـوێی هەڵخسـت. چاوەکانی هـەڵگلۆفت.. شـتێك لەبـەر چـاوی جوڵایـەوە... حیلـەی ئەسـپ، هەرچـەند دەی حیلانـد عـەرش دەلـەرزی. گیـانی کەوتـە لـەرزین.. هەڵیدایـە پاشـکۆی خـۆی. بـەرزبووەوە. فـڕی. کەوتـە سـەروی هەوران. ڕەنگـە هـەر بـووبێ بەهـەور.. دایکـردە باران. قەبرسـتانان ڕابونـەوە.. مێـردی ئـەوی تێدا نەبوو. قامچییەکەی لە دەست کەوتە خوارێ. هاتـەوە سـەر زەوی.. ژورەکـەی هـەموو ئـەو دەشتو بیابانـەی تـۆزێ لـە مەروبـەری پێچایەوە. لـە تـۆ وایـە هـەر نەشبووە. ئەسپەکە گریـا. فرمێسکی هەڵڕشت. ژورەکە بوو بە گۆمێکی مەنگی شین. ئەسپەکەی لە خۆیدا نقوم کرد. ئـەم کەوتـە سـەر ئاوەکەو بەدەم بازنە شەپۆلانەوە بەرەو کەنار هات. بوو بە گـوڵێکی گـەش گـەش. سـپی سـپی. لـەو سەرەوە بەر بووەوە خوارێ. کەوتە ژێر دەسـتوپێی ڕێبـوارانی خـەم سـاردو ڕوح مـردو. لـە ئازاری ڕوحی خۆی خەبەری بووەوە هەراو هەنگامـەو ژاوە ژاوێك لـە سـەریدا پەیـدا بـوو. لـەوە بـوو شـێت بێ. دەیویست پڕ بـەدەم هـاوار بکـات، ئـەو هـەراو ژاوەی سـەری بتارێنـێ. هـەراو هەنگامەکە کپ بووەوە. دنیا لەبـەر چـاوی وون بـوو. هـەموو شـتێك لـە تاریکیو بێدەنگیدا نقوم بـوو. لـە تـۆ وایە لە مێژە ئەم وڵاتە مردوە. هەرگیز ئاوەدانی بە خۆیەوە نەدیتوە.

ڕێـك لـەم کاتـەدا، وێنەیـەکی ئاشـکراو بـێ غـەلو غەشـی دایکـی لەبـەر چـاوی بەرجەسـتە بـوو. سەرپۆشە سپییەکەی بەسەر شانو ملیدا بەربووەوە. ماتو خەمین لەسـەر دواپلـەی قاڵدرمەکـەیان ڕووەو خۆر لە زەردەی ئێوارێ دانیشتبوو:

- یاستار! مێردەکەی ڕۆیی. ئیدی نایبینێتەوە. هاکا ڕوحی سەرگەردانی خۆیشی هەڵوەری، دەتگوت دڵی خەبەری داوە. دایکان بەبۆن هەست بەشت دەکەن.

(٦)

پـایزێکی درەنگـە. هـیچ نیـشانەیەکی پـایز لـەم باخـەدا بـەدی نـاکرێ. تاقە گـوڵێکی سـپی گـەش، غەریب، غەریب، سەرنجی فەتح دەکرد. بۆ ئەوەندە غەریبـە؟ بیگانـە غـەرقی غوربـەت دەکـا، بروانـە چ غەریبانە ملی وەلارەوەناوە. لە تۆ وایە هەر ئێستا دێتە زمان:

- شـەرت بـێ بـڕۆم. سـەری خـۆم هـەڵگرمو بـەر بـەدواوە نەکـەم. وەکـو ئـاو ماڵکـە وەپـێش هـەر لافاوێـك بکـەومو هـەرگیز ئـاوڕ نەدەمـەوە. کـە لـەوڵاتی خۆتـدا غـەریب بـوی، ئیـدی بـەدیار چـییەوە دادەنیـشت.. ئەگـەر وابەسـتەیی غوربـەتی چەموشـی نـاخی بنیـادەم ڕام نـەکات، گومـانی لێـدەکرێ. ڕوو لەهـەر کوێیـەك بکـەی، یەکـسەر بـبی بەگولیلکـە پایزەیـەکی درەنـگ وەختو جوانەمەرگ ببی. ئیدی بۆ بارنەکەی. بۆ سەری خۆت هەڵنەگری..

(٧)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوێنێ، شەکەت و ماندوو، بێ ئومێدو هیوا بڕاو گەڕایەوە، هیچ سۆراخێکی دەست نەکەوت. دەتگوت قورسایی هەموو دنیا بەسەر روحی ئەوەوەیە. دەیویست ببێتە گەواڵە هەورێك، داکاتە بارانێك، روحی مردوی خۆی بشواتەوە، زندوی بکاتەوە.. دەڵێن بەر لەوەی قیامەت رابێ، فریشتەیەك فوو بەشەیپوردا دەکات. دنیا تەخت دەبێ. هێلکەیەك لە هەر شوێنێکی سەرزەوی دابنەی لەم سەرو لەوسەری دنیاوە دەبینرێ. دور نییە ئەو هێلکەیە، تۆوو هەوێنی گەردون بێ.. لە پڕ پیرە شەیپور بێدەنگ دەبێ. دنیا کپ و خامۆش، لە مردن غەریبتر دەنوێنێ.. ئەوجا فریشتەی باران، قامچی بەدەست، بەر دەبێتە وێزەی ئاسمان، گرمە گرمی هەور دنیا دەهەژێنێ.. ئەوجا هەورێکی توندو مۆن و مەنگ سك دەنێتە سەر زەوی. لە تۆ وایە هەر کە دابکات ئاسمانیش لەگەڵ خۆیدا دادەبارێنێ.. بوو بەو هەورە. دایکرد، بەڵام داکردن نەك گاڵتە! بەو ئاسمانەوە بوو، کە دایدەکرد، لێرەو لەوێ قۆپەن قۆپەن گولێکجوانە مەرگ دەڕوا.. هێندە جوان و ناسك بوون، غوربەتی ناخیان دەخواردەوە.. کە لە ئەسپە هەورەکەی ژێری پرسی: ئەمە چییە؟ گوتی: گۆڕستانانی دنیان، مردوان رادەبنەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: وادیارە قیامەت لە درەنگە پایزاندا رادەبێ!.. ئەدی ئەوەی گۆڕی نەبێ؟! وا دیارە لێرەش چ سۆراخێکی دەست ناکەوێ!.. هێشتا قسەکەی بە تەواوی لەزار نەهاتبوە دەرێ، هەموو گوڵە سپییەکان ملیان وەلارەوە ناو کوتوپڕ هەڵوەرین. ویستی لە ئەسپەکە بپرسێت: ئەدی ئەوەی گۆڕی نەبێت؟! خۆی لە کەناری گۆمێکدا بینییەوە. تاقە جارێك گەردن و یاڵی ئەسپەکەی وەکو تارماییەك بینی و لێی گوم بوو. بڕیاری دا، هەموو ساڵێك، لە هەوەڵی پایزدا بێتە دیار ئەم گۆمە، بەڵکو ئەو ئەسپە رابێتەوەو لاس-ی لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە، یان هەر هەواڵێکی بۆ بێنێ

(٨)

شەرت بێ بڕۆم، سەری خۆم هەڵگرم و بەر بەدواوە نەکەم.. ئەگەر وابەستەیی غوربەتی بنیادەم نەڕەوێنێتەوە، کەرێتییە کەرێتی..

خەزێ، بارەگا نەما سەری پێدا نەکەی. نیگا نەوسنەکان، عەینی هەڵۆی برسی، بۆ حەساس ترین ترۆپك و بژوێنترین شوێنی مێیاتیت دادەهاتنەوە. ریا لە لێویان دەباری: پارو لەدەم بکەوێ بۆ کۆش باشە تەبیعەتی ژیانە، میراتی هەر بۆ میراتگرە..

(٩)

خۆ دەبێ سۆراخێکی دەست بکەوێ! لەبەر خاتری ئەونا، تازە دەستی لەو شتووە، لەبەر خاتری خۆی. بەڵکو فشە ئاسودەییە بەروحی سەرگەردانی ببەخشێت.. گومان سۆزی مرۆڤانی دەلەوتێنێ..

(١٠)

- بۆچی دەتەوێ ببیە پەنابەر؟!
- ئابڕوم لە خەتەردا بوو..
- چۆن؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– شەڕ، پیاوەکەی منیشی وەکو سەدان کەسی دی بێ سەروشوێن کرد. سۆراخ، تاقیب.. وەلاًم: پیاوەکەی تۆ قارەمان بوو. من لەبەردەم تۆدا ئیعتراف دەکەم، کە ئێمە زۆر قەرزاربارى ئەوین.. ئێمەش دیلی ئەوانمان لایە، بڕۆ تاقیب بکە، ئەگەر مابێ ئامادەین یەك بەدە بیگۆڕینەوە.. خۆ ئەگەر نەشمابێ، ئەوا وەعدی پیاو بێ دوو شینە کادریان هەڵدەبژێرمو بە بەرچاوی خۆتەوە لەت لە تیان دەکەم..

(١١)

باوانت شێوێ خەزێ.. تەمتومانێکی سەیر ئالکایە هزرو بیری. مێشکی کەوتە مێرولە، لەم دەڤەرەدا، رەنگە لە هەموو دنیادا هەر وابێ، مرۆڤ تەنیا لەسەر کەوتندا مەعنا پەیدا دەکات.. مەرگی مێردەکەی تەنیا لەسەر کەوتندا مەعنا پەیدا دەکات. تۆ تەمەشا، تەمەشا، ئەمە چ قەدەرێکە!! لاس بە خۆڕایی لەم وولاًتەدا مرۆڤانی خۆی دۆڕاند! حەیفو مخابن. وەکو ئاوماڵکە بەگەڵ لە شکرێك کەوت، دۆڕا. هەلاًت، چ قەباحەتێکە..

(١٢)

.. پیاوەکەی تۆ قارەمان بوو.. هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، ئەم هەستی کرد، شەهوەت لە زاری دەڕژێ، رێچکە دەبەستێو.. لەپڕ لەبەرچاوی بوو بە کوندە پەپویەکی نێرە،هەڵفڕی، لەسەر جوانترین کۆشکی شار نیشتەوە، کەوتە خوێندن، تا زیاتر دەنگی هەڵدەبڕی،وێرانەو کەلاوان زیادی دەکرد.. دەیخوێندو گازی مێیەیەکی دەکرد..

(١٣)

.. _ من ناڵێم، ئێوە بڵێن، ئابڕوچون لەوە گەورەتر دەبێ! ئاخر ئەوان گوناحیان چییە! بەچ هەقێك بەبەر چاوی منەوە لەت لە تیان بکات، ژیانیان بسڕێتەوە؟!

(١٤)

بۆ سبەینێ، لە شوقەی خۆیدا، لە بەرزییەکی نزمەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا بە دیار جامێك ئاوەوە وەستابوو. بەتەما بوو لاس بەخۆو ئەسپەوە لە هەناوی شەپۆلانەوە رابێتەوە.. بە دەم گینگڵی ئەم خەونو خەمانەوە، بوو بەگوڵێکی سپی گەش، لەسەرێرا بەر بووەوە خوارێ. کەوتە ژێر دەستو پێی رێبوارانی خەم ساردو روح مردووەوە.. لەتاو ئازاری روحی وەئاگا هاتەوە، گوێی دەزرینگایەوە:

تەنیایی راستەقینە لە قەرەباڵغی دا دەردەکەوێ.

تەنیایی راستەقینە لە قەرەباڵغی دا

تەنیایی راستەقینە لە تەنیایی راستەقینە

تەنیایی

تەنیای

تەنیا

تەنی...تەن ..تە.ت..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پروانی روح

(١)

هەوەڵی ئەم مانگە، بروانە ئاسۆ. تیلماسکە هەورێك پەیدا دەبێ. رەنگ ئەرخەوانی. زۆر لێی ورد بیتەوە، سام دەنیشێتە سەر ناخت. رێك لە باڵی مەلان دەچێت. تاقە یەك باڵ..ئەوجا وەك بڵێی کەوتبێتە سەر شەپۆلی بەحرێکی هێدی و هێمن. دەڕوات. دوور دەکەوێتەوە. تا دنیا تاریکتر دەبێ باڵەکە کەم نمودتر دەبێ. تا تاریکی، بەحرەکەو باڵەکە دەپێچێتەوەو لە چاوی وون دەکات.. پاش ئەمە گوێ رادێرە، خورە خورێکی سەیر دێتە گوێ. ئاهەنگی خورە خورەکە دەگورێ.. بەشڵپە شڵپ، ئەسپ سوارێك، هەر ئەوەتا دەبینرێ، لە بەحرەکەوە دەردەکەوێ.. پاشان دەکەوێتە پشت چیایەکی بەرز، پشت چیایەکی بەرز، لە چاوتروکانێکدا، لەسەر ترۆپکی چیاکە بە دیار دەکەوێ.. دوڕوانێتە هەموو دنیا، غەریب!... وەك بڵێی چاوەڕوانی کەسێك بێ... ئەوجا وەك بڵێی بفرێ، بەدەم فرینەوە دادەکشێ.

(٢)

شەپۆلە بایەکی لاسار، ئارامی درەختەکەی هاڕوژاند... دەنگێك وەك بڵێی لە درەختەکەوە بێت: ئێرە ماڵی منە، قەدری مرۆڤانی من بە ئێرەوەیە، لێرە نەبێ لە هیچ شوێنێکی دی دا سەنگم نابێ، دەبم بە بەڵمە برنج، سوکتریش دەبم..

(٣)

مەیدانێکی گەورەیە. دار سەرویەك لە ناوەندی دایە، ئەگەر زۆر لێی وردبیتەوە، لە خۆت دابڕێی، شتێکی یەکجار سەیرو هێدی خۆی بە ئامێزی نیگاتدا دەکات.. ئەوەندە لە ئافرەت دەچێت، رەنگە ئەگەر لە خۆت جیا ببێتەوە، لە روحی خۆتدا فەنابی، بتوانی قسەشی لەگەڵ بکەیت..
دەنگێك: (ئاشقێنی لەگەڵ دارو درەختاندا، بۆ خۆی جۆرە مومارەسەیەکی روحی سێکسە... رەنگە یاسایەکی روحی هەرە تایبەتی هەبێ بۆ ئەم سێکسە..).

(٤)

دەنگ بە هەموو دنیاوە وەرەبووە.. ئەم هەموو دەنگە، چۆن جێیان دەبێتەوە. هەر دەڵێی گوڵو نەخشی روی یەك مافورن: هەموو گونجاوو هاوئاهەنگ، لە بری یەکتر بسڕنەوە بە هەموویان ئاهەنگێکی روحی گونجاو چێدەکەن: شتاقیان هەوڵ نادەن ئەوی تریان بسڕنەوە.. هەریەکەیان لەجێی خۆیدا جوانە، تەنیا لەوێدا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوانی دیدا، بوونی خۆی، مانای خۆی دەگەیەنێ.

(٥)

سالۆ، بە تاقی تەنیا. بەسەر ناخی خۆیدا هەڵکوڕما بوو، دەیڕوانییە تاریکییەکە. لەناوجەرگەی ئەم تاریکییەوە، منداڵێتی خۆی وەبیرهێنایەوە.. کاتێ کە منداڵ بوو، لەگەڵ دایکی دا دەچووە هێشوی گوڵەگەنمان.. خوا دەزانێ ئەمی بۆ لەگەڵ خۆیدا دەبرد.. داهۆڵێك بوو!.. بە دیار خۆیەوەی دەچەقاند!.. بابی بە بیردا نایەت. رەنگە بابی هەر نەبوو بێ! دایکی لەسەرە مەرگ دا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوتبوی: بابت دەیتوانی زۆر دەوڵەمەند ببێ، ئەگەر زمانی خۆی بگرتایە سەری رەحەت دەبوو، بەس حەقیقەتی نەگوتبایە.. زۆرم لەگەڵ دەگوت: کورە پیاوەکە بەسە، سەری خۆت بە فەتارەت مەدە، تۆ بۆ ئەوەندە لامل و نەژنەوی، زاری خۆت بگرە. حەقبێژی دادی کێی داوە تا تۆ دڵی پێ خۆش بکەی؟! سەرت دەخوات.. تورە دەبوو: کاری هەق، قسەی هەق سەری ساحێبیان ناخۆن نا حورمێ، ئەو دووە رەگیان قوڵە، رەگیان لە نەمریدا داکوتاوە..

(٦)

خەڵکی کوردەواری داری سەرویان دیتوە. کەم داری بەلق و پۆپ، هێندەی لق و پۆپی دار سەروو بەیەکدا چوون، هێندە بەیەکدا چوون لە تۆ وایە یەکپارچەیەو لە جیابونەوە نایەت. غەریب و باڵا بەرز، هەر بەرەو بەرزی هەڵدەکشێ.. لق و پۆپەکان وردوچڕن. زۆر جار ئەم دارە تاقانەیەی ئەم مەیدانە گەورەیەی، ناو جەرگەی ئەم شارە پڕ ئاشوب‌ونزیکە بەڵایە، سەرنجی رێبوارانی بێگانەو خۆمانەی راکێشاوە. بەتایبەتی کاتێ کە با، تورە دەبێ و لە ناوەخت داو بێ چ پێشەکییەك خۆی بە شاردا دەکات، سەروپۆتەڵاکی درەختەکەی لەمەڕ خۆمان، وەکو قەرسیلی هەوەڵی بەهارێ دەکەوێتە کەروێشکە.. کە زەینی دەدەیێ لەتۆ وایە خۆی ئامادە دەکات تا بەگەڵ بایەکە بکەوێ. دەڕوات، دەکشێت، کەچی لەپڕ وەکو سپرنگ، لە چاوترووکانێکدا دێتەوە شوێنی خۆی.. ئەم لای لایەیەو چوون‌وگەڕانەوەیە ئەفسونێکی سەیر بەدارەکە دەبەخشێت.. ئەمە چ سرێکە، تەمەنی چەندە، چۆن ئاوها بەسەلامەتی دەرباز بووەو تا ئێستا ماوەتەوە، چۆن بەرگەی چەپۆکی رۆژگارانی گرتووە!..

(٧)

سالۆ، بە چاوی خەیاڵ نەمامێك دەبینێ. گەورە دەبێ شێوەو رەنگی دەگۆڕێ، بەسەر خۆیدا هەڵدەکوڕمێ، سەری وەبن لق و پۆپان دەنێ، پێدەکەنێ. دەگری. دەتۆرێ، بار دەکات. بەچەند هەفتە نایەتەوە. لەگەڵ شەپۆلی بادا دەڕوات. کەم درەخت هێندەی ئەم دارسەرووەی لەمەڕ خۆمان لە زمانی با تێدەگات. دەنا قەت بەو هەموو تەمەنەوە، بەم باڵا بەرزییە نەدەما! بڵێی درەخت نەمامێتی خۆی بسڕێتەوە؟! نا، نا لە دڵی خۆیدا پەروەردەی دەکات.. هیچ شەپۆلە بایەك، لە شەپۆلێکی دی ناچێت. هیچ هەژانێکی دارەکەمان لە هەژانێکی پێش یانپاش خۆی نەچووە. کەچی سالۆ دەڵێ: زۆر زەحمەتە هەژانێکی لە هەژانێکی پاشتری جیا بکرێتەوە. زۆر ئەستەمە هەژانێکی لە هەژانێکی پێشتری خۆی دابڕێ.. هەژانەکان بە شێوەیەکی بازنەیی هاتونەتە دنیاوە، ئەم هەژانە بازنەییانە، یەکتر دەبڕن، لە قوڵایی یەکتردا بوونیان تەواو دەکەن. لە قولیی یەکتردا غوربەتی خۆیان کەوی دەکەن.

(٨)

سالۆ دەڵێ، شای پەرییان ئەوی راسپاردوە تا ببێ بەمجێوری ئەم درەختە.. لق و پۆپی ئەم درەختە کە بە شەپۆلی با، ئاوس دەبن، پتر تێك دەڕژێن. نابێ بەجێی بهێڵی، تا درەختی تر پێنەگرن، مەحکومە بەمان.. ئەگەر لەبەر خاتری شای پەرییان نەبێ سالۆ، هێندە ساڵحان نەبوو،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە دیار ئەم درەختەوە ببێ بەمجێور. دەڵێن شەوان دەچێتە ترۆپکی ئەم دارەو دنیا دەداتە بەر زەینان، گوێ هەڵدەخات. دەڕوانێ، دوور دەڕوانێ.. لەوێندەرەوە چاودێری خۆی دەکات...

(٩)

دەنگێک: (ئاشقێنی لەگەڵ دارو درەختاندا، جۆرە مومارەسەیەکی رۆحی سێکسە. رەنگە یاسایەکی روحی سێکس.. رەنگە یاسایەکی روحی هەرە تایبەتی هەبێ بۆ ئەم سێکسە.. دەڵێن ئەم درەختە دڵداری سالۆ بووە. زۆریان یەکتر خۆش ویستوە.. ماڵی بابی رازی نەبوونە بیدەنە سالۆیەکی بێ بابی کەس نەناس. ئیدی زۆر لە خوا دەپاڕێتەوە ببێ بەدرەختێکی غەریبو با هەڵیگرێو لە شوێنێکی غەریبدا بڕوێت، شەو ورۆژ دوعایان دەکات. دوعاکەی گیرا دەبێ.. سالۆ خەون دەبینێ.. دێودەیدۆزێتەوە.. دەبێ بەمجێوری.. بەڵام سالۆ خۆی واناڵێ..)

(١٠)

سالۆ، لە مێژ بوو، لەو گەڕەکە هەژار نشینەدا گیرسابووەوە. تا بڵێی بنیادەمێکی بێوەی، کەمدوو، بابایەکی نیوە زمان بوو. کەس هیچی ئەسەحی لە بارەیەوە نەدەزانی، ئەوەی دەگوترا هەمووی گومانو مەزەندەو خەڵقی خەیاڵ بوو، خەڵکو خوا ژورێکی چکۆلەیان لە خشتو گڵ بۆ دروست کردبوو. شتی هەرە گران بەهای ژوورەکەی تاقە لێفەیەکو بەرەیەکو مەسینەیەك بوو، خەڵکی گەڕەك بە (پیاو چاك) یان دەزانی، بۆیە نەدەوێران ئازاری بدەن.. ئەگەر هەر کەسێکی گازبکردایە، چ مێو چ نێر، لەو ساتەدا هەر ناوێکی بەزاردا بهاتبوایە، هەر بەو ناوەی گاز دەکرد. هەندێ دەڵێن ئەو ناوانەی بەزاری دا دەهاتن، ناوی خەیاڵی کوڕوکیژی خۆی بوون!..

(١١)

رۆژێکیان خاتوو خەزێمی خاڵۆژنی غازی هاوڕێم بۆ دایکی گێڕابووەوە، کە چۆن سالۆ بەیانییەکی زوو دەچێتە بەر دەرکیانو ئەویش بەملی شکاوو خۆی واتەنی ئەستۆی وردی دەری دەکات. چۆن شەوێ دوو پیاوچاك دەچنە خەونیو ئاگاداری دەکەنەوە ئەم (کەس نەناسە) پیاو چاکەو چۆتە پێستی ئەم سالۆیەوە، نەخەڵەتابێ جارێکی دی دڵی برەنجێنێ. گێڕابوویەوە کە چۆن شەوێکیان، لە عانی بانگی خەوتناندا، کاتێ کەس بەدەرەوە نەبووە، بەپەلە چووە دەستی ماچ کردووەو تەوازۆی بۆ هێناوەتەوە..

(١٢)

ئێواران خەڵکی شیوی بۆ دەبەن، دەڵێن زۆرجار دەمەو خۆر لە زەردەی ئێوارێ، دوو کوڕی گەنجی رەش پۆش، دێنە لای، خواردنی بۆ دێنن، وەکو دوو شلکە نەمانی ساوا بە دیارییەوە دەوەستن تا نانەکەی دەخوات، هەنگێنێ بەپەلە دەڕۆن! کەس نازانێ ئەو دوو کوڕە گەنجە بۆ ئەمە دەکەن. بابیانە؟! نەء.. سالۆ لەوان غەریب ترو ئەوان لە سالۆ غەریبترن! کێ دەڵێ ئەوانیش شتێکی وەکو ئەوەکەی باجی خەزێمیان لێ نەقەومییە!.. هەردوو لایان بەمە قایلن، رەنگە کورەکان سێبوری دڵی خۆیان بەو بدەنەوەو لەویژدانی خۆیاندا بۆ بابیان بگەڕێن! ئەویش لەویژدانی خۆیدا وەچاخ کوێری خۆی بەوان بسڕێتەوە!.. سالۆ، ناوی خۆی نییە، خەڵکەکە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆڕا ئەو ساڵۆیەیان بەملیدا داوە.. کەچی نە ئەو پێی قەڵسەو نەخەڵکەکە بەخەمی ئەوەوەن کە ناوە راستەقینەکەی بزانن..

(١٣)

واریقاتی ئەم سالۆیەم لێ بوو بە مەراق.. دڵم بەقسەی کەس ئاوی نەدەخواردەوە. ناچار، جار جارە خۆم لێ دادەگرت. بە تایبەتی شەوانی درەنگ.. شەوێك وا گوێم لێیە لەبەر خۆیەوە دەپرتێنێ: غەریبە ئەم دنیایە، تۆ بنوارە چ غوربەتێکی لێ دەبارێ ئەم رۆژگارە! کورە باڵێ.. نیگای غەریقی غوربەتی منە کە بەمجۆرە غەریبانە هەموو شتێ دەبینێ.. وە دەزانم ئێستایە، کە نیگام هەڵبڕی، دوو ئەستێرەی گەش، بەرانبەر بەیەك، هەر حەوت شەقاوان لێکدی دوور دەبوون. لەپڕ هەر دووك راخوشین. داکشان هەریەکەیان باوەشێك نوری بەدوی خۆیدا جێ هێشت.. دەنگی راخوشینەکەیان هەموو دنیای هەژاند، عالەمێك هەترەشی چوو. خەڵکی ئەم دەڤەرە زوو شتیان لە بیر دەچێتەوە، دەنا نەدەبوو هەرگیز ئەو شەوە فەرامۆش بکەن. هەردوك ئەستێران پێکدا تەقین، دنیا بۆ ساتێك نەما.. چۆن نامێنێ. هەر دەمێنێ ئەم پیرە دنیایە. دەڵێی ژنی تەڕداوێن و بەر بەتاوە، تێر نابێ و نابێ. هەرکە چاوت لێی غافڵ بوو، یەکێکی وەسەرخۆی ناوە.. ئاوس بوون و زایین، زایین و ئاوسبونەوە، لێیان بەلەزەت تر نییە، دەنا نەدەبوو بەرێساویاسای ئەم پیرە دنیایە!..

ئەوجا لەپڕ وەك ئەوەی هەستی پێکردبم، وەستا.. منیش بەلەز ئەو ناوەم بەجێهێشت و تا ماوەیەکی زۆر بەوێدا نەچووم.

(١٤)

شەوێکی زۆر درەنگ، خەوم زڕا بوو. لە ماڵ وەدەرکەوتم و سالۆ خۆت بگرە واهاتم.. کە گەییمە نزیکی، زۆر بە هێمنی، بێ خۆشێلو کردن گازی کردم: ئەهۆی گەردون، کا وەرە بۆ ئێرە. چ قەومییە وا لاتریسکەت بەستووە!.. ئەلهەقی لە دڵی خۆمدا زۆرم کەیف بەو ناوە هات. ئەوە چۆن ئەو ناوەی بۆ هات! بڵێی ئەو ناوانەی ئاوا کوتوپڕ بەزایردا دێن، بۆ کەسێك کە بیەوێ، نەبنە کلیلی کردنەوەی رازو نهێنی ئەم (کەس نەناسە)! لێی چوومە پێشی، بە ئاستەمێك جوڵا، سوێ و ژانی دنیا لە نیگایدا شەپۆلی دەدا، لە تۆ وایە حاڵی لێهاتووەو.. سوێ عەینی دڵۆپە مۆمی تواوە بەریز لە چاوانییەوە بەرەو خوار دادەچۆڕی، دەتگوت تەزبیحی دەستی خواوەندێکی غافڵەوپچڕاوەتەوەو دەنك دەنك بەر دەبێتەوە.. بەڵام شتاقیان نەدەگیینە سەر عاردی.. زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە. بە هێمی گوتم:

– خێرە پیرەباب؟!

زۆر دەترسام بەوشەی (پیرەباب) قەڵس بێ و لێم برەنجێ، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی خراپم لە سیمایدا بەدی نەکرد، بگرە لە دڵەوە کەیفیشی پێ هات. بەڕاپەڕمونەوە گوتی:

– ئەوها دیوارەکەیان بۆم روخاندووە..

– جا ئەمرت بەچییە، بۆتی چاك بکەمەوە؟!

– ئا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ما له خشتان بنەوەو بەوشەوە ببە بە وەستای دیواران..
وشكە كەڵەك بۆم سەر یەك نایەوە. ئەوجا گوتی:
– دەوجا بیٚ دانیشە.
خشتێكی نیشاندامو لە سەری دانیشتم.. ئەوجا بە كاوەخۆ وەكو ئەوەی باسی كەسێكی دی بكات، گوتی:
– ئەمشەو.. من دەمرم.. سویێم دەبێتەوە. ئازای گیانم تەژی گومان بووە. بە گومان ئاوسم، كیٚ بەرگەی ئەم ئاوسبوونە دەگریٚ! لێم نابێتەوە، دڵنیام بەسەرییەوە دەچم.. ئیدی دنیا لەمن ئاخر دەبیٚ..
ویستم دڵی بدەمەوە. هەرچیم كرد، قسەیەكی وەهام بۆ نەهات بیكەم. وەك بڵێی لێم حاڵی بوو، بۆیە خێرا فریام كەوت و گوتی:
– خۆت ماندوو مەكە.. هیچ مەڵیٚ. چەند شەوێك لەمەوبەر، لە هەوەڵی ئەم مانگەدا بوو، بەم چاوانەی خۆم دیتم. تەمو مژ لەسەرو گەردنی هۆو چیایە نیشتبوو. باوەڕدەكەی ئەگەر هەندێك هەستت راگرتبا، گوێت لە نركەو ناڵەی چیاكە دەبوو لە ژێر باری ئەو تەمتومانە خەستو قورسەدا، وەڵڵا راست لە بن هەورو هەڵاو تەمتومانەكەوە رەشاییەك پەیدا بوو، زەینم دایێ هەر بە ئەسپ سوار دەچوو. ئەسپ سوارێك دەتگوت باڵی لیٚ رواوە. تا نشێوتر دەهات، رونتر دەكەوتە بەرچاو. نەخێر هەر بەراستی ئەسپ سوار بوو، بەم چاوانەی خۆم دیتم! ئەسپ سوارێكی پیرو بە ساڵا چوو. نیگا پڕ لە حەسرەتوسیما غەرقی نیگەرانی بوو. هات، هات.. لە كەنار روبارێكی بەهارەو هاژەو شەپۆل یاخیو تاریكو لێڵ دا وەستا. جوڵەی نەما، لە تۆ وایە، بوو بە پەیكەرێكی رەقو تەقو بێباك. خوایە دەبیٚ ئەمە چ گۆڕ غەریبێكی ئەم مەملەكەتە بیٚ، چ عگیدو جوامێرو مێرخازێكی ئەم دەڤەرە بیٚو داوای پەیكەر بكات!
بەبرای خۆم بڵێم زۆری پێنەچوو، ئەسپ سوارێكی دی لە هەمان شوێنەوە، بە عەینی سامو هەیبەتەوە، گەییە هەمان كەنار، حەوت شەقاوان لە دوری ئەوی تردا رەق راوەستا. بوو بە پەیكەر. لە دڵی خۆمدا گوتم: خوا چ دەبینم، ئەمە چ موجیزاتێكە! سامێكم لیٚ نیشت، مەرگم بە ئاوات دەخواست. تۆ بڕوانە بڕوانە چ غوربەتێكیان لیٚ دەباریٚ!.. پیاو راست بڵیٚ خۆفێكی گەلەك گەورەم كەوتە دڵ! هەر دووك پەیكەر چاویان بڕی بووە دوڕ چاوی یەكدی، بە تەمای شەڕ بوون؟ باوەڕم نایەت. ئەدی چارەنووسی خۆیان لە یەكتردا دەخوێندەوە؟ لە گوینە.. ئیعترافێكی بێدەنگ بوو بۆ یەكتریان دەكرد؟ ئەقڵم دەیگری. لەپرو پێكەوە لە قاقای پێكەنینێكی بە كوڵو بەجۆشیان دا، هێشتا حەوت شەقاوان لە یەكتر دوور بوون! پێكەنین درێژەی كێشا خەمم لێهات، دەمگوت هەر ئێستا هەناسەیان سوار دەبیٚو دەخنكێن.. ئەوجا بە هەیبەتو ویقارێكی پڕ لە غوربەتەوە دابەزین.. لە خۆم غەریبیٚ هاوار بۆ خۆم. هەنوكە قیامەت رادەبیٚ. بەرەو پیری یەكتر جوڵان. گەیشتنە یەكتر، باوەشیان بە یەكتردا كرد، لە هۆڕژنی گریانێكی هێندە بەسویان دا داروبەرد بۆیان دەبوو بەئاو، هێندەیان فرمێسك هەڵڕشت، بوو بە گۆماو، هەر بەو دەقەوە لەو گۆماوە نقووم بوونو زوو سەركەوتنەوە. پەككو لەو موجیزاتەی! ئەقڵم بە هیچ كویٚ ناگات: تەنیا وسڵ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرکردن نەبێ، من گوێم لێ بووە، لە پیرو پیاوچاکانم گوێ لێ بووە، کە جوامێران، خوێرپیاتی لە میللەتی خۆیان دەبینن، روحیان دەشەمزێ، دەڵێن ئەو میللەتە تازە بەگان چووەو ئەقڵی پێدا ناشکێ خۆی بسمیل بکات. بۆیە ئەو جوامێرانە لەو دیو هەورانەوە، لەسەر لوتکانەوە دێن‌و زەحمەت دەکێشن‌و لە جیاتی میللەتی خۆیان بەو تەرحە وسڵان دەردەکەن.

ئەرێ وەڵڵا داروبەرد بۆیان دەبوو بە ئاو. لە نکاودا بوون بەیەك رەشایی. ئەدی ئەویتریان چی بەسەر هات؟! کێوە چوو! لە یەکدیدا توانەوە؟ خودا بکات. رەشاییەکە رونتر بووەوە. سیمای بەدەرکەوت. مات‌و خەمین هەنارێکی گەش گەشی لە بەرکی دەرهێنا، دایە بەر نیگا. هەنار چ هەنار، لە تۆ وایە کڵپەی نورە نور. حەزی مرۆڤی، تێر دەکرد. روحی تازە دەکردەوە. هەروا بەدەستییەوە هەڵی دەسوڕاند، لە دەمی نزیك کردەوە. بڵێی بیخوات؟! مەردی چا بە، لێوەکانی بزواندن. پاشان فویەکی بەسەردا کرد. ئەوجا وەکو یەکێکی ئەرخایەن‌و متمانە بەخۆ، ئاوڕێکی لای روبارە لێڵەکەی دایەوە. تا دەستی گرتی هەنارەکەی هاویشت، شڵپ لە دوڕ روبارەکە کەوتەوە. قەت هەندەی نەبرد ئەو ئاوە لێڵە، بەلرفەوشەپۆل سەرهەڵگرتووە، رون رون بووەوە. کپ‌و ئارام ملی ئاوەڕۆی خۆی گرت.. وەختێ ئاوڕم دایەوە ئەسپ سوارەکان شتاقیان نەما بوون.

– گەردوون؟

– بەڵی پیرە باب..

– دەزانی یەکێك لەو دوو تارماییە بابی من بوو!.. ئەسەح بابی من بوو.

وەها حەپەسا بووم، نەمدەزانی چ بڵێم، هەر خۆی لە سەری رۆیی: ئەمشەو دەمرم. ئازای روحم تەژی گومان بووە. بە گومان ئاوسم. بەرگەی ناگرم. بە سەرییەوە دەچم.. هەر لێرەدا بمنێژن، لە بن ئەم درەختەدا بمنێژن. پێیان بڵێ، لێرەدا بمنێژن../ ئێرە ماڵی منە. قەدری مرۆڤانی من بە ئێرەوەیە. لێرە نەبێ لە هیچ شوێنێکی دیدا سەنگم نابێ. دەبم بە بەڵمە برنج/ پێیان بڵێ گەوج نەبن، ئەگەر فشە قەدرێکتان هەبێ بە بابەوەیە. بێ بابی دەردێکی گەلێك گرانە، ئێوە ئەو پیاوە نین بەبێ باب هەڵبکەن.. بێ بابی بۆ هەر کەسێك دەست بدات بۆ ئێوە هەر نەو.. گەردون رۆڵە، تۆبالّم بە ئەستۆت، قەرزاربارى رۆژی قیامەتم بی ئەگەر ئەم حیکایەت‌و واریقاتەم لە هەموو شوێنیان نەگێڕیتەوە.

(١٥)

رۆژو عەیامان تێپەڕین. دنیا گۆڕا. خەڵکی سالۆیان بیرچووەوە. هەر شتەو بەوەختی خۆی.. ئەوەی ماوەتەوە تەنیا دارسەروەکەیە، کەڵەکە بەردێکی وشکە چنی لە دەور گێڕدراوە. لەم مانگەدا ژنان بۆ مرازگرتنەوە دێنە سەری.. ئەو ژنانەی دێنە سەری هەموو باوەڕیان وایە کە بۆی هەیە.. ئاشقێنی لەگەڵ داروردەختاندا گەر بەپاکی بکرێ بۆی هەیە.. چونکە جۆرە مومارەسەیەکی روحی سێکسە...

(١٦)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دەنگ بە هەموو دنیاوە وەربووە. ئەم هەموو دەنگە چۆن جێیان دەبێتەوە!.. سەیرە دەڵێی گوڵ و نەخشی تەختی یەك مافورن.. ئێستاش ناو بەناو وەکو چۆن منداڵ لە سکی دایکیدا رادەجفرێ، قسەکانی سالۆش بەو ئاوایە لە گوێم دا رادەجفرێ: ئەگەر فشە قەدرێکتان هەبێ بە بابەوەیە.**

۳ /۱۹۹۷



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پێنج چیرۆکی تایبەت

## *- نەخشە

ئەم ئێوارەیە لە ماڵەوە دانیشتبوو، سیما خەمبارو نیگا تەماوی.. مەگەر هەر خۆی بزانێ بیری لە چی دەکردەوە، لەپڕ شێرزادی کوڕی وەژوورکەوت. ئەتڵەسێکی بە دەستەوە بوو، بێ چ قسەیەك دەمەو روو پاڵ کەوت کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەکان، نیگای بابی لەگەڵ هەڵدانەوەو دادانەوەی لاپەڕەکاندا دەهاتو دەچوو، خورپەیەکی شادی بەدڵیدا گەڕا، سیمای تۆزێ گەشایەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

((ئەمساڵ پۆلی دووی ناوەندییە، هەشت ساڵی دی دەوێ تا خوێندن تەواو دەکاو پێدەگا، هەیهو... زۆرە! بەلام بۆ کەسێ نەمرێ، هەشت ساڵ پێچی مێزەرە، خۆزیا منداڵێکی دیشمان هەبوایە، باشتر منداڵێك کەمتر تەمەنێك ئاسوودەتر.. خانووم هەیە، ئۆتۆمبێلم هەیە، ژیانم خراپ نیە، خۆ دوکانەکەم لە هەمووی چاکتر، هەرنەبێ دەتوانێ ببێ بەدوکانداڕو خۆی بژێنێ. هەموو ئەمانە بۆ ئەم دەمێنێتەوە، ئیدی یاسای ژیان وایە: نەوە بەنەوەی دەسپێرێ...))

شێرزاد لە نکاو ئەتڵەسەکەی بە تووڕەیی داخستەوە، بەرزی کردەوەو بەتوندی بەعاردی دا دایەوە، تاتوانی شەپێکی بە بەرگەکەیدا کێشا، پەنجە باریكو ناسکەکانی بەسەردا بڵاوکردنەوە، پەنجە کەڵەی بە زمان تەڕکرد. بە تووڕەیی کەوتەوە هەڵدانەوەی پەڕەکانی، لە ئاستی هەر پەڕەیەکدا هەڵوەستەیەکی دەکردو تفێکی خەستی لێ دەکرد. هیچ نەخشەیەکی نەبوارد، نەولاتانی عەرەب، نەولاتانی ئیسلامیو نە ئەورووپاو نە ئەمریکا. کە تەواو بوو وەك یەکێك داخێکی گەورەی هەڵڕشتبێ هەناسەیەکی هەڵکێشا... نیگایەکی پرسیاراوی بابی کرد. بابی گوتی:

– ئەوە بۆ ئەو نەخشانەت تف باران کرد رۆڵە؟

– بۆ؟!

– ئەدی نازانی خاوەنانی ئەو نەخشانە زویر دەبن؟

– کێ خاوەنیانە؟

– هەریەکەیان هی ولاتو میللەتێکە.

– باشە ئێمە میللەت نین؟!

– با...

– ئەدی بۆ نەخشەمان نیە؟!

بابی هەندێ داما، لە فکرانڕاچوو، بیری بە هیچ کوێڕا نەگەیی، ئەوجا شێرزاد هەڵی دایێ:

– دەبا من پێت بڵێم بابە.

بابی تۆزێ گەشایەوەو گوتی:

– ئادەی شێرۆ گیان، بڵێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– چونکە ئەو وڵاتو میللەتانەی کە تۆ دەیڵێی زویر دەبن، نەخشەکەمانیان دزیوە.. ئێستا زانیت بۆ ئەو نەخشانەم تف باران کرد!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# *- ئاخ وەتەن

ماڵی نەوزاد لە قەراخ شار بوو.هەموو رۆژێ بە پێیان هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد.رۆژێك لە گەڕانەوەدا مەلێکی بچووکی گرت.شادوبە کەیف لەگەڵ خۆی بردییەوەو لە قەفەزی نا..دان‌وئاوی بۆ دانا،نەوزاد زۆر نازی باڵندەکەی دەکێشا، کەچی باڵندەکە رۆژ بە رۆژ کزتر دەبوو، سەری وەبن باڵی دەناو خەمگین‌و بێتاقەت هەڵدەکوڕما، ناوە ناوە لەپڕ وەکو یەکێك لە خەونێکی ناخۆش بێداربێتەوە ڕادەچڵەکی‌وجوکە جوکێکی غەمگینی دەکردو لە جێی خۆی مت دەبووەوە.

نەوزاد سەری لەمە سوڕمابوو.لە دڵی خۆیدا دەیگوت" خۆ زۆر نازی دەدەمێ، عاجزی ناکەم، دان‌و ئاوی دەدەمێ، لە هیچی کەم نییە، کەچی هەمیشە خەمبارو بێتاقەتە."

ویستی هۆی ئەمە لە بابی بپرسێت، رۆژێك بابی لە ماڵ بوو، باڵندەکە لە پڕ ڕاچڵەکی‌و جوکە جوزکێکی کرد، نەوزاد تۆزێ گرژییەوەو بە بابی گوت:

- بابە ئەم تەیرە دەڵێ چی؟

بابی نەوزاد پیاوێکی دنیا دیدە بوو، ی‌دەردی باڵندەکەی دەزانی.تۆزێ راماو گوتی:- دەڵێ ئاخ وەتەن!

- ئاخ وەەن یانی چی؟!
- یانی بە زیندان رازی نییە، بیری وەەنی خۆی دەکات.
- وەتەنی خۆی لە کوێیە؟!
- ئەگەر بەرەڵڵای بکەی‌و شوێنی بکەوی دەیزانی.

نەوزاد باڵندەکەی بەرەڵڵاکرد، لەگەڵ بابیا شوێنی کەوتن.لەسەر بنچکە دڕکێك نیشتەوە، بای باڵی خۆی داو هەڵی کردە خوێندنێکی بەسۆز، نەوزاد گوتی:

- بابە دەڵێ چی؟!

بابی بزەیەکی شیرینی بە روویدا داو گوتی دەڵێ:

- ئۆخەی وەتەن!ئەوجا دەستێکی بەسەر نەوزادا هێناو گوتی:
- ئەدی چۆن ڕۆڵەی شیرینم، وەتەن ئەگەر بنجە دڕکێکیش بێ هەر شیرینە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# کۆلاره

مریشکێکی بێوەی، لەگەڵ جوجەڵەکانیدا لە کەنار چۆمێکدا بە ئاسوودەیی دەژیا، گشت ڕۆژێك پاش گەڕانو دانەوێڵە خواردن لەگەڵ خۆر لە زەردەی ئێوارەدا بۆ پەناکەی خۆیان دەگەڕانەوە، لە نێو جوجوڵەکان دا، جوجەڵەیەکی سورخنی زیتەڵە هەبوو، دایکی زۆری کەیف پێ دەهات، مقۆ مقۆ کەوتە ئەو هەرێمە کە کۆلارەیەك پەیدا بووەو مرخی لە هەموو پەلەوەرە بێوەیەکان خۆش کردووە.

مریشکە ڕەشە، هەواڵی مەرگی یەکێك لە بێچوەکانی پوورە مراوی دراوسێی بیستو ویستی بچێت بۆ پرسەو سەرخۆشی... جوجەڵەکانی خڕکردەوە:

– وەرن ڕۆڵەکانم، من دەچم بۆ پرسەی پورە مراوی..

جوجەڵەیەکیان، بەسەرسامیەوە گوتی:

– پرسەی چی دایکە؟!

– ئەدی چۆن گیانی دایکە، کۆلارەی ناجسن هاتۆتە سەریانو ورگی یەکێکیانی هەڵدڕیوەو کوشتویەتی، جا وامن دەچم بۆ ئەوێ، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێ لە یەکدی جودا مەبنەوە، زۆریش دوور مەکەنەوە.

هەموو بای باڵی خۆیان داو گوتیان:

– بەسەرچاو دایکە، بڕۆ خوات لەگەڵ.

مریشکە ڕەشە کەوتە ڕێ، بەڵام بیری هەر لای بێچوەکانی بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: زۆر دانانیشم، زوو دەگەڕێمەوە.

هەر کە دایکیان دوور کەوتەوە. جوجەڵە سورخنە زیتەڵەکە رووی کردە خوشكو براکانی:

– ئازیزان، وەرن با ئێمە ترسنۆك نەبین، باتۆڵەی بێچوەکەی پورە مراوی بکەینەوە.

هەموو لێی هاتنە پێشێو گوتیان:– چۆن؟

– پرسیارەکەتان بەجێیە، من رایەکم هەیە جا نازانم ئێوە پەسندی دەکەن یان نا؟

هەموو گوتیان:– فەرموو رایەکەت بڵێ.

گوتی: تۆڵە بێ قوربانی نابێ، ئەو کۆلارەیە تەنیا دوژمنی مراوی نیە بەڵکو دوژمنی ئێمەشە.

هەموو کەوتنە جوکە جوكو گوتیان– راستە ئەمڕۆ ئەوبوو، سبەی نۆرەی ئێمەیە.

جوجەڵە سورخنەکە لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– با هەموو بچینە مەیدانەکەو دەست بە گەمەو وازی بکەین، کۆلارە چاوی پێمان دەکەوێو پەلامارمان دەدات!

جوجەڵەکان کە گوێیان لە وشەی پەلامار بوو ترسیان لێ نیشت. هەندێکیان گوتیان:– ئێمە نایەین بۆ یاری لێرە دەمێنینەوە!

هەندێکیان گوتیان:– ئێمە دێینو لە تۆ جیانابینەوە، ئەدی دایکە نەیگوت لە یەکدی جیا مەبنەوە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوجەڵە سورخنەکە گوتی:- هەرکە پەلاماری داین، هێندەی بتوانین خۆمان دەپارێزین، بەڵام ڕەنگە یەك- دوانێکمان بمرین. جا گرینگ نیە هەرکاممان بین...
جوجەڵەکان هەموو رازی بوون، هێندەیان یەکتر خۆش دەویست هەرکە ناوی مردن هاتە گۆڕێ هەموو یەکیان گرت، هەریەکەیان حەزی دەکرد خۆی بمرێ، بەڵام مەرگی خوشك‌و براکانی نەبینێ، ڕۆیشتن بەیاریەوە خلافان.. لەپڕ کۆلارەی نەگریس پەیدا بوو هەموو لە ترساندا سەریان بەیەکدا کرد. جوجەڵە سورخنەکە بە دەنگێکی دلێر گوتی:- مەترسن، خۆتان مەشلەژێنن..
کۆلارەی نارەسەن، لەگەڵ، یەکەم پەلاماردا یەکێکی لێ بردن بە حەوادا، کە هەستی کرد بێ خاوەن‌و دایکیان لەوێ نیە، تەماح گرتی ئەوجا هات لە ناویان دا نیشتەوە، هەموو جوجەڵەکان چاویان بڕییە، جوجەڵە سورخنەکە، لە دڵی خۆیان دا دەیانگوت: ((ئاخۆ چۆن تۆڵە دەکاتەوە، ئاخۆ چ تەگبیرێکی پێ بێ؟!))
لەو کاتەدا کۆلارەکە خۆی بادەداو چاوی دوژمنایەتی تێ دەبڕین، جوجەڵە سورخنەکە لێی چووە پێشەوەو گوتی:
- بەخێر بێی قوربان فەرموو ئەمرکە،کام جوجەڵەت بەدڵە بابۆت سەربڕین‌و سوری بکەینەوە.
کۆلارەکە بزەیەکی هاتی‌و گوتی:- ئەدی کوا دایکتان؟
جوجەڵە سورخنەکە گوتی:- دایکمان قەزاو بەڵای تۆی بردووە، دەمێکە مردووە، خۆ ئەگەر تۆ بێی‌و ببی بە گەورەمان زۆر مەمنوون دەبین.
کۆلارەی لە خۆبایی گەوج، زۆر کەیفی بەمە هات، پشتی لێ کردەوەو بە فیزێکەوە قەڵەوترین جوجەڵەی دەست نیشان کردو گوتی:
- ئا ئەو نەرمۆڵەیەم بۆ سەر ببڕەو سوری بکەوە.
جوجەڵە سورخنەکە خۆی هەڵکرد، بەمی گوت چەقۆ بێنە، بەوی گوت ئاگر خۆش بکە، بەوی گوت ئاو بێنە... ئەوجا دۆشەکێکی پەڕی نەرمی بۆ کۆلارەکە هێناو گوتی:
- فەرموو قوربان.. تۆش لەسەر ئەم دۆشەکە نەرمە پشویەك بدە، ئەمە هی دایکی ڕەحمەتیمانە، فەرموو تۆ ماندویت، سەرخەوێ بشکێنە تا خواردنەکە پێ دەگا.
کۆلارەکە لێی راکشا چووە ژێری، خەوی بە گۆشتی سوورەوە کراوەوە دەبینی! مریشکە ڕەشە بە گارەگار لە دوورەوە دەرکەوت، جوجەڵە سورخنەکە بەگوێی یەکێك لە جوجەڵەکانیا چپاند:
- بڕۆ بڵێ دایکە گارەگار مەکەو فریامان بکەوە، ئەم حاڵەی بۆ بگێڕەوە، کۆلارەکە ماندوو بوو هەر زوو خەوی لێ کەوت، خەوی بە گۆشتی سورەوە کراوەوە دەبینی.. بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد، گەر باش سورنەکرابێتەوە هەموویان دەخۆم، ورگیان هەڵدەدڕم.
لە کاتێکدا کۆلارەکە ئەم وڕێنانەی دەکرد، مریشکە ڕەشە گەییە سەری‌و پەلاماری دا، تاتوانی دەنوکە تیژەکەی لە گلێنەی چاوی چەقاند، کۆلارەکە کاتێکی بە خۆزانی دنیا لەبەر چاوی تاریك بوو بوو، بەچوار دەوری خۆیدا وەك مزراح دەخولایەوە، ئەوجا هەموو پەلاماریان داو گیانیان لەبەر بڕی. جوجەڵە سورخنەکە چووە سەر کەلاکی کۆلارەکەو گوتی:
- ئا ئەمەیە ئەنجامی تەگبیرو قوربانی دان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاشان هەموو کڕنۆشیان بۆ گیانی برا شەهیدەکەیان بردو مژدەشیان بە پورە مراوی دا....



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## *- ڕاوچی

ئەورەحمانی راوچی، ئەو بەیانیە لە خەو هەستا، چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا، رۆژەکەی رۆژێکی بەهاری خۆش بوو بە هەمینی ژنی گوت:- ئافرەت توێشەبەرەیەکم بۆ بپێچەوە دەچمە راوێ.
هەمین، توێشەبەرەی بۆ پێچایەوە، ئەویش نان و چای خوارد، توێشەبەرەی لە پشت بەست، ساچمە زەنی لە شان کرد، تاژی بۆری رستکردو کەوتە رێ، لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە کە چۆن نێچیرێکی خرت و قەڵەو دەگرێ. بەکۆڵێدا دەداو بۆ نێو گوند دەکەڕێتەوە خۆی بە نێچیرەکەیەوە بادەداو دەنوێنێ. خێرا خێراش مژی لە جگەرکەی دەدا، لە گوند وەدەرکەوت گەییە سەرباسکێك، هەڵوەستەیەکی کرد، زەینی قەدپاڵ و نێو دۆڵەکانی دا، لەدوورەوە کەروێشکێکی بەدی کرد، مەزەندەی لێگرت لەبەر خۆوە گوتی:- دوورە، باوەڕناکەم بیپێکم، ئەدی تاژی بۆرم بۆ چییە؟
کەوتە پارێزی بەدزە دزە خۆی نزیك خستەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:- جا ساچمە زەن بۆ! هەر گوناحیشە! ئەدی تاژی بۆر بۆ رۆژێکی وەها نەبێ بۆ چ باشە؟
تەواو نزیك بووەوە، کەروێشکەکەی بۆ تاژی بۆر دەست نیشان کرد، رستەکەی لەملی کردەوەو دەی لێکرد..
تاژی بۆر تاوی دایێ بە چەند قەڵەم بازێ تەنگی پێ هەڵچنی.. هالێرە هالەوێ لەم پەلامارو لەو راکردن و گوژم بردن، لە ئەو رەحمان دوور کەوتنەوە، کەوتنە نەدیوی.. ئەو رەحمان بە هانکە هانك کەوتە شوێنیان، لەودیووەوەش کەروێشکەکە تەواو هیلاك بووبوو بە تایبەتی تاژی بۆر بەری هەورازی لێ گرتبوو و بەرەو نشێوی تاو دەدا، ئاخر کەروێشك چونکە دەستی کورتن لە نشێویدا وەزعی شڕە، هەستی کرد لە پەلاماری تاژی بۆر ناخەلەسێ.. لە فکران راچوو: "خۆ ئەو غەدار بابە هەر دەمگرێ دەمگرێ واچاکە بە کوشتی بدەم، بەڵکو هاوڕێکانیشم دەحەسێنەوە..."
لە جێی خۆی وێستا رووی کردە تاژی بۆر:
- قوربان تۆ هەر دەمگری دەمگری، جابەر لەوەی بمکوژیت حەزدەکەم دوو قسەت لە خزمەتتاندا بکەم.
تاژی بۆر هێندەی دی بای چووە کەوڵەوە، بە پۆزلێدانی دەسەڵات دارێکەوە گوتی:
- قسەی خۆت بکەو چ شتێ لە دڵی خۆت دا مەهێڵەوە.
کەروێشکەکە گوتی:
- تۆ بەخۆڕایی خۆت هیلاك دەکەیت ئەم راکردن و هەڵپەیەت بێ ئەنجامە.
تاژی بۆر تووڕە بوو و گوتی:
- چۆن؟
کەروێشکەکە بێباك و بێدەربەست گوتی:
- تۆ بۆ بێگانە رەنج دەدەی، بۆ زەوت کردنی ئازادی منی بێ گوناح، بۆ زیاتر دیل کردنی خۆت غار دەدەی، بەمە دەڵێن بێگانە پەرستی، ئەنجامی بێگانە پەرستیش قەت چاك نەبووەو نابێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاژی بۆر نەڕاندی:

– ئەدی تۆ، هەی قسە زل!

کەروێشکەکە گوتی:

– من بۆ خۆمو لە پێناوی ئازادی خۆدا غار دەدەم، بۆیە مردنی من گەلێك لە ژیانی تۆ سەربەرزانەترە.

تاژی بۆر دەهری بوو.. بەرچاوانی تاری بوو، ویستی پەلاماری کەروێشکەکە بدا، کەروێشکەکە قیژاندیو گوتی:

– ئەگەر وانیەو راست دەکەی بۆ خۆتم بخۆ، مەمدە دەست ئاغا دڵ رەقەکەت.. دەی بزانم دەتوانی؟

تاژی بۆر کە دیقەتی کەروێشکی خورتو قەڵەوی دا تەماح گرتی، ئاو زاییە دەمیو لە دڵی خۆیدا گوتی:" من لەوەتەی هەم بۆ ئەم کابرایە راو دەکەم، لە ئێسقانو پێست زیاتری نەداومەتێ، با ئەمجارەیان ئەم نێچیرە بۆ خۆم بخۆم.. وەفای ئاغاشم تاقی بکەمەوە.."

پەلاماری کەروێشکەکەی دا، یەك– دوو سەر بەتوندی رایوەشاندو گیانی لەبەر بڕی. بۆی وەرکەوتو سەری تێژەند. ئەو رەحمان پاش قەدەرێك لە ئاسۆگەکە بەسەرکەوت. سەیری کرد تاژی بۆر نیوەی کەروێشکەکەی خواردووە. کە ئەمەی بینی بەرچاوی تاری بوو. ساچمە زەنی سوار کردو لەگەڵ یەکەم شریقەدا، تاژی بۆر پەلەخوار بووەوە.

بەدەم ئازاری گیان دەرچوونەوە، قسەکانی کەروێشکەکەی بیر کەوتنەوە: (تۆ بۆ بێگانە رەنج دەدەی.بۆ زەوت کردنی ئازادی منی بێ گوناح، بۆ زیاتر دیل کردنی خۆت غار دەدەی.. ئەمە بێگانە پەرستییە، ئەنجامی بێگانە پەرستیش قەت چاك نەبووەو نابێ).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# کانییه قارەمان

قارەمان، هەمیشە مات و بێدەنگ، سیما خەماوی و نیگا نیگەران بوو. گیانی بەوە بوو شوانێکی هەردە وێڵ بوو. خەمی خۆی بۆ گوڵ، دەشت، چیا، با، هەور، باران، هاوین، پاییز، زستان و بەهار هەڵدەڕشت.. بۆ تەیرو تو، سەرچاوەو کانیاوو زنە هەڵدەڕشت. خەم و کەسەری خۆی بە گەروی بلوێردا دەکردو بەدەم شنەی باوەی دەدا. ئیدی بۆ کوێ دەڕۆیی، دەگییە کوێ؟! بەلای ئەمەوە گرینگ نەبوو. خەمێکی گەورەی لە دڵ بوو. لەوەتەی هاتبووە ئەم گوندە، ئەو خەمەی توش بوو بوو. دەنا جاران بە هەمان سادەیی سروشتەوە پێشوازی لە ژیان دەکرد..

– زۆر چاکە، ئێمەش بێ شوانین. مردوو لەوەی پاکتر ناشۆرێ. بەلاّم تۆ پێت نە گوتین نێوت چییە کوڕی باش؟

کەمێك داما، سەری داخست. چاوانی پڕ غوربەتی هەڵێناو لەبن لێوانەوە گوتی:

– قارەمانی برا بچوکتان.

– بەخێربێی، هیوادارین، نێوەکەت بە خەسار نەدەی!

لەو رۆژەوە کە کاری شوانی لەم گوندەدا گرتە دەست، هەستی بە گۆڕانێکی گەورەکرد. گلەیی و گازاندەی لە خۆ دەکرد:"دەك زارت بەبڕین چێ! ناو نەما قارەمان نەبێ! ئاخر تۆو قارەمانی کوجا مەرحەبا! دەك زارت بەبڕین چێ وەکو ئەم پەندەت بەمندا.."

گوند چی گوند! دەتگوت بە هەشتی خوایە.. کانی و ئاوێکی سازگاری لە داوێن بوو. سارد وەکو سەهۆڵ. شیرین وەکو هەنگوین، خەڵکی گوند لە سایەی ئاوی زۆری کانییەکەدا حەسابوونەوە. هەموو تەباو کۆك، سەرگەرمی باخ و باخات و مالاّت بەخێو کردن بوون. هەموو چوست و چالاك ژیانیان لێدەچۆڕا. رووت دەکردە هەر کۆییەك سەلاّی پێکەنین و ستران و گۆرانی بوو. خەڵکی هەموو کەیف کۆك و لە نێو خۆدا سازگار، لەتۆ وایە کانی و ئاوەکەن و بەدەم سروشتەوە دەگرژێنەوە. کێ بێ لە بەهەشتا خەمبار بێ! قارەمان، دڵی بەهیچ نەدەکرایەوە. نەسێوە لاسورە، نەمیوەی هەمەجۆر، نە بەهێی زەردو بۆن خۆش، نە دیمەنی کەژو کێوان، نەباخی رازاوە، نەبارەی غوربەت مژی پەزوران، نەباعەی نەشئەبەخشی بەرخەل. نەتریقەو پێکەنینی شۆڕە بێرییان، نەتەبایی و برایی مرۆڤان. نەخۆڕەی قەڵبەزەی ئاو، نەنێسکەو کوڕژنی ئەسپی کە حێلان، نەداگەڕانی درەنگ وەختی ئاسکی کێوان بۆ سەر کانی و ئاوەکە. نەنیشتنەوەی پۆلە مەلانی دەشت و چیا، ئەمانە هیچیان دڵی قارەمانیان نەدەکردەوە. خەمێکی لە دڵدا بوو بلوێرەکەش پێی نەدەوێرا. زۆرجار دەیویست شوانییەکەی بە نیوە چڵی بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا، بەلاّم..

– .. هیوادارین نێوەکەت بە خەسار نەدەی!

وەکو نوسنەك بە بەرۆکییەوە دەنوساو لێی نەدەبووەوە. لە حەژمەتاندا هەزارو یەك جنێوی بەخۆی دەدا:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– .. دەك خەجاڵەت بی. زارت بەبڕین چێ، چما ناوبڕان بوو، هەرما ئەو ناوە زلە لەخۆ بنەی؟ چما قارەمانێتی کارێکی هێندە ئاسانە، هەر لاتو لەوێڕێ پڕی داتێ..

ئەوجا بلوێرەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەردێنا، تا تاقەتی لەبەر دەبڕا، هەوایەکی غەمگینی لێدەدا. هێندە غەمگین هێندە غەمگین، تەیروتوی لە حەوا رادەگرت. بەردو چیای دەهێنایە زمان. تا رۆژێك هێندەی بلوێر لێدا، شەکەتوماندوو ئاگای لەخۆ بڕا. خەوی لێکەوت.

گوڵاڵە سورەیەك هاتە خەونیو گوتی:

– ئەوە چییە براله، چیت لێ قەوماوە؟ بۆ وا دەستت لەخۆ بەرداوە، خەریکی ژیان لە بەرچاوی ئێمەش دەخەی.. هەر خەمێکت هەیە بابێ، بەڵانەکی دەست لە ژیان بەرمەدە، دەنا نا ئومێد دەبێ، پیاوی نا ئومێد ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا ناگا. بەناو ژیان بکەوە، ژیان پڕە لە دەرگاو ئەو دەمە دەرگایەکت هەر لێ دەبێتەوە.

لە خەو هەستا، ئازای نیشتبووە ئارەقە، یەك دووجار کێشمانی خۆی دا، شنەبایەکی فێنك ئارەقەکەی هیشك کردەوە. شادییەك بە دڵو دەرونیدا گەڕا.

* * *

بە یانییەك خەڵکی گوند رابوون. دیقەتیان دا کانییەکە وشکی کردووە. ڕەونەقی گوند شکاوە. هەرچەند بیریان کردەوە ئەقڵیان بە هیچ کوێ ڕا نەگەیی... خەڵکی بێ ئاو مانەوە. باخو باخات وشکی کرد. مەڕو ماڵات بە کۆمەڵ مردار بوونەوە. خەڵکی ترسیان لێنیشت، دەیانزانی گەر کار وابڕوا هێندە نابا کە هەموو ماڵوێران دەبنو تیا دەچن. ئەنجام پەنایان وەبەر ئاپۆ عارف برد، پیاوێکی دنیا دیدەی قاڵبووی رۆژگار بوو.

– ئاپۆ عارف تەگبیرت بە چییە؟

سەرێکی لە قاند، وەکو یەکێك خۆی بدوێنێ گوتی:

– ئەم کانییە لە سەرێ ڕا دێ. بەزورگەکەی سەرووی گوندا هەڵگەرێن. ناوە ناوە گوێ بە عاردییەوە بنەن. لە کوێ هەستتان کرد، زەوی ورتە ورتی لێوە دێ، ناوی خوای لێ بێننو بکەونە هەڵکەندی.

بە قسەیان کرد. پا چو خاکە نازیان خستەکار، چاڵێکی زۆر گەورەو قوڵیان هەڵکەند. سەیریان کرد حەزیایەکی حەوت سەر دەمی بە ئاوەکەوە ناوەو نا یەڵێ تاقە چۆڕێکی بێتە خوارێ. کە چاوی بەخەڵکەکە کەوت لە نەعرەتەی دا:

– لەجێی خۆتان بوەستن. نەخەڵەتابن ببزون! وادیارە ئاواتان دەوێ! ئاو، هەروا خۆڕایی نییە.

گوتیان:–ئەدی چۆن؟

– دەبێ هەموو رۆژێ کیژێکم بۆ بێنن، ئەو ماوەیەی تا لە خواردنی دەبمەوە، ئاوەکەتان بۆ بەر دەدەمەوە.

– جا ئەو ماوەیە کەی هێندە دەبێ، تا کیفایەتی رۆژێك ئاو بێتە خوارێ؟!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– دەتانەوێ ئەوەیە، ناتانەوێ بڕۆن بۆ خۆ ئاو پەیدا بکەن. دەی خێرا لێرە بڕۆن دەنا.. خەڵکەکە نیگەران و شپرزەو هەراسان بۆ نێو گوند گەڕانەوە. چونەوە لای ئاپۆ عارف، روداوەکەیان لە نوکەوە بۆ گێڕایەوە. ئاپۆ عارف سەرێکی باداو گوتی:

ئای غەدار باب. پیشەی غەداران هەر وابووە. بۆ دەسرۆکەیەك قەیسەرییەکیان سوتاندەوە. ئێوە نازانن ئەمە چ ئۆینێکە. ئاوو ئافرەت هەردوکیان سەرچاوەی ژیانن. دەیەوێ بە جارێ هەردوو سەرچاوەکەی ژیانمان لێ وشك بکا.

ردێن سپیانی گوند، هەموو خڕبوونەوە تا تەگبیرێك بکەن. گەنجەکان کۆبوونەوەو هەموو ئامادەی خۆبەخت کردن بوون. شمشێر لەبن میچان هێنرانە خوارێ، تیژ کرانەوە. نەخشەی پەلامار دارێژرا. شەوێ هێرش کرا. پیرە حەزیای غەدار باب کلکلی لە عاردی چەقاند. زەوی لەرزی. لە نەعرەتەی دا. ئاگر لەهەر حەوت دەمییەوە داباری. هەرچی تاوێری سەرچیا بوو خل بوونەوە. لاوەکان لە ترسا پاشەکشەیان کرد. چار نەما یا دەبوو گوندەکە چۆڵ بکەون، یا مل بۆ داواکەی پیرە حەزیا شۆڕ بکەن. چۆڵ کردنی گوندەکە هەر نەو، دەبوون بەگەپجاری دۆست و دوژمن: بێ غیرەتن، دەستبەرداری خاکی خۆ بوون...

قڕ کەوتە کچان. تاقە کیژێك مایەوە. تاقانەی داك و بابی بوو. تا حەز بکەی لە بارو جوان بوو. بە تۆ بوایە نە بکەی نە بخۆی هەر دانیشی و تەمەشای سای گەردنی بکەی.. بۆ بەیانی نۆرە دەهاتە سەر ئەو. ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت. دەمەو بەیانی جوانترین جلکی لەبەر کرد، دەتگوت بەبووکی دەچێ! دوا ماڵی گوند گەڕا. گەردن ئازایی لەگەڵ وردو درشت دا کرد. بەرەو حەزیاکە کەوتە رێ. خەڵکەکە مات و خەمبار، داماوو بێ دەسەڵات، دورو نزیك دووی کەوتن. ئاوڕێکی لێدانەوە.

– من بەپێی خۆم دەڕۆم. شانازییە بۆ من گەر بۆ چەند سەعاتێکیش بووە، هەندێ ئاو بۆ هاوگوندییەکانم دابین بکەم.

قارەمان، لە هەموو خەڵکەکە خەمبارتر بوو. گوێی زرینگایەوە. دەنگی گوڵاڵە سورەکەی خەونی بوو:

– .. بەناو ژیان بکەوە. ژیان پڕە لە دەرگا، ئەو دەمە دەرگایەکت هەر لێ دەبێتەوە.

لەپڕ راچڵەکی. چاوەکانی بوون بە دوو کەڵە پشکۆ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم سامی ترسە چییە! ئەم هەموو کیژە بۆ وا ملکەچانە دەرخواردی حەزیا دران. خۆ با هەر کیژەو خۆی تاقی کردباوەو بەگژ حەزیاکەدا چوو بوایە. لەوە بوو یەکێکیان حەزیاکەی کوشتباو هەموو شت براباوە.. خۆ هەر دەمردن، دەمردن! دیسان دەنگی گوڵاڵەکەی خەونێتی:

– .. دەست لە ژیان بەر مەدە. دەنا نا ئومێد دەبی. پیاوی نا ئێومێد ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا ناگات. باشار لە دەست دەدات..

.. راست دەکات. ئەمانە تەنیا نا ئومێدی بەم دەردەی بردون.." بە پڕتاو بۆ نێو گوند گەڕاوە. شمشێرێکی لەگەڵ خۆ هێناو بەلەز هاتەوە دڕی بە خەڵکەکە دا گوێی لێ بوو بابی کیژەکە بەدەم کوڵی گریانەوە دەیگوت:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

– هەر کەسێ حەزیاکە بکوژێ، هەم کیژەکەی دەدەمێ، هەمماڵو موڵکەکەم.
دڕی بە خەڵکەکەدا، خۆی گەیاندە کیژەکە، باسکی گرتو بەرەو ناو گوندی گەڕاندەوە. خەڵکەکە حەپەسابوون. دەیەوێ چ بکا! گەنجەکان خۆزگەیان پێدەخواست. بە غیلیان پێدەبرد. دەڕویی و گوێی دەزرنگایەوە:
– .. هیوادارین نێوەکەت بەخەسار نەدەی.
هێندەی دی لەسەر بڕیارەکەی رژد دەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "فرسەتە قارەمان! لە دەستی نەدەی. درۆیەکت کرد، دەمێکە پێیەوە دەتلێیتەوە. مەترسە، درۆکەت بسڕەوەو ئیدی بانێوت قارەمان بێ..".
گەییە ئاستی حەزیاکە، شمشێری هەڵکێشا. نەعرەتەی حەزیاکە نەی ترساند، بەڵکو پتر غیرەتو خوێنی هێنایە جۆش.. خەڵکەکە واق وڕماو وێستا بوون. کاتێکیان زانی گەردەلوولی ئاگر دنیای گرتەوە.
قیامەت رابوو. کەرتە شاخ بەر بوونەوە. درەختی زەلام زەلام لە رەگوریشەوە هەڵکەندران. هەراو هەنگامە گوێی بنیادەمی کەڕو کاس دەکرد. پاش قەدەرێك تەپو تۆزو گەردەلوول نیشتەوە. خەڵکەکە گەیینە دیار چاڵەکە. دیتیان قارەمان نوکی شمشێرەکەی لە گەروی حەزیاکە چەقاندوەو دیواو دەرکونی کردوەو حەیاتی لەبەر بڕیوە.
تەپڵو زوڕنای شادی کەوتە لێدان. ئاهەنگی حەوت شەووحەوت رۆژ گێردرا.
بابی کیژە، مەلای هێنا تا کیژەکەی لە قارەمان مارە بکا. بەڵام قارەمان قبوڵی نەکرد.
– ئەمەم بۆ پاداشت نەکردووە.. بەختیاری ئێوەم دەوێ. تەنیا ئەوەم داوایە کە بەیەکێك لە خۆتانم بزانن.
تێکڕا داواکەیان قبوڵ کرد. ئاپۆ عارف هاتە بەرەوە، نێوچەوانی ماچ کرد. بە ئەوکی پڕ لە گریانی شادییەوە گوتی:
– بەراستی ناوەکەت خەسار نەکردووە. رەحمەت لەو دایکەی مەمکی لە زار ناوی.
ئەوجا رووی کردە ئاپورای خەڵکەکەو گوتی:
– گەلۆ من داوای ئەوە دەکەم، کە ناوی کانییەکەمان بنەین کانییە قارەمان.
تێکڕا لە چەپڵەیان داو پێشنیازەکەیان قبوڵ کرد.
* * *
خەڵکەکە زۆر ماندوو بوون، ئەو شەوە تێر خەوتن، بەیانی درەنگانێ لە خەو رابوون.. سەیریان کرد، قارەمان، دەمەو روو دەمی لە نێو کانییەکە ناوەو بەو دەقەوە گیانی دەرچووە.. ئێستاش کەس نەیزانی ناوی چی بوو!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## حەمە كەریم عارف

* كەركووكییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ كۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.
- یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی (هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو) كە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوكاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور،نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك،نووسەری كوردستان، كەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاكزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولكەریم بەرهەمی بڵاو كردووەتەوە.

* جگە لە پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی قوتابیانی كوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێكخراوێكی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە ڕۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاكانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.
- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە كە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، كۆ چیرۆك، چاپی یەكەم ١٩٧٩



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٢- كۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، ڕۆمان، سابت ڕەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، ڕۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیّ پیّ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و ڕەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١( )دەزگای موکریانی

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، پاول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

٤٣- مندالە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٥٠- ئيليادە، هۆميرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١

٧٥- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

* لە راپەڕینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com